شانۆیی

# مردنی دێوەرەیەک



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ئارسەر میللەر

# شانۆیی

# مردنی دێوەرەیەک

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

د. ئازاد حەمە شەریف



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: شانۆیی مردنی دێوەرەیەک
نووسینی: ئارسەر میللەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٦٣
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٦٧٥ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

ئەم شانۆییە:

– خەڵاتی پۆلێتزەر[١]
– خەڵاتی کۆمەڵەی ڕەخنەگران
– خەڵاتی ئەنتوانیت بێری
– خەڵاتی یانەی شانۆگەری
– خەڵاتی یەکەم لاپەڕەی

پێ بەخشراوە

(١) پۆلیتزەر: جۆزێف پۆلیتزەر (١٨٤٧ – ١٩١١) کەسێکی ئەمریکی بە نەژاد مەجەڕی بوو. لە مەیدانی ڕۆژنامەگەریدا سەرکەوتنێکی باشی وەدەست هێنا و بوو بەخاوەنی ڕۆژنامەی خۆی. هەروەها بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕۆژنامە دڵگیرە هەست بزوێنەکان دادەنرێ. پێش مردن وەسیەتی کرد خەڵاتێکی سالانە بەوانە ببەخشرێ کە لە مەیدانی ڕاگەیاندن، مۆسیقا، یا ڕۆژنامەگەری و مێژوونووسین، بایۆگرافی نووسین، شیعر، شانۆیی یا ئەدەبی بەسەرهات لە ئەمریکا بەرهەمی داهێنەرانە بەرهەم دەهێنن.



## پێشەکی چاپی دووەم

ئارسەر میللەر و تراژیدیای کۆمەڵایەتی

١

### تراژیدیا چییە؟

تراژیدیا شێوە درامایەکی جەرگسۆزانەیە (جیدییە) کە پاڵەوانەکەی تێیدا تووشی زۆرانبازی دێت و ئازارێکی مەزن دەچێژێ و لەئاکامدا دەبەزێ و دەمرێت. پێناسەی کلاسیکی تراژیدیا بەپێی ڕوانینی ئەرستۆ لەکتێبەکەی (هونەری شیعر)دا ئەوەیە پاڵەوانێکی پایەبەرز تووشی گێژاوەیەک دەکات و چارەنووسی بەخراپ دەگێڕێت بەهۆی پنتێکی لاواز لەکەسایەتی پاڵەوانەکەدا (کە پێی دەگوترێ خەوشی تراژیدی)، دەنا پاڵەوانەکە لەهەموو ڕوویێکی ترەوە مرۆڤێکی چاک و خووبەرزە. هەروا بەپێی بۆچوونی ئەرستۆ دەبێ لەلای بینەر دوو جۆرە هەست لەیەک کاتدا بورووژێنێ کە (بەزەیی و ترس)ن. ئەم هەستانەش دەبێ بەشێوەیەکی ئاوا بن کە ببنە هۆی پاکژکردنەوەی هەستی بینەران.[١] لەتراژیدیای گریکیدا سێ بنەمای هەرە گرینگ هەن بۆ ئەوەی هەر شانۆگەرییەک ببێت بە تراژیدیا:

**یەکەمیان**: کەسێتی پاڵەوان:

هەر وەک لەسەرەوە دەستنیشانمان کرد دەبێت پاڵەوان کەسێکی

ڕەشۆکی و ئاسایی نەبێت، بەڵکو دەبێ، یان شا، یا بەگزادە، یان لە بنەماڵەیەکی دیار و بەناوبانگ بێت، دەنا ئەوە کاریگەری کارە تراژیدییەکە لەسەر بینەران بەتین نابێت، چونکە بینەران کە دەبینن ئەو پاڵەوانە مەزنە لەو ئاستە بەرزەیدا دەکەوێت، ئەوانیش هەست دەکەن کە لەو چارەنووسە بەدەر نین و لەگوینە هەمان شت بەسەر ئەوانیش بێت.

**دووەمیان**: ڕۆڵی چارەنووس:

مەبەست لەوەش ئەوەیە کە هێزێکی لەتوانابەدەری مرۆڤ هەیە کە لەلایەن خواکانەوە ئاراستە دەکرێت و بەرەو ماڵ وێران بردنی پاڵەوانەکە هەر ئەو هێزەشە پنتێکی لاواز لە کەسێتی پاڵەوانەکە دەدۆزێتەوە.

**سێیەمیان:** وروژاندنی هەردوو هەستی بەزەیی و ترس:

لە ئەنجامی کەسێتی پاڵەوان و ڕۆڵی چارەنووس ئەو دوو هەستە لە لای بینەران دروست دەبێت. بابزانین مەبەست لەو دوو هەستە چییە و چۆن سەر هەڵدەدەن؟ هەرکە بینەران دەبینن پاڵەوانی تراژیدی (کە زۆر لەخۆیان مەزنترە) لەو ئاستەوە بەرەوە دەکەوێتەوە خوارەوە، ئەوان هەست بە ترسێکی یەگجار گەورە دەکەن لەوەی کە ڕەنگە هەمان چارەنووسیش چاوەڕێی ئەوان بێت، بۆیە ئەوان دەکشێنەوە ناخی خۆیان تا ناخی خۆیان بپشکنن و چەوتیی هەڵەکانی خۆیان ڕاست بکەنەوە.

بەڵام هەستی دووەم کە بەزەیییە، لەو ئەنجامەوە پەیدا دەبێت کە بینەران هەست بەوە دەکەن کە ئەو پاڵەوانەی لەسەر شانۆ دەکەوێت،



کەسێکە وەکو ئەوان لەگۆشت و خوێن و بگرە مرۆڤێکی ئەوەندە چاکیشە کە هەرگیز شایەنی ئەو چارەنووسە نییە کە بەسەری دێت، هەر بۆیەش ئەوان لەناخەوە هەست بە بەزەیییەکی مرۆڤانە دەکەن بەرامبەر پاڵەوانە تراژیدیایەکە. جا کاتێک تەماشاکەران ئەو هەستانە دەردەبڕن ئەوان لەبازنەی خودی خۆیانەوە دەردەچن و تێکەڵ بەهەستە مرۆڤایەتییە مەزنەکە دەبن و هەر لە ئەنجامی دەربڕینی ئەو هەستانەوەیەشە پاکژبوونەوە catharsis – ڕوو دەدات.

ئێستا بابزانین تراژیدیای کۆمەڵایەتی (ئارسەر میللەر) بەچی لەتراژیدیای گریکی جیاوازە و پاشتر دێینە سەر شیکردنەوەی شانۆی (مردنی دێوەرەیەک) لەڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە لەژێر ناونیشانی (هەڵوەشانەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە مردنی دێوەرەیەک)دا. بە بەراوردکردنی ئەو تراژیدیا کۆمەڵایەتییەی میللەر لەگەڵ تراژیدیای گریکی هەست بەم جیاوازییانەی خوارەوە دەکەین.

**یەکەم: کەسێتی پاڵەوان لە (مردنی دێوەرەیەک)دا:**

پاڵەوانی مردنی دێوەرەیەک مرۆڤێکی چینی خوارەوەی کۆمەڵە و ئەو مەزنێتی و شکۆمەندییەی کە لە تراژیدیای گریکی دەبینینەوە لەلای میللەردا نییە، وەنەبێ میللەریش لە ختوخۆڕایی و بێ ئاگایی وای کردبێت: نەخێر، لەلای میللەر گرنگ نییە پاڵەوانی تراژیدی سەرۆک دەوڵەت بێت، یان کەسێکی لات، بەڵکو گرنگ رادەی چڕی ئەو ئازارە تراژیدییە چەندێک و چ جۆرێکە کە پاڵەوانەکە دەیچێژێت.

**دووەم: زۆرانبازی چینایەتی:**

ئەگەر لەتراژیدیای گریکیدا تراژیدییەکە لە ئاسمانەوە هاتبێتە

خوارەوە، یان بابڵێین خواوەندەکان چارەنووسی پاڵەوانەکان دەستنیشان بکەن، ئەوا (لەمردنی دێوەرەیەک)ی میللەردا ئەو چارەنووسە و ئەو کۆستە گەورەیەی بەسەر پاڵەوانەکە دێت لەئەنجامی چەوساندنەوەی (ویلی لۆمان) لەلایەن(هاوارد واگنەر)ی خاوەن کۆمپانیا دێت کە نوێنەری ڕژێمی سەرمایەدارییە.

**سێیەم: ورووژاندنی هەستی بەزەیی و ڕق:**

لە تراژیدیای گریکیدا بینەران لە ئەنجامی ئەو کۆستەی لە پاڵەوانەکە دەکەوێت و لە ئەنجامی ڕۆڵی چارەنووس (Fate) کە خواوەندەکان دەیگێڕن، دوو سۆزی ترس و بەزەیی دەبنە هۆی پاکژ بوونەوە. کەچی لەلای ئارسەر میللەر وانییە، چونکە لەلای میللەر ئەو هەستە مەندە (Static) دروست نابێت کە لەکۆتایی تراژیدیای گریکی دروست دەبێت، بەڵکو هەستێکی بزۆک (Kinetic) پەیدا دەبێت کە بریتییە لەهەستی بەزەیی و ڕق، بەزەیی هاتنەوە بەخێزانی (ویلی لۆمان) و هەپڕوون بەهەپڕوونکردنی خێزانەکەی کە نموونەی خێزانی مرۆڤی چەوساوەیە لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا.

لەو شانۆیەی میللەردا بەتەنیا پەنجە ناخرێتە سەر ئەوەی کە پێویستە سروشت و ڕەفتاری خۆمان بگۆڕین (وەک لەتراژیدیایی گریکیدا ئەو مەسەلە ڕەوشتییە دەردەخرێت و ئەگەر وا نەکەیت خواوەندەکان بەربەڵات دەکەن). لە شانۆی میللەردا پەنجە خراوەتە سەر شتێکی گرنگتر کە دروستکردنی هۆشیارییە لەلای جەماوەر، ئەویش ڕەخنەگرتن لەو ڕژێمە و باوەڕنەکردن بە بەها مرۆڤڕەتێنەکانی و پێویستی گۆڕینی ئەو چەشنە ڕژێمە بە ڕژێمێکی لەبارتر و مرۆڤانەتر.



## ٢

## هەڵوەشانەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە (مردنی دێوەرەیەک)دا

شانۆیی مردنی دێوەرەیەک (١٩٤٩) بە کەش و بای زۆرانبازی دەست پێ دەکات، ئەو زۆرانبازییەش لەنێوان خانووە گچکە پەرپووتەکەی ویلی لۆمانە لەگەڵ بوورجی نووک تیژی ئەو ساختمانانەی کە چواردەوریان گرتووە. ئەم دیمەنە دۆخێکی پڕ ڕق و دوژمنکاری دەردەبڕی، چونکە ئەو ساختمانە زەبەلاحانە هێمای ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەن کە هەڕەشە لەژیان و مانی خێزانی ویلی دەکەن و پاڵیان پێوەدەنێن بۆ ناو گێژاوی کێشەکان:

> خانووی دێوەرەکە، کە هەر چواردەوری بە خانووی بورجینی سووچدار دراوە، دیارە. تەنها ڕەنگی شینی ئاسمانی بەسەر خانووەکە و پێشەوەی شانۆکەدا پەخش دەبێتەوە. کەچی ڕەنگێکی نارنجی گەشی تووڕە لە دەوروبەری خانووەکە بەدی دەکرێت. هەرکە شانۆکە نەختێک ڕۆشنتر دەبێتەوە، ترۆپکی ئاپارتمانەکانی دەوروبەری خانووە بچکۆلە داڕزاوەکە دەردەکەوێ.

(پەردەی یەکەم، ل١)[٢]

ئەم چەشنە چوارچێوە درامییە دەوری وریاکردنەوەی پێشوەخت دەبینێت، چونکە پێش وەختی بەبینەران رادەگەیەنێت کە خەون و ئاواتی خێزانی لۆمان: ئەو خەونانەی لەئەنجامی تێگەیشتنێکی ناتەواوی واقیعەکەیان هەڵدەقوڵێ، ئەو خەونانەی کە بەرهەمی کۆمەڵگەکەیانە و رژێمی وڵاتەکەیان پروپاگەندەی بۆ دەکات تا ڕێ بە

هەژاران بزر بکات – تا ئەو کاتەی خەونەکانیان لە ناومالّی خۆیانن بێ کەم وکوڕی و تەواون، چونکە دونیای دەرەوە دونیایەکی دوژمنکارانە و دلّڕەقە. هەر بۆیەش، هەر لە سەرەتاوە، بینەران هەست بەوە دەکەن کە وا چارەنووسی ئەو خانووە نووسراوە بڕووخێ و ئەو خێزانەش هەپڕوون بەهەپڕوون دەبێت.

هەر لە ئەنجامی ئەو کێشەیەش کە هەموو کێشەکانی دی ناو خێزانی لۆمان سەر هەلّدەدات. هەر بۆیەش خەون و خۆهەلّکێشان و درۆ بریتین لە پڕکردنەوەیەکی زۆر ئاسایی بۆ ئەو شتانەی کە نییانە و ناشتوانن بەدەستی بێنن. وێڕای ئەوەش، وەکو مرۆڤێکی بەزیو، ئەوان هەولّدەدەن بەسەر بێ ئارامی و نائومێدییان زالّ ببن لەڕێگای دزی و مێبازی و زەبرو زەنگەوە.

ویلی لۆمان–ی پالّەوانی سەرەکی (مردنی دێوەرەیەک)، مرۆڤێکی پەککەوتەیە، بەهۆی بەزین و بێ مانایی ژیانەوە پەشۆکاوە، پاش پتر لە (٣٤) سالّی گەشت و دێوەرەیی، ئەوەی بۆ روون دەبێتەوە بەزیوەو ژیانیشی بێ هوودەیە. ئەو بێ هوودەییەیەش داویشترێتە ناو ژیانی ویلی پاش ئەوەی هەموو هێزێک و توانایەکی لێ چک دەکرێت، بە دلّڕەقی ڕەفتاری لەگەلّ دەکرێ و سەرۆکەکەی فڕێی دەدا و بەلای دەنێت هەرکە هاوارد واگنەر مووچەکەی لێ دەبڕێت و تەنیا کرێبارەکەی دەداتێ. گیروگرفتی ئیش شان بەشانی گیروگرفتی خێزان بەردەوام بەمێشکی ویلی دا دەخولێتەوە، هەر چەندەش ئەو گیروگرفتەش لە یەکەمەکەیانەوە پەیدا دەبێت، تا لەئەنجامدا تووشی دەمارگرژی و نامۆیی و شیزۆفرینیای دەکات. کاتێک خەیالّی سەرکەوتن و هەبوونی لە کەللەی ویلی دەدات لەو کۆمەلّگا پڕ



پێشبڕکێیەدا، ئەو دەبینێ کە بەزیوو و بێ بایەخ و تەنیایە. ئەو گێژەنە پالّ بە ویلی دەنێت درۆ بکات دەربارەی ئیشەکەی و خەونی پێوە ببینێ. بەهەرحالّ، ساتی واش هەیە کە ئەو ڕاستی و دروستی خەونەکانی دەخاتە بەر ئەزموون، لەئەنجامدا بەدەردەکەوێت کە ئەوان بێ سوودن، بەلّام هەمیشە دوای ئەو ساتانە ساتی پڕ هوڕێنە و گێژاوەی بەدوادا دێت.

گەڕان و سووڕانی ویلی بەدوای هێز و دەسەلّاتدا بریتییە لەگەڕان بەدوای پەنایەک کە لەم لاوازی و بێ بایەخییەی بیپارێزێت، چونکە ویلی تووشی نەخۆشی مێشک هاتووە، پێویستییەکی توندوتیژ لەوەدا دەبینێت کە کار لە خەلّکی دی بکات بەوەی لەبەر دلّان بێ و ڕێزی بگیرێت. جا ناوە ناوە کەلّکەلّەی وا دەکەوێتە مێشکیەوە کە کار لەخەلّکی دی بکات بەقسە فشۆلّ و پڕ نوکتەکانی. وێڕای ئەوە ئەو دلّی خۆی بەدروشمە بازرگانییەکان دەداتەوە وەک: «ئەگەر هاتوو بەشتی مەزن دەستتان پێ کرد سەرەنجام بەمەزنی کۆتایی دێ»، «کەسایەتی هەمیشە ڕۆژگار دەباتەوە.» [پەردەی یەکەم ل٤٦] یان سەپاندنی هەستی کۆن وەکو «پیاوێک داوای یانزە هەزار دۆلار بکات نالّێ ئەهێ...» [ پەردەی یەکەم ل٤٦] یان «بەسەر دونیادا زالّ ببن و بەسەر پەیژەکانی دا سەرکەون...! هەردووکتان پێکەوە دەتوانن بەسەر هەموو پەیژەکانی دنیای شارستانیدا سەرکەون.» [پەردەی یەکەم ل٤٥] هەر چۆنێک بێ، ئەو ڕژێمە پڕوپاگەندەی بیرۆکەی لەوە ترسناکتریش دەکات، تا بێ گوناهان بخاتە تەلّەوە بەهۆی خولّقاندنی وێنەیەکی بۆش و درۆزن.[٣] لەنێوان ئەو بیرۆکانەوە مرۆڤ دەتوانێت بە ڕاشکاوی پەنجە بۆ بەلّێنی سەرکەوتن لەدنیای کاروبار و خێر و بێری

زۆری و بە ئامانج گەیشتن رابکێشێت، کە ئەمانەش بەناوی خەونی ئەمەریکییەوە ناسراون.(٤) ئەو خەونە بەڵێن بەوە دەدات «کە ئەگەر تۆ بەچاکی ئیشت کرد، پارەی خۆت پاشەکەوت کرد، کەپووی خۆت بەپاکی ڕاگرت، سەرەنجام هەبووە دەبێت.»(٥) ویلی لۆمان لەسەر بناغەی ئەم خەونە، هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ ئەوەی ئەم بەڵێنە بەدەست بهێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی و کوڕەکانی بە بەزیوی دەبینرێن. بە دڵنیایی ئەو ڕاستییە جارێ کەوتنی یەکجارەکی ئەو خەونە دەدات.

(ویلی لۆمان)ی یەکلابین هەمیشە لە ئاوزینگدایە، چونکە هەست بەوە دەکات کە لەشوێنێکی ساختەدا دەژیت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو توانا بیرییەی نییە تا دۆخی خۆی بەماقووڵی دەرببڕێت، ترسی بەزین بەردەوام سەری لەدوای ناوە. بەهۆی نەبوونی توانای تێگەیشتن لە نهێنی سەرکەوتن، ئەو هەمیشە خۆی لە باوەشی شپرزەیی و پەشۆکان دەدۆزییەوە. ئا بەم چەشنە، ئەو حاڵەتەی مێشکی خاو دەکاتەوە و پتر و پتریش پاڵی پێوەدەنێت بکەوێتە ناو دەریای چالاکی پێشبڕکێکاری. هەروا هەرکە ئەو حسێبی زیان و قازانجی خۆی لەو مەیدانەدا دەکات، هەردەم وەکو دۆڕاوێک بەنائومێدی خۆی دەبینێتەوە. جا هەر لەدژی ئەو هەست بەبێ هێزی کردنەیەتی، خەونەکانی دەخوڵقێنن و دەرسکێن بۆ پڕکردنەوەی ئەو شتانەی ئەو دەستی پێیان ناگات. هەر لەبەرئەوەشە، لەو ساتانەی کە هەست بەو نیگەرانییە دەکات، مێشکی دەکەوێتە دەرهاوێشتنی سێ ئایدیاڵ (مثل علیا) – باوکی و (بێن)ی کاکی و دێڤ سینگلمان، کە ئەو سێیە لەلای ویلی وەکو کۆتەڵی سەرکەوتن دەوەستن و دڵی ویلی دەدەنەوە لەڕووی



هەست بەبەزین کردن.

ئەو شتە بەرەواژییەی لێرە بەرچاو دەکەوێت ئەوەیە کە ئەو ئایدیالانەی مێشکی ویلییان خەواندووە سەر بەکاتی ڕابردوون، یا لەمەڕ کاتێکی وان کە گەڕانەوەی بۆ نییە، ئەو کاتەی هێشتا ماوەی سەرکەوتن بۆ کەسێکی وەک ئەو مابوو. کەچی ئێستا بارودۆخ گۆڕاوە لەڕابردوویەکی کشتوکاڵییەوە، یا نیمچە بازرگانییەوە بۆ سەردەمێکی وا کە ئامێرکاری و ماکیناندن هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە و چەوساندنەوە گەیشتۆتە چڵەپۆپە، راکە راکەی جورج ئاسای ویلی بۆ سەرکەوتن دەبێتە شتێکی دۆنکیخۆتانە.

لە «پێشەکی» کۆمەڵە شانۆگەرییەکانیدا، میللەر پەنجەی بۆ ئەو ڕاستییە ڕاکێشاوە کە مێشکی ویلی بریتییە لە «کۆمەڵێک شتی دژ بەیەکتری...»(٧) یەکەم دژ لەمانە لەنێوان سەربەستی چێژ وەرگرتن لەکامی دیمەنی دەشتەکی و ژیانی پڕ پێشبڕکێی شارەکانە، دووەمیان لەنێوان ئەو ڕێگایەیە کە کوڕەکانی فێر دەکات چۆن رەفتار بکەن، ڕاستگۆو ئیشکەرو جەرگسۆز بن، لەکاتێکدا هەر تاوێک پاشتر خۆی بەرپەرچی خۆی دەداتەوە بەوەی هانیان دەدات دزی لە خەڵکی بکەن، سێیەمیان لەنێوان ئەوەیە، چی بەکوڕەکانی دەڵێ و چۆن خۆی ڕەفتار دەکات، چوارەمیشیان لەنێوان ئەو ئایدیالانەیە کە ئەو پڕ بەدڵ بڕوای پێیان هەیە. بەدڵنیایی مێشکی ویلی بەرهەمی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە ئەو تیایدا گەورە بووە. کەواتە، ئەو هەموو دژایەتییانە لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا هەن. کارن هۆرنیی، دەروونناسێکی ئەمەریکییە ئەو دژایەتییانە لە سێ جۆری سەرەکیدا کۆ دەکاتەوە: لەنێوان سەرکەوتن لە سەرێکەوە و خۆشەویستی برایانە لە سەرێکی ترەوە، لەنێوان

ورووژاندن و هاندان بۆ بەدەستهێنانی پێویستییەکانی مرۆڤ و ڕێ لێگرتنی تەواوەتی، هەروەها لەنێوان سەربەستییەکی درۆیاوی تاکەکەس و پەلبەست کردنی لە ڕاستیدا.[٨] بۆ ئەوەی کاریگەری ئەو دژایەتییانە لەسەر مێشکی ویلیدا دیار بکەین، لێکۆڵینەوە لە ئایدیاڵەکانی ویلی ئەوە بەڕوونی ئەوە ئاشکرا دەکەن. ویلی بەباوکی خۆیەوە دڵبەندە، ئەو پیاوەی کە شمشاڵ دروستکەرێکی گەڕۆک بوو و عەشقێکی مەزنی جەربەزەیی و سەوداسەری لەکەللەی دابوو، کە ویلی خۆشی ئاواتیان بۆ دەخوازێت:

**بێن:** باوکمان پیاوێکی مەزن و بەجەرگ و کۆڵنەدەر بوو. لە (بۆستن)وە دەستی پێ دەکرد و هەموو خێزانەکەی لەنێو عارەبانەیەک دەپەستا و پاشان سەرتاپای وڵات دەگەڕا: بەنێو (ئۆهایۆ) و (ئیندیانا) و (مەشیگان) و (ئیلانۆی) و بەهەموو ناوچەکانی ڕۆژئاوایدا دەبردین. لەهەموو گوند و شارێک دەوەستا و ئەو شمشاڵانەی دەفرۆشت کە لەڕێگا دروستی دەکردن. باوکم داهێنەرێکی کارامە بوو. بەهۆی تاقە ئامێرێکەوە لەهەفتەیەکدا زیاتر لەوەی بەدەست دەهێنا کە پیاوێکی وەک تۆ بەدرێژایی ژیانی بەدەستی دەهێنێ.

**ویلی:** ئا منیش هەر بەم شێوەیە پەروەردەیان دەکەم، بین... مناڵەکانم لای هەموو کەس خۆشەویست و لەبەردڵانن.

[پەردەی یەکەم، ل ٣٢–٣٣]

بەوشەیەک، باوکی ویلی ئایدیاڵی سەدەی نۆزدەمە کە بایەخ بەرۆحی جەربەزەیی دەدات، ئەو ڕۆحەی کە لەگەڵ هاتنی تەکنەلۆژیا ئاوابوو.

دووەم ئایدیاڵی ویلی، دێڤ سینگڵمانە، کە پیرە دێوەرەیەکی (٨٤)



ساڵییە. ئەو پیاوە سەرکەوتن بەهۆی مەزنی کەسێتییەوە لەگەڵ ڕۆحە چاکە دۆستپەروەرانەکەی بەدەست دێنێ. ئا بەم چەشنە سینگڵمان توانی ببێتە کەسێکی ئەفسانەیی مەزن بە هۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ناسینی خەڵکی کە ئەو دووە لەناو بیردۆزەکانی دێل کارنیجیدا[٩] بەرجەستە کراوە.

**ویلی:**... لەسەر ڕۆیشتن بووم کە (دێڤ سینگڵمان)ی دێوەرەم لە (پارک هاوس)دا دی. ناوبانگی ئەو پیاوە لەتەمەنی هەشتا و چوار ساڵیدا لە سی و یەک ناوچەدا دەنگی دابۆوە. قەت ئەوە لەبیرناکەم کە پیرە (دێڤ) دەچووە ژوورەکەی و کەوشە قەدیفەکانی لەپێ دەکرد. (تەلەفۆنەکەی) هەڵدەگرت و قسەی لەگەڵ کڕیاراندا دەکرد. پیرە (دێڤ)، لەتەمەنی هەشتا و چوار ساڵیدا، بەبێ ئەوەی ژوورەکەی خۆی جێ بێڵێ، بژێوی خۆی بەدەست دەهێنا. هەر کە ئەو پیاوەم بینی هەستم کرد کە دێوەرەیی مەزنترین پیشەیە مرۆڤ بتوانێ وەدەستی بهێنێ، چونکە چ شتێک لەوە شادبەخشترە مرۆڤ لە تەمەنی هەشتاو چوار ساڵیدا بچێتە بیست- سی شاری جیاواز و تەنها تەلەفۆن هەڵگرێ و هێشتاش هەر لەلای خەڵکی خۆشەویست بێ و ورد و درشت یارمەتی بدەن؟ خۆ ئەوەش دەزانی کاتێ ویستی لە شاری پڕ دووکەڵی -نیویۆرک و نیوهاڤن و هارتفۆرد-ەوە بچێتە بۆستن، مرد... بەڕێکەوت مردنەکەشی دێوەرانە بوو، چونکە هێشتا کەوشە قەدیفەکانی لەپێدا بوو. کاتێ مرد سەدان کڕیار و فرۆشیار لەسەر تەرمەکەی ئامادەبوون. بگرە

تەنانەت چەند مانگێکیش پاش ئەم کارەساتە دڵتەزێنە
هەموویان دڵتەنگ و خەفەتبار بوون....

[پەردەی دووەم، ل ٥٨، ٥٩]

دوا ئایدیاڵی ویلی –بێن–ی برایەتی کە بەرزەمنی خۆیەتی (الانا العلیا) کە ڕۆحی پێشڕەوایەتی ئایدیاڵی ئەمەریکی دەنوێنێ. ئەو گەشتێکی بەرەو ئالاسکا کردبوو، بەڵام چونکە ئەوسا ڕوانینێکی هەڵەی بۆ جوگرافیا هەبوو، پاش چەند ڕۆژێک ئەوەی بۆ ڕوون بۆوە کە بەرەو ڕۆژئاوا دەچێت، تا بەو چەشنە خۆی لەناو جەنگەڵەکانی ئەفریقیا دەدۆزێتەوە. ئەگەر بەزمانی هێما بدوێین، ئەو گەشتە بریتی بوو لەدۆزینەوەی واقیعی ئەمەریکا لە لایەن (بێن)ەوە، چونکە ئەو بەهۆی ئەزموونەکانیەوە لەوە گەیشت کە ئەو وڵاتەی کە تیایدا دەژیت وڵاتی خەون و ئاوات نییە، بەڵکو وڵاتی «زۆرانبازییە لەپێناو مانەوەدا.» ئەوە چووە ناو «جەنگەڵ» و لەوە گەیشت کە سەرکەوتن لە وڵاتە جەنگەڵستانەکەی دا تەنیا لەسەر هێز و تاکپەرستی و فڕوفێڵ دەوەستێت. جا ویلی داوای ڕێ نیشاندان دەکات لەو «مرۆڤە سەرکەوتووە» کە پێی چۆنە کوڕەکانی لەسەر هەمان ڕێ پەروەردە بکات. ئینجا بێن وانەیەکی گرینگ دەداتە بێف:

**بێن:** «بەهێواشی شەپ لەئەژنۆی بیف دەدات» کاتێ لەگەڵ بێگانەیەکدا زۆرانێ دەکەیت، هەرگیز دادوەر مەبە، دەنا بەم شێوەیە هەرگیز لەجەنگەڵ دەرباز نابی....

[پەردەی یەکەم، ل ٣٢]

ئەو سێ ئایدیاڵە دژ بەیەکانە لەلای ویلی خەونی سەرکەوتن و بە



ئامانج گەیشتن پێک دێن کە دەتوانرێت ناوی «خەونی ئەمەریکی» لێ بنرێ. لە ئەنجامدا بەزینی ویلی وەکو دێوەرەیەک لە ئەنجامی داڕمانی ئەو خەونانەوە دێت لەسەردەمێکی پڕ گۆڕانکاریدا.(١٠)

سەرەنجام بەبیرهاتنەوەی ڕابردوو و ئێستا لەلای ویلی دەبێتە چاوگی خەم و ئازار، چونکە لەڕابردوودا هەموو شتێک خۆشی بەخش بوو – خێزانی بەختەوەر و کوڕی (ئەدۆنیس) ئاسای هەبوو پارەیەکی چاکیشی لەئیشەکەی پێ دەبرا. هەر لەبەرئەمەشە ناو لەڕابردوو دەنێت «کاتە مەزنەکان» [پەردەی دووەم، ل ٩٧]. کەچی ئێستاکە هەموو شتێک گۆڕاوە باری ئابووری و ڕەوشی خێزانەکەی لە ئاوابووندایە. ئەو خۆی بەلاوازی و بەپەلوپۆ شکاوی دەبینێتەوە لە بەرامبەر ئەو هێزانەی ژیانی بەڕێوە دەبەن، وێڕای ئەوەش کوڕەکانیشی وەکو خۆی بەزیون. یەکێکیان «خوێڕییەکی بێ کەڵک و هیچ و پووچە» [ل ٤٠] و ئەوی تریان «هەر وەک منداڵ وایە» [ل ١١]

گۆڕانێکی دی کە لەکاتی ئێستادا ڕوودەدات ئەوەیە کە پەیوەندییەکان تێک شکاون بەهۆی ڕۆحی ماددەپەرستانەی خەڵک و مرۆڤ ناچارە خۆی وەک بێگانەیەک لەناو کومەڵگاکەیدا دەبینێتەوە. هاوڕێ چی دی ناتناسن و ئیشە چاکەکانت هەڵناسەنگێنن، کەچی بەدوای دۆزینەوەی خراپەدا دەگەڕێن. لەو قسەی دادێ... میللەر تێبینییەکی چاکی ئەو گرفتە دەکات.

بە قسەیەک دەڵێم ئەو ڕۆحە نەماوە. لەگوینە هەردوو جەنگی جیهانی لەگەڵ دڕندایەتی بێ ئەندازەدا، ئەوەی لەسەر زەوی سڕیبێتەوە، لەگوینەش پرۆسەی تەکنۆلۆژیا ئەوەی لەڕۆحی مرۆڤدا چک کردبێت، بەڵام ئەوەی دیارە ئەم ڕۆحە نەماوە.

زۆر مرۆڤ بەدەگمەن بەیەکتری بەستراونەتەوە، جگە لەوەی کە کڕیار و فرۆشیار، یان کرێکار و خاوەن کار، یان دارا لەگەڵ نەبوون و بەپێچەوانەوەشەوە بەکورتی، وەکو هۆکارێکن کە بە شێوەیەک بەکاردەهێنرێن، نەک وەکو مرۆڤێکی وا کە لە بنەڕەتدا بایەخی هەبێ.[١١]

ئەو دیاردەیەی نامۆبوونی مرۆڤ[١٢] و دابڕانی لە هاوڕێی مرۆڤ خۆی و تێکشکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی تەواوکەری ئەو شانۆییە پێک دێنن، چونکە میللەر بناغەی شانۆییەکەی لەسەر ئەو وێنانە هەڵناوە:

> وێنەی پیرو کەنەفتە بوون و نەمانی زۆربەی هاوڕێکانت و دانیشتنی بێگانە لەسەر تەختی دەسەڵاتداری، کە نەدەتناسی و نە سەرکەوتن و نە بەهای ڕاستەقینەت دەزانێ.... وێنەی خۆنەناسکردنی خەڵک لەیەکتری کە تەنها یەکتری هەڵدەسەنگێنن.... هەروا هەمیشە لەمیانی وێنەی مرۆڤێکی تایبەتییەوە لەدونیای پڕ لەبێگانەدا، دونیایەک دەبینین کە نە ماڵە و نە مەیدانی جەنگە بەڕوونی، بەڵام تەنیا کۆمەڵێک ئەستێرەی ئاواتی مەزنە لەسەرووی ترسی بەربوونەوەدایە.[١٣]

ئەوەی ڕاستی بێت، هەر لەدژی ئەو بارەی نەبوونی تێگەیشتنی مرۆڤانە و گوێ بەیەک نەدانە کە ویلی بەڕووی هاوارردا هاوار دەکات کە چەوساندوویەتیەوە ئینجا فڕێی داوەتە لایەک:

**ویلی:** ئەوسا لەڕابردوودا کەسایەتی دەوری دەگێڕا، کەسایەتی پیشەی دێوەرەییش ڕێز و هاوڕێیەتی و چاو و ڕوو خۆشی



تێدا بوو، بەڵام ئەمڕۆکە هەموو ئەوانە لەناوچوون، فەوتان! هیچ هەلێک نەماوە بۆ ڕەخساندنی هاوڕێیەتی و کەسایەتی. خۆ دەزانی چ دەڵێم؟ ئەمڕۆ تەنانەت هەر کەس ناشم ناسێتەوە.

[پەردەی یەکەم، ل٥٩]

گۆڕانێکی دیکەی گرنگ کە لە ئێستادا ڕووی داوە ئەوەیە کە هیچ گوێ بەباری تەندروستی و سایکۆلۆژی مرۆڤ نادرێت، چونکە هەموو ئەوەی کە سەرمایەدارەکان گوێی پێ دەدەن بریتییە لە کەڵەکەکردنی سەرمایە نەک گوێدان بە ئازار و پێویستییەکانی مرۆڤ.[١٤] هەموو بستە زەوییەک لەو شوێنەی ویلی دەژیت داگیر کراوە: «کەرپووچ لەسەر پەنجەرە و پەنجەرە لەسەر کەرپووچ» [ل ٦] جا هەر لەوێ، تەنانەت دیمەنە سروشتییەکانیش کاول کراون لەپێناوی سەرکەوتنی ماددیدا.

**ویلی:** شەقامەکان بە ئۆتۆمبێل ئاخنراون و تەنانەت تۆزقاڵێک هەوای خاوێن لەو دەوروبەرە نییە. لەوەوپاش چیتر گژوگیا ناڕوێ. هەروا ناشتوانی گێزەر لە باغچەدا بچێنن. پێویست وابوو یاسایەک دژ بە ئاپارتمان دروستکردن هەبووایە.

[پەردەی یەکەم، ل ٦]

ئەو بارو دۆخەی کۆمەڵگاکەی ویلی هەمیشە کابووسێکە و مێشکە شەپڵەدارەکەی ئازار دەدات. ڕۆناڵد هێیمان وا دەنووسێ: «هەر لەسەرەتاوە ترسانی ویلی لە جێگاکانی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ هۆکانی ماکیناندن و بەشاری کردن (تحضر). شێتیی ویلی-یش دەگەڕێتەوە

بۆ ئاوات خوازتن بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمە چاکترەکانی ڕابردوو.»[١٥]

ویلی پتر پێ لەسەر رەخنەگرتن لەو بارە نامرۆڤانەی کۆمەڵگاکەی دادەگرێت:

**ویلی:** زۆربوونی خەڵک ئەم وڵاتە وێران دەکات...! ژمارەی دانیشتوان لەڕادە دەرچووە، کێبڕکێ خەڵکی شێت دەکات! بۆن بۆگەنی نێو ئاپارتمانەکان مرۆڤ وڕ دەکات.

[پەردەی یەکەم، ل ٦–٧]

وێنە هەرە زاڵەکانی ناو (مردنی دێوەرەیەک) وێنەی (دارستان) یان (جەنگەڵ)ە، کە زۆر جار لەلای بین و ویلی بەکارهێنراوە. ئەو وێنەیە بۆ دەربڕینی یاسای جەنگەڵ بەکارهێنراوە کە «ململانێ لەپێناوی مانەوە» دایە. لەنێوان ئەو شێوە جیاوازانەی کە ئەو وێنەیە خۆی تێدا دەنوێنێ بریتییە لەو زۆرانبازییەی لەنێوان کۆشکە هەوربڕەکان و ماڵی ویلی دایە. (پەردەی یەکەم، ل١)

ئەوەی ویلی لێی تێناگات بریتییە لە ڕووکار (مظهر) و ڕاستی. هەربۆیەش ئەو باوەڕ بەو بیرۆکانە دەکات کە ڕژێم پڕوپاگەندەی بۆ کردووە بۆ لەخشتەبردنی هەژاران. بەڵام ویلی «بەتەواوی لەڕاست ئەمە بەئاگا نییە»[١٦] و مێشکی هەر بە ڕابردووی مەزنەوە خەریکە و ڕووکاری ئەو بەهایانەی ئەو هەڵیانی گرتووە مێشکیان سڕ کردووە. ئەمەش سەبارەت بەو بازدانە لەنکاوەیە کە درا بۆ چاککردنی تەکنیکەکانی بەرهەمهێنان و ئەو جیاوازییە دیارەی هەیەتی لەگەڵ گوێنەدان بەباری مرۆڤ. ئەم چەشنە گۆڕانە، سەرەنجام، ئەو دیاردەیە دەڕسکێنێ کە لە سۆسیۆلۆجیا بە «بەجێمانی شارستانییانە» ناسراوە. ئێرێک فرۆم، (وەکو دەروونناسێک) لەبارەی هۆیەکانی ئەم



دیاردەیە دەنووسێ:

ئەگەر دۆخە دەرەکییەکان بەشێوەیەکی وا بگۆڕێن کە چیتر لەگەڵ کەسێتی کۆمەڵایەتی پێشوو نەگونجێن، ئەوا (بەجێمانێک) ڕوو دەدات، کە زۆرجار ڕۆڵی کەسێک دەگۆڕێت بۆ ئەوەی ببێتە توخمێکی هەڵوەشێنەر نەک سەقامگیر، ببێتە دینامێت نەک توێژێکی کۆمەڵایەتی، کە جاران وابوو.[١٧]

هەموو ئەو گۆڕانانەی باسمان لێوەکردن، جەستە و دەروونی ویلی لەناو مەنجەڵە گەورەکەی خۆیدا پڕووکاند. ئەو گۆڕانانە هەمیشە مێشکی داگیر دەکەن و هەرگیز لێی ناگەڕێن گەشە بکات. جا بەم چەشنە ئەو خۆی بەنامۆیی و بێ کەسایەتی دەبینێتەوە، چونکە لە کۆمەڵگایەکی ئاوا پڕ پیشەسازی قورسدا، ژیان بێ تام و ئاڵۆز دەبێ و پەیوەندی مرۆڤیش ئەوەندە وردو لێک هەڵوەشاوە دەبێت تا ڕادەیەک کە مرۆڤەکان دەبنە «نمرە کە نەقورسی و نەکەسێتییان دەبێ جگە لەوەی کە کڕیار، یان سەرباز یان ماشین گێڕن...»[١٨]

کۆمەڵگای (مردنی دێوەرەیەک) هەر هەمووی دەردەدار بووە، چونکە دزی و سۆزایەتییەت و چەوساندنەوە بریتین لە ئەدگارە هەرە زاڵەکانی. هەر ئەوەشە وا لەمرۆڤی هەستیار دەکات ببێتە پشت تێکراو و وای لێ دەکات هەمیشە لەناو چەنگی بێزاری و نامۆییدا بێت. هەر ئەم واقیعە بۆگەنەشە وا لە بیف دەکات وەکو کریسی پاڵەوانی شانۆیی (هەموو کوڕم بوون) هەست بکات کە کەسێکی نامۆیە لە کۆمەڵگاکەی. هەر بۆیەشە ئەو ڕەخنەیەکی زۆر توند و تیژ ئاڕاستەی ئەو بارە نامرۆڤانەیە دەکات:

**بیف:** باشە... دوای جێهێشتنی ئامادەیی ئەوا شەش- حەوت ساڵێکم بەسەربرد تەنها بۆ ئەوەی بتوانم خۆم پێ بگەیەنم. چەندین پیشەی جیاجیام تاقی کردەوە، هەر لەنووسەری بارکردنی پاپۆڕەوە بگرە تا دێوەرەیی و چەندین پیشەی تریش. ئاخۆ چۆن ژیانی ئاوا بێ سـوود نەبێ، وەرە بەدرێژایی ڕۆژ لە قرچەی گەرمای هاویندا لەژێرزەمین کاربکەی ! یا هەموو ژیانت بە قۆمەتکردنی کەلوپەل، یان کوورک بوون لەسەر تەلەفۆن یا مامەڵەکاری بفەوتێنێ! ئازاری پەنجا هەفتە بکێشیت تەنها بۆ ئەوەی دوو هەفتە پشووت بدرێتێ، لە کاتێکدا کە بەحەزرەتی ئەوەوەم کراسەکەم داکەنم و لەو دەشتە بەرهەڵدایە بژیم و کەس نەبێ فەرمانم پێ بکات. لە پاڵ ئەم دەردەسەرییەشدا، وەرە بەتەمای ئەوە بیت دوارۆژێک بۆ خۆت دابین بکەی؟

[پەردەی یەکەم، ل ١٠]

بیف کەم حەز بەسەرکەوتنی ماددی دەکات. ئەو مرۆڤێکی دوورەپەرێزە لەناو دونیای ئیش و کار و بێزی لەو راکە راکە جورج ئاسایەی خەڵکە شێتەکەی کۆمەڵگاکەیەتی، کە باوکی دەیپەرستێ. لەجیاتی ئەوە، ئەو مرۆڤێکی ئایدیاڵیستە و جوانی سروشت دەپەرستێ. ئەو لەلای میللەردا «سیستەمی خۆشەویستی دەنوێنێ کە دژی یاسای سەرکەوتنە»[١٩] بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵە پێویستە بۆ ئەو بۆنەیە شتێک لە شێللی بخوازینەوە: «خۆشەویستی لەژێر باری کۆت و زنجیران دەژاکێ، چونکە نەژادی خۆشەویستی سەربەستییە.»[٢٠]

خۆشەویستی بەو مانا هەرە فراوانەی کە هەیەتی، مانای



خۆشەویستی گشتی و مرۆڤایەتییە کە دوژمنی ئەو رۆحە دڕندانەو دوژمنانەی پێشبڕکێکاری ڕژێمی سەرمایەدارییە. دوای ئەوەی بیف لەوە دەگات کە هەموو بەهاکانی باوکی «ساختە» و «درۆن» هەرکە ئەو بەهایانە لەگەڵ ڕاستی ئەو کۆمەڵەی ئەو تیایدا دەژی بەرامبەر یەک ڕادەگرێت، سەرەنجام بیف ئامۆژگارییەکانی باوکی دەربارەی سەرکەوتن لەئیش و کار و دێوەرەییدا ڕەت دەکاتەوە. هەرچەندیش ئەو پشت دەکاتە ژیانی شار لەپێناوی هی گوند، کەچی هێشتا نیگەران و بێ ئارامە، چونکە هەست بەوە دەکات ئەو لەو ڕێیەوە ژیانی خۆی بەفیڕۆ دەدات:

**بیف:** (تووڕەییەکەی لەزێدەبوونە): هاپ، پێش جەنگ، هەر کە ماڵم جێ هێشت، نزیکەی بیست تا سیی پیشەی هەمەچەشنم بەسەر کردووە، کەچی سەرەنجام هەموان هەر وەک یەکتری بوون و هەمان شتیشم لەکۆتایی هەر یەکێکیاندا هەست پێ دەکرد تا.... بەرەو ماڵ بگەڕێمەوە. ئەو کێڵگەیەی کە تێیدا کار دەکەم، ئێستا لەوێ بەهارە، بڕوانە؟ یازدە جوانووی لێیە. هیچ دیمەنێک لەوە جوانتر نییە کە ماینێک ببینی و جوانوویەکی ساوای لەبەر بێ. ئێستا لە تکساس بەهارەو ئاووهەوا فێنکە، هاپ. هەرکاتەی بەهار ڕوو لە شوێنێک دەکات کە منی لێیە، خودای گەورە! لەپڕ هەست بەوە دەکەم کە بەهیچ ناگەم! ئەوە چ دۆزەخێکە کە من تێی کەوتووم! هەفتەی بۆ بیست و هەشت دۆلاری بێ وەج لەبەر ڕەوە ئەسپانم. ئەوا تەمەنم گەیشتە سی و چوار ساڵ، پێویستیشە دوارۆژێک بۆخۆم دابین بکەم. ئا هەر ئەم هەستەشە بەرەو ماڵ پاڵم پێوە دەنێت. ئێستاکەش لێرە

نازانم چی بکەم؟... هەموودەم هیوام وابوو کە ژیانی خۆم بەخۆڕایی نەدۆڕێنم! بەڵام هەر کە دەگەڕێمەوە ئێرە، بۆم ڕوون دەبێتەوە کە هەرچییەکی کردوومە تەنها دۆڕاندنی ژیانم بووەو بەس.

[پەردەی یەکەم، ل١١–١٠]

هەڵوێستی بیف هەڵوێستێکی تاکەکەسی نییە، چونکە ئەو لەو هەڵوێستەی دا لەگەڵ سەرتاپای (نەوەی بیت)ی[٢١] پەنجاکان هاوبەشە کە لەمەنگی کۆمەڵگایەکەیان بێزار ببوون و هیچ هەستیان بەجەرگسۆزی بەرامبەر بەمەسەلە گرینگەکانی ژیان نەدەکرد. ئەمەش یاخیبوونێک بوو لە ڕووی ئەو خراپە کۆمەڵایەتییانەی لەناو کۆمەڵگاکەیاندا هەبوو. بەم پێیە، ئەم هەڵوێستە بریتییە لە ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەو (کەلێنە نەوەییەی) لەنێوان گەنج و پیران پەیدا ببوو.[٢١] ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی پەیدابوونی کێشەیەکی بێ وەڵام لەنێوان دە وەڵام هاتنی یەکێک لەو دوو نەوەیە بەرامبەر بەژیان و واقیع:

**بیف:** ویلی، ئەمن پێشڕەوی خەڵکیم و نەتۆش، تۆ مازووکەری کون لە پاشۆڵێ بووی و وەک هەموو خەڵکی تر فڕێ درایتە سەر گوفەک. من سەعاتی بە دۆلارێک کار دەکەم، ویلی! حەوت ناوچە گەڕام و نەمتوانی لەوە زیاتر بەدەست بهێنم، تاقە دۆلارێک، خۆ تێم دەگەی... وانییە؟ لەوەو پاش چیتر دیاری ناهێنمەوە ماڵ و دەبێ تۆش چیتر چاوەڕێی ئەمە نەکەی. خۆ تێگەیشتی؟

[پەردەی دووەم ل ١٠٢]



دووەم کوڕی ویلی کە هاپی یە، ئەویش بەزیوە، بەڵام ئەو خەونبینێکی گەورەترە لە برا و باوکی. ئەو «هەرگیز بڕیاری نەداوە ڕوو بکاتە ڕووخان و بەرەنگاری ببێتەوە. بۆیەش زیاتر شێواو و شڵەژاوە، بەڵام لەڕواڵەتدا زۆر لەخۆ ڕازییە.» [پەردەی یەکەم، ل ٨] ئەگەرچی ئەو خۆی وەکو کەسێک وەسف دەکات کە "هەستێکی توندی پێشبڕکێی هەیە" [پەردەی یەکەم، ل١٣] کەچی ناتوانێت لەئیشدا لەگەڵ خەڵکی دی پێشبڕکێ بکات، بەڵام لە سێکسدا پێشبڕکێیان دەکات، یان خۆی بەهێزی جەستەیی هەڵدەکێشێ و دەڵێت دەتوانێت پشتی هەر کەسێکی فەرمانگەکەی بشکێنێ. ئا بەم چەشنە ئەو ناتوانێت سەرکەوتوو بێت و بەسەر پەیژەی کۆمەڵایەتیدا هەڵگەڕێت، بەڵام لەجیاتی ئەوە «دەبێتە دز و ئافرەتان بۆ خۆشییەکی ساتەوەختی دەدزێت و خەیاڵی سەرکەوتنیش بە درۆ و دەلەسە دەدزێت.»[٢٢] سەرباری ئەوەش، هاپی بەرتیل وەردەگرێ و خۆی لەئیش دەدزێتەوە و هەمیشە تا بناگوێی لەپیلاندانان نقووم بووە، تا خەڵکی دی لەخشتە ببات. بەکورتی، داڕمانی ڕەوشتیی خێزانی ویلی شان بەشانی داڕمانی دارایی و کۆمەڵایەتییان دەڕوات. سەرەنجام، هاپیش وەکو باوکی و برای دەبێتە نێچیرێکی بێ دەسەڵاتی تەنیایی و وەڕەسی:

**هاپی:**... بەڵام نازانم من بۆ چ نەعلەتییەک کار دەکەم. زۆرجار لە ئاپارتمانەکەی خۆم دادەنیشم و کاتێ بیر لەو کرێیە دەکەمەوە کە دەیدەم، ئەقڵم لەسەردا نامێنێ. کەچی هەمیشە ئەو ئارەزووەم هەبووە، ئاپارتمانی خۆم و ئۆتۆمبیل و کۆمەڵێک ئافرەتێک، بەڵام هێشتا هەر دەڵێم: نەفرەت لەم ژیانە بێت. چونکە هەست بەتەنهایی دەکەم.

[پەردەی یەکەم، ل ١١–١٢]

تووڕەو ورە ڕووخاو بەهۆی بەزین و بێ هێزییەکەی، هاپی ڕۆحێکی شەڕخوازانە لەهەموو ئەو کەسانە هەڵدەگرێت کە لەپلەو پایەدا لەسەرووی ئەوەوەن، جا بەم شێوەیە ناتوانێت پەیوەندی لەگەڵ کەس بکات:

**هاپی:**... هەندێک جار لەنێو کۆگادا دەمەوێ کراسەکەی بەرخۆم دادڕم و ئەو بەڕێوەبەرە فەرمەسۆنەی کۆگا بدەمە بەر کۆڵەمست و لەپێستیدا وردی بکەم. مەبەستم وایە، کە دەتوانم هەموو ئەوانەی نێو کۆگا ورد بکەم و تێکیان بشکێنم.... من فەرمان لەو بۆرە پیاوانە، لەو زۆڵانە وەربگرم! چیتر لە توانامدا نەماوە دان بەخۆم دابگرم.

[پەردەی یەکەم ل ١٢]

وەک پڕکردنەوەیەک بۆ نەبوونی توانای پێشبڕکێ، هاپی هەوڵ دەدات کە بەسەر بێ هێزی و سەرلێشێواویدا زاڵ بێت، بەهۆی لەخشتەبردنی دەزگیرانی گەورەکانی. پاش ئەوەی ورەیان دەڕووخێنێ، بەجێیان دێڵێ. ئەو ئەو ڕۆحە سادییە وەک میکانیزمی ڕاکردن لەدەست تەنیاییە تاکە کەسانەکەی لێ پەیدا دەبێت:[٢٣]

**هاپی:** ئەو (چارلۆت)ەی ئەم شەو لەگەڵم بوو مارەی بڕاوە و پاش پێنج هەفتەی تر دەگوازرێتەوە......

**بیف:**... بەس گاڵتە و فشەفش بکە.

**هاپی:** بێ گومان، دەزگیرانەکەی بۆ جێگری بەڕێوەبەری کۆگا هەڵبژێرراوە. نازانم مەزنێتی ئەو لە چیدایە؟ لەوانەیە توانای پێشبڕکێی ئەو لە هی من زێتر بێ. بەڵام هەر چونێک بێ بردم و خراپم کرد. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم



وازی لێ بهێنم. ئەمە سێهەمین کەسە کەوای لێ دەکەم. توخوا ئەمە کارێکی پووچ نییە؟ سەرەڕای ئەوەش لەئاهەنگی زەماوەندەکەیان ئامادە دەبم؟ (بە پەستییەوە، بەڵام پێ دەکەنێ) پیاوی وەک من نەدەبوایە بەرتیل وەرگرێ. کەچی ناوبەناو خاوەن کارگەکان سەد دۆلارێکم پێشکەش دەکەن تا ئەگەر شتێکمان ویست بۆ لای ئەوان بنێرم. بڕوانە من چەند دڵسۆزو دەست پاکم، بەڵام بەهۆی ئەو کیژە بێز لە خۆم دەکەمەوە، چونکە من ئەو کیژەم ناوێ کەچی هێشتاش هەر دەیبەم و حەزم لەو شتەیە!

[پەردەی یەکەم ل ١٣]

هاپی هیچ بەزەیی و دڵنەرمی بەرامبەر باوکی نییە. ئەو مرۆڤێکی زۆر خۆپەرست و گەمژەیە، هەموو ئاواتی ئەوەیە کە «ئاپارتمانی خۆی و ئۆتۆمبێلێک و کۆمەڵێک ئافرەتی هەبێت.» [پەردەی یەکەم، ل ١٢]

ئەو ئاوا خۆی بەقەپێلکی ژیان بەستۆتەوە. هەر بەم شێوەیە، لەلای ئەو سێکس مەسەلەیەکی گرنگترە لەژیان و مردنی باوکی. ئەو تەنانەت ئامادەیە کە باوکی جێ بهێڵێت بۆخۆی لەناو چەشمەی خواردنگاکەدا وڕێنە بکات لەپێناوی دوو سۆزانیدا. وێڕای ئەوەش، ئەو لەو جۆرە کەسانەیە کە دەتوانێت هەموو چەشنە پەیوەندییەک لەگەڵ باوکیدا بسڕێتەوە:

**هاپی:** نەخێر، ئەوە باوکم نییە، تەنها ناسیاوێکە.

[پەردەی دووەم، ل٨٧]

هەندێ ڕەخنەگر، لەمانە رۆبێرت و. کۆریگان وا دەڕوانن کە سێکس ڕۆڵێکی یەگجار زۆری هەبووە لە هەڵوەشاندنەوەی خێزانی لۆمان.[٢٤] لەهەر گفتوگۆیەکی فەلسەفانەدا ئەگەر تەنها پەنجە بۆ دیاردە درێژ بکرێ و بنچینەی مەسەلەکان پشتگوێ بخرێ، ئەوە بەدەست پێکردنێکی ناتەواو دەدرێتە قەڵەم. هەمان شتیش دەربارەی بیرۆکەکانی کۆریگان دەچەسپێ، چونکە سێکس هۆیەکی ڕاستەقینەی هەڵوەشاندنەوەی خێزانی لۆمان نییە، بەڵکو سێکس بریتییە لە دەربڕین لەو گیروگرفتانەی کە ویلی و بیف و هاپی لەناخەوەڕا هەڵدەلووشێ. ئەوەی راستی بێت، هۆی سەرەکی ئەو گیروگرفتانە بریتییە لە زۆرانبازیی نێوان هەبوون و نەبوونەکان. پاش ئەوەی کە باری قورسی هێزە کۆمەڵایەتییەکان خێزانی لۆمان دەڕەتێنێ، ئەوان هەست بە نامۆیی و پەلوپۆ شکاوی دەکەن. سەرەنجام، ئەو نامۆی یە نیگەرانی و هەست بەسڕانەوەی خود لەلایان دەخوڵقێنن. جا ئەوان دەست بە سێکسکاری دەکەن بۆ سەپاندنی خودی خۆیان و هێورکردنەوەی نیگەرانییان. ئەو شانۆییە تەنها دەربارەی چەرمەسەری و مردنی ویلی لۆمان نییە. ئەوەی ڕاستی بێت لێرەدا باس باسی چەرمەسەری و مردنی بنەماڵەی لۆمانە. هەر یەکەیان بەناو تاقیکردنەوەی مردنێکی بەکاوەخۆ دەڕوات. ڕاستە، لەشانۆییەکەدا تەنیا ویلی لۆمان بەجەستە دەمرێت، کەچی ئەوەی ڕاستی بێت، هەموو ئەوانی دی لەناو بارێکی مردنی رۆحیدان هەر کە دەبینن ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی کاریان تێ کردوون پەلوپۆی شکاندوون. بەڕاستی، ویلی بەناو هەردوو ئەزموونی مردندا دەڕوات.

تاقە کەسێک کە ئاگای لەو گێژاوەیەی ویلی بووبێت (لیندا)ی



خێزانیتی، ئەو لەهەموو چەرمەسەری و ئازارەکانی بەشدارە. هەرچەندە دەزانێت کە مێردەکەی هەوڵ دەدات کە خۆی بکوژێت، کەچی ئەو ناتوانێت ڕێی لێ بگرێت. هەر ئەو زانینەشە کە هەموو ژیانی پڕی ترس و نیگەرانی هەمیشەیی دەکات:

**لیندا:** من شەرم لەخۆم دەکەمەوە. چۆن دەتوانم ئەوەی بەبیر بێنمەوە؟
هەموو ڕۆژێک دەچمە ژێرزەمینێ و پارچە لاستیکەکە لێ دەکەمەوە. بەڵام هەر کە دێتەوە ماڵ لەجێی خۆی دادەنێمەوە. چۆن دەتوانم بەم چەشنە ڕووشکێنی بکەم؟ نازانم چی بکەم؟ هەموو ڕۆژێک دەستم لەسەر دڵمە، ڕۆڵەکانم. من دەزانم چی بە مێشکیدا دێ.

[پەردەی یەکەم، ل ٤١–٤٢]

ئەم شانۆییە پڕاوپڕی کێشەی خێزانە. هەر ئەندامێک گلەیی لەوی تر دەکات و ئەوی دی لەبەر بەزینی خۆی تاوانبار دەکات. ویلی ڕووی دەمی گازاندەو رەخنە دەکاتە هەردوو کوڕەکانی، چونکە بەزیون. هەروا ئەو بە دڵڕەقی لەگەڵ لیندا رەفتار دەکات لەو کاتانەی هەست بەدڵتەنگی دەکات. لیندا ڕەخنە لە بیف و هاپی دەگرێت لەبەرئەوەی باوکە داڕزاوەکەیان پشتگوێ خستووە. کەچی بیف ئەم تاوانە دەخاتە ملی هاپی، وێڕای ئەوەش، ئەو هۆی بەزینی خۆی دەخاتە ملی باوکی:

**بیف:** بۆیەکا یەهیچ نەگەیشتم، چونکە تۆ ئەوەندەت پفدام تا وات لێ
کردم خەڕۆو قەپۆز بەرز بم و نەتوانم فەرمان لەکەس وەرگرم! جا ئەمە گوناهی کێیە؟

[پەردەی دووەم، ل ١٠١]

مرۆڤ دەتوانێت چوار ساتی پڕ کێشەی چڕ لەو شانۆییە هەست پێ بکات. سێ لەمانە لەنێوان ئەندامانی خێزانی ویلی-ن، بەڵام چوارەمیان لەنێوان ویلی و هاوارد واگنەرە  کە خاوەن کارەکەی ویلی یە. لەئەنجامی ئەم کێشانەدا خێزانی لۆمان پەرپەپەرە دەبێ و پەیوەندییەکان دەپچڕێن.

یەکەم کێشە لەنێوان لینداو هەردوو کوڕەکەی دەقەومێ. لیندا گازاندەیان لێ دەکات بەوەی کە ڕێزی باوکیان ناگرن و گوێی پێ نادەن. هەر دووکیان لەبەردەم دوو ڕێگادا دادەنێ: یان دەبێ باوکیان خۆش بوێ و بەڕێزەوە رەفتاری لەگەڵ بکەن، یان دەبێت هەتاهەتایە ماڵ بەجێ بهێڵن. چونکە ویلی «تەنها بەلەمێکی بچووکە و بەدوای بەندەرێکی پڕ ئاسایشدا دەگەڕێ تا لەنگەری تیادا بگرێ». [ل. ٥٤]

جا بۆیە داوایان لێ دەکات کە وەک پێویست گوێی پێ بدەن دەنا ژیانی ئەو دەکەوێتە بەر مەترسی:

**لیندا:** من ناڵێم باوکتان پیاوێکی مەزنە. ویلی لۆمان نەهەرگیز پارەیەکی وای وەدەست هێناوە، نەهەرگیز ناوی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە چاپ کراوەو نەهەرگیز بۆتە پیاوێکی ئەوەندە بەناوبانگ تا ناوی وەک بروسک بە هەموو لایەکدا بڕوات. بەڵام هەر هیچ نەبێ خۆ مرۆڤێکە و شتێکی یەکجار ترسناکیشی لێ چاوەڕێ دەکرێ. جا پێویستە ئاگامان لێی بێ و نەیەڵین وەک پیرە سەگێک بەریبێتەوە نێو گۆڕ. دەبێ ئاگامان لێی بێ. دەبێ زۆر ئاگامان لێی بێ....

[پەردەی یەکەم، ل ٣٨-٣٩]



لیندا هۆیە ڕاستەقینەکانی سەرلێشێوانی ویلی دەردەبڕێ و یەکسەر ئەمە بەچەوساندنەوەی بێ ئەندازەی کۆمپانیاکەی دەبەستێتەوە، لەگەڵ نەبوونی لێک تێگەیشتن لەنێوان خۆی و کوڕەکانی:

**لیندا:**- لەم ژیانەدا پیاوی بچووکیش وەک پیاوی گەورە تووشی ماندووبوون و هیلاکی دەبێ. ئەوە نزیکەی سی و شەش ساڵە لەو کۆمپانیایەدا کار دەکات و بەچەندان ناوچەی نەزانراوی گەورە گەورەی بۆ دۆزیونەتەوە کەچی ئێستا کە پیر و کەنەفتە بووە مانگانەکەیان لێ بڕیوە.

**بیف:** ئەو زۆڵە بێ چاو و ڕووانە!

**لیندا:** گوایە ئەوان لەکوڕەکانی خۆی خراپترن؟ کاتێ گەنج بوو پارەیەکی باشی بەدەست هێنا بەدیداری دڵخۆش بوون. کەچی ئێستا ئەو برادەرو کڕیارە کۆنانەی کە یەکجار خۆشیان دەویست و ڕێزیان دەگرت و لەکاتی ناخۆشیدا بەهانای دەهاتن، هەموویان مردوون یا خانەنشین کراون... هەموو ڕۆژێ نزیکەی حەفت سەد میل دەبڕێ و کە دەگەڕێتەوە ئێرە کەس هەر ناشی ناسێتەوە، تەنانەت کەس بەخێرهاتنیشی ناکات. ئاخۆ دەبێ چ بەمێشکی کەسێکی وادا بێ کە ڕۆژێ حەفت سەد میل ببڕێ و بگەڕێتەوە ماڵێ بەبێ ئەوەی بایی پوولێک بفرۆشێ؟ ئاخۆ بۆ پیاوێکی وا کڵۆڵ و بێ هێز و دڵتەنگ لەبەر خۆیەوە قسە نەکات؟ بۆ؟ بۆ لەبەرخۆیەوە نەدوێت کە دەچێتە لای چارلی  تا هەموو هەفتەیەک پەنجا دۆلاری لێ قەرز بکات و وایپێشان بدات کە ئەوەندەی فرۆشتووە؟ تاکەی ئەمە وا بڕوات؟ تاکەی؟ خۆ

دەبینین لێرە وەستاوم و شتێکی ترسناکی لێ چاوەڕوان دەکەم؟ کەچی تۆ پێی دەڵێی تۆزقاڵێک دەماری پیاوەتی تێدا نییە؟ ئەو پیاوە کە تاقە ڕۆژێک بۆ سوودی ئێوە نەبێ کاری نەکردووە؟ کەی دەبێ میدالیای سەربەرزی ئەو ڕەنجەی وەربگرێ؟ ئەوە پاداشتییەتی!! کە لەتەمەنی شێست و سێ ساڵی ڕوو وەربگێڕێ و ببینێ و ئەو منالانەی کە تەنانەت لەژیانی خۆشی خۆشتر دەویستن هەریەکە بوونەتە خوێڕییەکی بێ کەڵک و هیچ و پووچ و...

[پەردەی یەکەم، ل ٣٩-٤٠]

ئەو کێشەیە بەبەڵێنێک و ئاواتێک لە بیفەوە دادەمرکێتەوە، هەر کە بڕیاری ئەوە دەدات کە لەشار بمێنێتەوە و بچێتە دیدەنی بێل ئۆلیڤەری کۆنە خاوەن کاری و خاوەنی کارگەی کەلوپەلی وەرزشی تا داوای قەرزێکی دە هەزار دۆلاری لێ بکات. بەڵام ئەم ئاواتەش خەونێکە و بەرناگرێ.

دووەم کێشە کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر چارەنووسی ویلی هەیە لەنێوان ویلی لۆمان و هاوارد واگنەرە. ویلی کە پتر لە (٣٤) ساڵ بۆ کۆمپانیایی واگنەر وەک دێوەرەیەکی وڵات گەڕ ئیشی کردووە، ئێستا پیر و کەنەفت بووە، ماندوو و داڕزاوە. ئەو داوا لە هاواردی سەرۆکی دەکات لە نیویۆرک ئیشێکی پێ بدات و لە سەفەرکردن بیبووریت. وەڵامی ئەو داوایەی بەم چەشنە دەدرێتەوە: «ڕۆڵە، من ناتوانم خوێن لەبەردێکی وشک و برینگ بگرم...» [پەردەی دووەم، ل ٥٩] جا ئەو هیچ گوێ ناداتە ناڵەی خەماوی ئەو مرۆڤەی کە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەتکردنی کۆمپانیاکەی. لە لای



ئەو، جیاوازییەک هەیە لەنێوان هەستی مرۆڤایەتی و ڕێوڕەسمی ئیش و کار. ئا بەم چەشنە بەویلی دەڵێ: «بەڵام دەبێ ئەوە بزانی کە شۆڵ شۆڵە.» [پەردەی دووەم، ل ٥٩] ویلی هەوڵدەدات کە هەستی مرۆڤانەی هاوارد بجووڵێنێ، لەلای هاواردێک کە هەستی مرۆڤانە و دڵنەرمی تەنیا مانای پارەو پوول و سەنت و دۆلارە. بەم جۆرە ویلی بە پا بێ بەزەییەکانی ماددەپەرستێک زۆر بە ناڕەوایی ڕیسوا دەکرێ و کەڕامەتی ژێر پێ دەنرێ. هەر ئەم هەستەشە کە وا لە ویلی دەکات هیستریانە بە ڕووی هاواردا بتەقێتەوە و داوای مافی ڕەواو کەڕامەتی بزرکراوی خۆی بکات:

**ویلی:**... چەندان گفت و بەڵێن لەسەر ئەم مێزە دراوە! نابێ پێم بڵێی دەمەوێ خەڵکی ببینم. من سی و چوار ساڵی ژیانم لەو کۆمپانیایە داناوە، هاوارد. ئێستاش پارەم نییە مانگانەی تەئمینەکەم بدەم. تێ بگە! مرۆڤ میوەجات نییە کاکڵەکەی بخۆی و پەلکەکەی فڕێ بدەیت! (پاش کەمێک وەستان) جا تۆزێک ئاگاداربە! باوکت لەساڵی (١٩٢٨) دا کاری باش بوو، لەبەرئەوەی سەرجەمی فرۆشتنی هەفتەیەکم سەدو حەفتا دۆلار بوو.

[پەردەی دووەم، ل٥٩]

لەلای هاوارد، ئەو ڕابردووەی ویلی باسی لێوە دەکات هیچ مانایەکی نییە، چونکە وەکو چەوسێنەرێک، ئەوەی لەلای ئەوەوە گرنگە سەرکەوتنی ماددییە نەک ژیان و مردنی مرۆڤێک. جگە لەوەش لەلای هاوارد، ویلی لە ماکینەیەک پتر نییە کە بەکارهێنراوە و تێک چووەو تێ هەڵدراوە.

لەلای ویلی ئاسۆ تاریکتر و بەدیوومتر دەبێت. بەپێچەوانەی ئەو ئاواتەبەرزەی ئەو بە بیفی هەبوو کە هەمیشە وەک مرۆڤێکی بەردڵان و خۆسەپێنی دەبینی، پۆلێک لەبیل ئۆلیڤەر بەدەست ناهێنێ. بەم شێوەیە میللەر ئامادەمان دەکات بۆ دیتنی دیمەنی خواردنگا کە لەوێدا خەون و ڕاستی، قەپێلک و ڕاستەقینە ڕووبەڕووی یەک دەوەستن. ئێستاکە ویلی دەرکراوە ریسواو ورە رووخێنراوە بەرەفتاری دڵڕەقانەی هاوارد. ویلی تروسکەیەکی رووناکی نابینێت بێجگە لە پرۆژەی بیف. هەروا بیف–یش دەتاسێ کە دەزانێ باوکی دەرکراوە. ویلی چاوەڕوانی هەواڵی خۆش لەبیفەوە دەکات، کەچی بیف–یش دەیەوێ لەناو قوڕو لیتەی (خەونی ئەمەریکی) لەبارەی سەرکەوتن بهێنێتە دەرو بۆ تاقە جارێک و هەتاهەتایە رۆشنایی بخاتە سەر ڕاستی خۆی و خێزانەکەی. بەڵام ویلی هەرگیز ماوەی ئەوەی نادات، لەجیاتی ئەوە ناچاری دەکات کە درۆ هەڵڕێژێ.

ئا لەو ساتە سامناکەی کێشەکەدا، کاتی ڕابردوو و کاتی ئێستا لە مێشکی ویلی دا یەک دەگرنەوە. ئەو هۆی بەزینی بیف بە ڕووداوێکەوە گرێ دەدات کە لە ( ئوتێلی بۆستن) قەوماوە و وا بیر دەکاتەوە کە بیف دەتوانێت مرۆڤێکی سەرکەوتووی لێ دەربچێت، بەڵام ئەو خۆی ئەوەی ناوێت، ئا بەم شێوەیە دەیەوێت تۆڵە لە ویلی بکاتەوە و وای لێ بکات هەست بکات ئەو هۆی بەزێنیتی. کەچی بیف هەوڵ دەدات ئەوە ڕوون بکاتەوە ئەو بەزیو نییە تا تۆڵە لە ویلی بکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەیە کە ناشێت مرۆڤێکی بێ پارە لە کۆمەڵگایەکی وا پڕ چینایەتی دا سەرکەوتوو بێت.

لەو ساتەی چزووی ڕووداوێکی ڕابردوو گاز لەویلی دەگرێ کە لەگەڵ



سۆزانییەک لە ئۆتێلی بۆستن بوو، کێشەکە لەویلییەوە دەگوازرێتەوە بۆ هاپی. بیف گازاندە لە هاپی دەکات چونکە باوکی پشتگوێ خستووە. هاپی–یش، لەبەر ئەوە بەرگری لەخۆی دەکات و بەبیف دەڵێت: «ئەو خۆی هەموو جار ماڵی بەجێ هێشتووە.» [پەردەی یەکەم، ل٨٧]

ئەو کێشەیە ئەو ساتە کۆتایی دێت کە ویلی لە چەشمەی خواردنگا بەجێ دەهێڵرێ بۆ ورێنەکردن و ئەوانیش (بیف و هاپی) لەگەڵ سۆزانییەکان ڕادەکەن بۆ باوەشی دونیایی نەرم و نیانی سێکس.

لەناو ئەو جیهانە دڵڕەقەدا، ویلی دەزانێت کە هیچ ڕێگایەک نییە بۆ دەرباز بوون لەو گێژەنە، ئەو دەزانێت کە چ وەک باوک، چ وەک دێوەرە و چ وەک مێرد، مرۆڤێکی بەزیوە. چونکە هیچ کەسێک هەرگیز ئەو بیرۆکانەی لێ ناکڕێت کە پێی فرۆشراوە. هەر بۆیەش ویلی «لەفرۆشتنی کەلوپەل... دەکەوێتە فرۆشتنی خۆی، جا سەرەنجام ئەویش بۆتە کەلوپەلێک وەک کەلوپەلەکانی دی کە لەوەختێکدا وەک کەلوپەلێکی ئابووری فڕێ دەدرێت.»[٢٥] ئەو بەم چەشنە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە تەنها پارەیە بتوانێ خێزانەکەی لەڕووخانی یەگجارەکی ڕزگار بکات. سەرەنجام بڕیار دەدات کە خۆی بکوژێت و پارەی مسۆگەرکردنی ژیانی کە بیست هەزار دۆلارە بۆ بیف بەجێ دەهێڵێ تا لەو پارەیەوە دەست بەئیش بکات. نزیکەی هەر لەهەمان کاتیشدا بیف وا بیر دەکاتەوە کە هەر خۆیەتی هۆی هەموو کێشەکانی ناو خێزانەکەی و لەئاکامدا بڕیاری ئەوە دەدات هەتا هەتایە ماڵ بەجێ بهێڵێ. ئەمە دەگەیەکی ترسناکە بۆ ویلی کە بڕیاری داوە خۆی بۆ بکاتە قوربانی، چونکە ویلی وا بیردەکاتەوە کە بیف نایەوێت

سەرکەوتوو بێت تەنها بۆ ئەوەی تۆڵەی لێ بکاتەوە و بەم چەشنە ڕیسوای بکات. هەر ئەم لێک تێک نەگەیشتنە بەرەو کێشەیەکی یەگجار چڕوپڕی نێوان ئەو دووەمان دەبات:

**ویلی:** تۆڵە، هۆی ڕووخان و بێ کاری تۆیە، کاتێ دەڕۆیت و ئێرە جێ دێڵی، لەبیرت بێ کە بەدەستی خۆت ئاگرت لەماڵی خۆت بەردا. کاتێ بە ڕێبواری ڕێگا چۆڵەکان دەگریەبەر، یا بەتەنیایی لەهەندەران دادەڕزێی لەبیرت بێ کە بەخۆت ماڵی خۆت کاول کردو نەوێری ئەو تاوانە بخەینە ئەستۆی من!

[پەردەی دووەم، ل٩٩]

ویلی هێشتا خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ و هێشتا هەر هەموو بڕوای وایە کە سەرکەوتن لەسەر توانای کەسایەتی و ئیشکەری دەوەستێت نەک جۆری ئەو ڕژێمەی کە لەسایەیدا دەژیت. کەچی بیف، بەچەشنی کریس، هێشتا لەسەر ئەوە ڕشتە باوکی بەرەو تێگەیشتنێکی قووڵ ببات، ئەوەی تێ بگەیەنێت کە هەر کەسەی ئامادە نەبێت خەڵکی بخەڵەتێنێت و ئازادی خۆی پێ شێل بکات و ببێتە پارچەیەک لەماکینە گەورەکەی ڕژێم، ناتوانێت سەرکەوتوو بێت. لەو زۆرانبازییەی ئەو دوو ئەڤانییەدا (ارادە) بیف، بەباوکی دەڵێت: کە ئەو بەو بیرۆکە درۆزنانەی کە ڕژێم پڕوپاگەندەیان بۆدەکات، هەڵخەڵەتاوە. هەر لەبەرئەوەش باوکی بەوە تاوانبار دەکات کە هەر ئەو بوو، ئەو بیرۆکە مرۆڤ فریودەرانەی دڵۆپاندۆتە ناو سەریان:

**بیف:** ئەو پیاوە نازانێ ئێمە کێین؟ دەبێ بزانێ ئێمە کێین!...
تەنانەت دە خولەکیش لەو ماڵە ڕاستیمان نەگوتووە!

***



بۆیەکا بەهیچ نەگەشتم، چونکە تۆ ئەوەندەت پفدام تاو وات لێ کردم خەڕۆ و قەپۆز بەرز بم و نەتوانم فەرمان لەکەس وەرگرم! جا ئەمە تاوانی کێیە؟

....

بابە، دەرزەنە پیاوێکی وەک من دە پوول دەهێنێ، تۆش هەروا.

**ویلی**: دەرزەنە پیاوێکی وەک من دە پوول دەهێنێ! نەخێر! من ویلی لۆمانم و تۆش بیف لۆمانی!

***

**بیف:** بۆ ئەو خەونە فریودەرانەت فڕێ نادەیت پێش ئەوەی شتێکی سامناک ڕوو بدات؟

[پەردەی دووەم، ل١٠٠ – ١٠٢]

کاتێک بیف هەست بەوە دەکات کە هیچ ڕێگایەک نییە بۆ گۆڕینی وشکەبڕواکان (dogmas) ویلی، دڵی پێ دەسووتێ و بۆی دەگریت. ئەو گریانەی بیف، لەلای ویلی نیشانەیەکی دی دڵنیاکردنە لەوەی کە هەرچییەکی ئەو بیری لێ دەکاتەوە و بڕوای پێ هەیە ڕاستن. هەربۆیەش دەستبەجێ بڕیاری خۆکوشتن دەدات، تا پارەی مسۆگەرکردنی ژیانی (تأمین الحیاة) بۆ بیف بهێڵێت.

خۆکوشتنی ویلی، هەر چۆنێک بێت زۆر پرسیار دەورووژێنێت:

ئایا ئەو کارەی ویلی نارەزاییەک بوو لەدژی پێشبڕکێی مرۆڤ فەوتێن لەناو دونیایی سەرمایەداری پڕ چەوساندنەوەدا؟ یاخود ئایا ئەوەی بریتی بوو لە قوربانیدانی نەوەی کۆن بۆ نەوەی نوێ؟ ئایا ئەوە

مزگێنییەک بوو کە کەوتنی خەونی ئەمەریکی و بیروباوەڕە کۆنەکان دەردەخات؟ ئایا ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو خەونانە رۆح وێرانکەرن؟ ئەو پرسیارانە بەبێ وەڵامدرانەوە بۆ بینەران بەجێ دەهێڵرێت، تا ئەوان هەرکەسە و ئەنجامێکی ڕەوشتیان لێوە هەڵبهێنجێ.(٢٦)

مردنی ویلی نەیتوانی کێشە جۆربەجۆرەکانی ناو خێزانەکەی دابمرکێنێتەوە، چونکە تەنانەت کاتێک خێزانەکە لەسەر گۆڕەکەی کۆ بوونەتەوە بۆ خواحافیزی کردن لە مردووەکە، جارێکی دی کێشەکە لەنێوان بیف و هاپی هەڵدەچێتەوە، لەسەر بەهاکانی باوکی و بڕیاری دوارۆژی خۆیان:

**بیف:** خەونەکانی درۆ بوون. هەموو خەونەکانی هەڵە بوون.

***

**هاپی:** ڕۆڵە، دەبێ بۆ تۆ و خەڵکی تر بسەلمێنم کە ویلی لۆمان لەڕێگای هیچ نەمرد. ئەو خاوەنی خەونێکی یەگجار گەورە و مەزن بوو. تاقە خەونێک... بۆ ئەوەی پیاوێکی زۆر بالآت لێ دەربچێ، ئەو لەو هەوارە تێ کۆشاو خەباتی کرد. ئەمەش هەر هەمان هەوارە کە دەبێ سەرکەوتنی تیادا بەدەست بهێنم.

[سەردوولکەیەک، ل١٠٧]

بەم شێوەیە دەبینین خێزانی ویلی دادەڕمێ و هەر یەکە لەئەندامانی ڕێگایەک لەژیان هەڵدەبژێرێ کە مسۆگەر نییە. بیف بڕیاری گەڕانەوە بۆ رۆژئاوا دەدات، کەچی هاپی بڕیار دەدات لەشار بمێنێتەوە و تا ئەو (تەلیسمە)ی سەرکەوتن بشکێنێ، لينداش بەسەر لێشێواوی دەمێنێتەوە، «چونکە تێناگات» (ل ١٠٨) بۆچی ویلی خۆی کوشت،



سەرەنجام هەمان کەشوبای زۆرانبازی کە شانۆکەی پێ کرایەوە، جارێکی دی هەموو خەون و پلانەکانی ئەو کەسە داڕووخاوانەی خێزانی ویلی دەخاتە بەر هەڕەشە هەر کە «قوللەی نووک تیژی ساختمانەکانی دەوروبەری خانووەکە بەناخی ئاسماندا هەڵدەچن». [ل ١٠٨]

**پەڕاوێز و تێبینی:**

1- See Aristotle, **On the Art of Poetry,** (Middlesex: Penguin Books, I 965)

2- Arthur Miller, **Death of a Salesman**, (London: Heinemann1975) p.1,

کوردییەکەی ئەم وەرگرتنانە لە دەقی: ئارسەر میللەر، مردنی دێوەرەیەک، لەبلاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریی کوردی (بەغدا ١٩٨٤)، وەرگێڕانی: ئازاد حەمە شەریف. هەر لێ وەرگرتنێکی دی و نموونەی دەقی شانۆییەکە لەم نووسینەدا هی ئەم دەقە کوردییەیە.

3- Gerald Weales، "Arthur Miller; Man and His Image" in **The Crucible**: **Text and Criticim** (ed). Gerald Weales.) Middlesex; Penguin Books، 1978) p.336

٤- زاراوەی «خەونی ئەمریکی» دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی هاتە کایەوە. ئەو کاتەی زۆربەی ئەمەریکییەکان بەشی خۆیان لەو ساڵە پڕ خێروهاتانەدا پێ بڕابوو و ئەمەش تا رۆژانی قەیرانی گەورە بەردەوام بوو. ئەو هات و هەبوونییە لەناو رۆمانسەکانی ئەلگیر هۆراشیۆ ریچکەی خۆی کردبۆوە کە دەبینین هەموو کەسێک دەتوانێت دەوڵەمەند بێت بەهۆی ئیشی چاک و هەوڵی تاکەکەسی. بەم پێیە، ئەو خەونە «وێنەی کۆمەڵگایەک دەخاتە مێشکەوە کە هێشتا سەرکەوتن بەهۆی هەوڵی تاکە کەسی شتێکی ئەوەندە ئاسانە بۆ پیاوێکی ئاسایی وەک چۆن وابوو لەرۆژە دوورو درێژە پڕ لە جەربەزەییەکانی سەدەی ڕابردوو. ئێستاش دەتوانرێت بەحەزەوە ئاوڕ لە بەها سادە و ساکارەکانی ئەو ڕۆژانە بدەیتەوە، یان ڕووبکەیتە پێشەوە بۆ بەدەستهێنانی هەل و ڕێکەوت بەهەمان هێزو توانا لەبارودۆخی ئێستادا، تا ئەو ڕادەیەی تەنانەت پرۆژەی سەربەخۆی پوخت و ڕێک خەڵاتی بردنەوەی پێ

دەبەخشرێ و بارودۆخی ژیانێکی چاک بۆ تاک و خێزان دەڕەخسێ و هەروا ڕەنگیشە تێر و تەسەلی لەکۆمەڵەدا بەدەست بهێنرێت».

Dennis Welland, **Miller: A Study of His Plays,** (London; Eyre Methuen, 1976) p.37.

5- Arthur Miller, "The Bored and the Violent" **Harpers**, Vol 225 No. 1350 (November، 1962) .P.52

6- See Paul Blumberg, "Work Alienation in the Plays of Arthur Miller", **American Quarterly,** Vol. XXI No.2, Part20 ,(Summer, 1969 pp. 299-300

7-Arthur Miller, Introdulion to **Arthur Millers Collected Plays**, p.23.

8- Karen Horny, **The Neurotic ersonality of Our Time,** London; Routledge and Kegan Paul، Ltd .(1957) p.288

9- Hennry Popkin, "**Arthur Miller: The Strange Encounter" The Sewanee Review**, Vol. LXVIII, No1(Winter، 1960) p.52

10- Ronald Hayman, Arthur Miller, (London: Heinmann, 1977) P.27.

11- Arthur Miller, “The Boresd and the Violent” pp.55 -56.

١٢– ئێرێک فرۆم سەرنجی خۆی دەربارەی نامۆبوون بەم چەشنە دەردەبڕێت:

"مەبەست لە نامۆبوون ئەو جۆرە ئەزموونەیە کە کەسێک خۆی وەک نامۆیەک دەبینێت. دەتوانین بڵێین ئەو لە خۆیشی بۆتە بێگانە و خۆیشی وەک چەقی ئیش و کارەکانی خۆی نابینێت بەڵکو ئیش و کار و سەرەنجامی ئیش و کارەکانی لێ دەبنە خودان و گوێڕایەڵیان دەبێت و بگرە دەشیان پەرستێت."

Erich Fromm، **The Sane Society**، (New York: Holt، Rinehart، and Winston، 1956) p.120

13- Arthur Miller,"Introduction" **to Arthur Millers Collected Plays.** pp. 29-30.

14- See Arthur Miller, "On Social Plays"," Introduction" to **A View From the Bridge**, (New York; The Viking Press, 1955) p.10

15- Ronald Hayman, **Arthur Miller**, p. 30.

16- Robert Hogan, **Arthur Miller**, (Minneapolis: University of Minnesota Press, 1964) p. 22.



17- Erich Fromm, **The Sane Society**, p.81.

18- Arthur Miller, "On Social Plays" p.8.

19- Arthur Miller, "Introduction" to **Arthur Millers Collected Play,** p.36

20- Percy Bysshe Shelley, "Notes On Queen Mab", **The Complete Poetical Works of Percy Bysshe Shelley**, (ed.Thomas Hutchinson (New York: Oxford University Press, 1945) p.806

٢١– نەوەی بیت: دەتوانین ئەوە بڵێین ئەوانە ناوکی بزووتنەوەی هیپییەکانی ئەورووپا بوون. زۆربەی هەرە زۆریان گەنج بوون. بەکوڕو کچیانەوە لە ڕەوشتە کۆن و داڕزاو و بارە مەندە بۆگەنەکەی کۆمەڵگەکەیان بێزار بوون. هیچ بڕوایەکیان بە پەیامداریێتی نەبوو، چونکە دیتیان کە پەیامداریێتی باوک و باپیریان لەقوڕبەسەری «نسکۆ و تەنگوچەڵەمەی ئابووری سالآنی سییەکان و جەنگی دووەمی جیهان و هەزار کۆستی تر شتێکی چاکی لێ نەکەوتەوە. جا هەربۆیە دروشمی ئەوانە یاخیبوون بوو لە ڕووی شتی کۆنینە و (پیرۆز) کە باوکیان بەدڵ دەیانپەرستن. دروشمێکی تریان ئەوە بوو: کات ڕابوێرە و چێژ لە جوانی خۆشی ژیان وەرگرە."

22-lrving Jacobson , "Family Dreams in Death of a Salesman"، **American Literature**, Vol.47, No. May, 1975 p.253

23- Rolla May, **The Meaning of Anxiety,** New York: The Roland Press Company, 1950 pp.182 182.

24- Robert W. Corrigan, "The Achievement of Arthur Miller"، in Ar**thur Miller: A Collection of Critical Essays,** ed Robert W. Corrigan (Englewood Cliffs: Prentice Hall, Inc, 1969) p6.

26- See Brooks Atkison, "Review of Death of Salesman" , **The New York Times,** Section 2 (February 20, 1949) p1.

تێبینی:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێکی نامەی ماجستێرەکەمە کە لە ساڵی ١٩٨٣ دا لە کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا پێشکەشم کرد.

ئازاد

# پێشەکی چاپی یەکەم

لەبارەی نووسەرەوە:

ئارسەر میللەر لەساڵی ١٩١٥ لەشاری نیویۆرک چاوی بەدونیا هەڵێناوە. سەردەمی منداڵی و گەنجێتی زۆر بەکولەمەرگی و کوێرەوەری بەسەربرد. چەندەها پیشەی جیا جیای بینی تا پێ گەیشت، هەر لەشاگردییەوە بگرە تا لێخوڕی لۆری و خزمەتچییەتی چێشتخانەو کرێکاری کارگەی ئوتومبێل. پاش وەدەستهێنانی بڕە پارەیەک چووە (زانکۆی مەشیگان)، لەوێشەوە لەڕێگەی چەندین پیشەی قورسەوە توانی بژێوی خۆی وەدەست بهێنی. ئەمانە گەلێک ئەزموونی باری گران و پڕ ئازاری ژیانیان پێی بەخشی.

کاتێک چووە زانکۆ دەستی دایە خوێندنی ئابووری و مێژوو. لەپاڵ ئەمەشدا بەشداری لە کۆرسێکی شانۆیی نووسیندا کرد. لەماوەیەکی کورتدا سێ خەڵاتی شانۆیی وەرگرت. چەند شانۆییێکی ڕادیۆیی نووسی: یەکەمیان **ئەو پیاوەی خاوەنی گشت بەختێک بوو** (١٩٤٤). دوابەدوای ئەوە **هەموو کوڕەکانم** ی لەساڵی (١٩٤٧) نووسی کە شانۆییەکی زۆر سەرکەتوو بوو و خەڵاتی کۆمەڵەی ڕەخنەگرانی پێ وەرگرت.

لەساڵی (١٩٤٩) دا مەزنترین شانۆیی نووسی کە **مردنی دێوەرەیەک** بوو. ئەو شانۆییە (٧٤٢) جار لەنیویۆرک پێشکەش کرا. لەساڵی (١٩٥٣) دا شانۆیی **بۆتە (یا ئەزموونێکی گران)**ی نووسی.



شانۆییەکانی تری میللەر بریتین لە:

**دوژمنی خەڵکی** (١٩٥٠)، **یادگاری دوو دووشەممەو دیمەنێکی سەر پرد** (١٩٥٥)، **ڕووداوێک لەڤیشی** و **پاش بەربوونەوە** (١٩٦٥) و **نرخ (یا بەها)** (١٩٦٨) و **ناوبانگ** (١٩٧٠) و **دروستکردنی دونیا و هەندێ مەسەلەی تر** (١٩٧٢) و **کاتژمێری ئەمریکی** (١٩٨٢) و گەلێ شانۆیی تر. هەروەها لەساڵی (١٩٤٥) دا ڕۆمانی **مۆڵگە**ی نووسی، لەگەڵ کۆمەڵە کورتە چیرۆکێک و هەڵبژاردەیەک کە **چیتر پێویستم پێت نییە** (١٩٦٧)ی تیایە.

**لەبارەی ئەم شانۆییەوە:**

بێ گومان وەرگێڕانی شانۆییێکی وا ئاڵۆز، شانۆییەک کە پشت بەشیکردنەوەی دەروونی ببەستێ و لەڕێی فلاش باکەوە تێک هەڵچوونی ڕاستی و ئەندێشە بخاتەڕوو، هەروا کە لێکدانەوەی باری شێواوی مێشکی مرۆڤێکی وەک (ویلی لۆمان) بێت پێویست بە ڕەنج و ماندووبوونێکی یەکجار زۆر دەکات.

بەڵام لەبەرئەوەی ئەم شانۆییە بە تراژیدیای مرۆڤی ئەم سەدەیە دادەنرێ لەژێر هێزی خراپەکاری و خوێن مژیندا، لەژێر ڕژێمی (ئێش هەر ئێشە) دا، لەژێر ڕژێمێک کە هەرگیز هەستی مرۆڤایەتی تێدا ڕەچاو ناکرێ و هەمیشە مافی مرۆڤی تێدا پێشێل دەکرێ، جا هەر بۆیەکا ئەمەم بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانی کە هەر چۆنێک بێ دەبێ ئەم شانۆییە بکەمە کوردی تا کەلەبەرێک لەپەرتووکخانەی کوردی پێ پڕ بکەمەوە.

ئەم شانۆییە لەو جۆرانە نییە کە بەخوێندنەوەیەکی سەرپێیی هەموو شتێک بخاتە بەردەست، بەڵکو پێویست بەماندووبوون و

لێکدانەوەو شۆڕبوونەوە بەناخی مانا شاراوەکان دەکات. ئەوەش لەبەر ئەوەیە لەم شانۆیییەدا دوو جیهان: جیهانی ڕاستەقینەو جیهانی ئەندێشە زۆر بەتوندی تێک هەڵکێشراون و هەر لەگەڵ دەستپێکردنی شانۆیییەکە تا کۆتایی شان بەشانی یەکتری لەسەر یەک ئاست دەڕۆن. جیهانی ئەندێشەیش بەهۆی تەکنیکی نوێ کە (فلاش باک) ی پێ دەوترێ خراوەتەڕوو.

ئەم شانۆگەرییە باری ژیانی پڕ کڵۆڵی و کوێرەوەری (ویلی لۆمان) دەخاتەڕوو کە بەهۆی خەونە درۆکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری فریودراوە "بۆ ئەوەی لەژیاندا سەرکەوتوو بێت، پێویستە ڕێکوپێک و لەبەر دڵان بێ." جا ئەم مرۆڤە کڵۆڵە کە بۆ ماوەی (٣٥) ساڵ زیاتر لە کۆمپانیایەکدا کار دەکات، لەتەمەنی (٦٠) ساڵیدا کە پیرو کەنەفت دەبێ، بەبێ ئەوەی گوێ بەهەست و نەستی بدرێت، دەردەکرێ.

لەئەنجامدا ویلی لۆمان ڕوو لە هاوارد (خاوەن کۆمپانیاکە) دەکات و پێی دەڵێ: "مرۆڤ میوەجات نییە کاکڵەکەی بخۆیت و پەلکەکەی فڕێ بدەیت."

هەر بەم چەشنەش هاوارد (خاوەن کۆمپانیاکە) کە هێمای دەسەڵاتداری کۆمەڵگەی سەرمایەدارییە ڕاستی بیروباوەڕی سەرمایەداری بەڕووی ویلی لۆمان دادەداتەوە و پێی دەڵێت: "ڕۆڵە، من ناتوانم خوێن لە بەردێکی وەک تۆ وشک و برینگ وەرگرم."

ئا بەم شێوەیە جەنگان لەنێوان مرۆڤێکی کۆڵەوارو ڕژێمێکی دژواردا دەخرێتە بەرچاو تا بەلەناوچوون و خۆکۆشتنی ویلی کۆتایی دێ.

جا لێرەدا ئەم پرسیارە ڕووبەڕوو دەبێتەوە، منیش وا بەباش دەزانم



کە لەخوێنەری بکەم. بەڵام پێویستە پاش خوێندنەوەیەکی قووڵ وەڵام بدرێتەوە.

(ئایا کێ لە مردنی ویلی بەرپرسیارە: خۆی، کوڕەکانی، ڕژێمە دژوارەکە یا هەرسێکیان؟.

ئازاد

## مردنی دێوەرەیەک(*)

ویلی لۆمانی لە تەمەنی شەست ساڵیدا بەهۆی ڕووخان و بێ مانایی ژیانی، تووشی سەر لێشێوان و پەشێوی دەبێ.

ویلی بەهۆی خەونە درۆکانییەوە دەربارەی خێزان و پیشەکەی دەستی بەڕووی ڕاستییەوە ناوە. گەرچی خۆی فریوداوە، هێشتا هەر ئازایانە ڕووەکاتە مەرگ. ئەو گێژەن و سەرلێشێوانەی کە ویلی تێیدایە مۆرک و وێنەی پاڵەوانێتی لە تراژیدیای ئەمڕۆدا پێ دەبەخشێ.

(*) دێوەرە وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە لە ناوچەی دەشتی هەولێر بەمانای فرۆشیاری گەڕۆک بەکاردێ.



«هەندێ وتووێژی تایبەتمەندە، لە دوو بەش و سەردوولکەیەکدا تەواو دەبێ»

**کەسەکان:**

**ویلی لۆمان:** (دێوەرە)

**لیندا:** (خێزانی ویلی)

**هاپی:** کوڕە بچووکەکەی ویلی

**بیف:** کوڕە گەورەکەی ویلی

**برنارد:** (کوڕی چارلی)

ئافرەتێک

**لیتا:** (سۆزانی)

**هاوارد واگنەر:** (خاوەن کۆمپانیا)

**جێنی:** (سکرتێرەی چارلی)

**خانم فۆرسێت:** (سۆزانی)

**ستێنلی:** (خزمەتکارێک)

«ڕووداوەکان لە ماڵی ویلی لۆمان و گۆڕەپان و چەند شوێنێکی تر، کە ویلی گەشتی بۆ دەکات لەنیویۆرک و (بۆستن) ی ئیمڕۆدا، ڕوودەدەن.»

# پەردەی یەکەم

(نەوای شمشاڵێک، کە دەربارەی گژوگیاو دارو درەخت و ئاسۆ دەدوێ، زۆر بەنەرمی و خۆشی لێ دەدرێ. پەردە دەکرێتەوە. خانووی دێوەرەکە، کە بەخانووی بوورجینی سووچدار چواردەوری دراوە، دیارە. تەنها ڕەنگی شینی ئاسمانی بەسەر خانووەکەو پێشەوەی شانۆکەدا پەخش دەبێتەوە. کەچی ڕەنگێکی نارنجی گەشی تووڕە لەدەوروبەری خانووەکە بەدی دەکرێت. هەرکە سەرشانۆ کەمێک رۆشنتر دەبێتەوە، ترۆپکی ئاپارتمانەکانی دەوروبەری خانووە بچکۆڵە داڕزاوەکە دەردەکەوێ. هەوایەکی خەوناوی باڵی بەسەر ئەم خانووەدا کێشاوە: خەونێک کە لە واقیعێکەوە سەری هەڵدابێ. ناندینەکە، جگە لە تاقە مێزێک و سێ کورسی و بەفرخەرەیەک هیچ چەشنە ڕازاندنەوەیەکی تری تێدا نییە، لەناوەڕاستی خانووەکەیەو زۆر ئاشکرا دیارە. لەبنەبانی ناندینەکە کەلێنێکی هاتوچۆی پەردەدار هەیە بەرەو ژووری پێشوازیکردن دەڕوات. لەلای ڕاستی ناندینەکە، بەقەدەرایی دوو پێ بەرز، ژووری خەوتن دیارە کە بە چوارپایەکی بەتووج ڕووکەشکراو ڕازێنراوەتەوەو کورسییەکی ڕاستی تێدایە. لەسەر ئەو ڕەفکەیەی کە لەژوورسەری بالینگانەکەیە خەڵاتێکی زیونیی وەرزش دانراوە. پەنجەرەیەک بەلای ئاپارتمانەکەی ئەمبەر کراوەتەوە.

لەپشت ناندینەکەوە، بەقەدەرایی شەش پێ و نیو بەرز، ژووری خەوتنی کوڕەکانە کە ئێستا زۆر بەئاستەم دیارە. پەنجەرەکەی بنەبان



و دوو بالینگانەکەی ئەم ژوورە بە ئاستەم دەبینرێن. (ئەم ژوورە لەنهۆمی سەرەوەی ژووری پێشوازیکردن دیار نییە). بەتەنیشت دیواری لای دەستەچەپی ناندینەکەوە پەیژەیەکی پێچاوپێچی بۆ دەڕوات.

ئەم دەوروبەرە بەتەواوی یا لەهەندێ شوێندا ڕوونە. ئاخەبانی خانووەکە یەک ڕووی دیارەو ئاپارتمانەکان لەژێرو ژووریەوە دەبینرێن. پارچە زەوییەکی کەوانەیی لەپێش حانووەکە هەیە کە بەلای پێشەوەی شانۆکەوە تا شوێنی ئۆرکیسترا سووڕانەوە. ئەم پارچە زەوییە کەوانەییە دەبێتە گۆڕەپانی پشتەوەو جێگای ئەندێشەکانی ویلی و گشت دیمەنەکانی شارەکە. هەر کە ڕووداوەکان ئێستا ڕوو بدەن ئەکتەرەکان تخووبی هێڵی دیوارە ئەندێشەییەکان ڕەچاو دەکەن و لەدەرگای لای دەستە چەپ دێنە نێو خانووەکە. بەڵام هەر کە ڕووداوەکان لەڕابردوو دەبن، تخووبی ئەم هێڵانە ڕەچاو ناکرێن و کارێکتەرەکان بەنێو دیوارەکاندا هاتوچۆ دەکەن تا بێنە پێشەوەی شانۆ.

(ویلی لۆمان)ی دێوەرە، دوو باولی گەورەی پڕ نموونەی بەدەستەوەیە، لەلای دەستەڕاستەوە دێتە سەر شانۆ. دەنگی شمشاڵەکە، بەبێ ئەوەی ویلی ئاگای لێ بێت، بەرز دەبێتەوە. ویلی تەمەنی لەشەست ساڵان تێپەڕیوە و جلێکی ڕەنگ کاڵی لەبەرە. تەنانەت هەر کە بەسەر شانۆکە بەرەولای دەرگای خانووەکە دەچێ ڕەنگی هیلاکی پێوە دیارە. دەرگاکە دەکاتەوە، دەچێتە نێو ناندینەکە، بارەکەی بەستایشکردنەوە دادەنێ و هەست بەئازاری نێولەپی دەکات. چەند وشەیەکی پڕ ئاە و حەسرەت بەسەر لێوی دادێن ـ لەوانەیە

ئەوانە بن «ئۆف، ڕۆڵە. ئۆف، ڕۆڵە.» دەرگاکە دادەخاتەوە، جانتاکان هەڵدەگرێتەوەو بەنێو کەلێنە پەردەدارەکەی ناندینەکەوە بەرەو ژووری پێشوازیکردن دەڕوات. لیندا، خێزانەکەی، یەک پێ لەنێو نوێنەکەی ڕاست دەبێتەوە، دەچێتە دەرەوە، ڕۆبەکە دەکاتە بەرو گوێ دەگرێ.

لیندا ئافرەتێکی زۆر دڵفراوان و حەوسەڵەدارو لەسەرخۆیە، بەوپەڕی ئارامییەوە بەرگەی هەموو هەڵسوکەوتە ڕەقەکانی ویلی دەگرێ. لیندا (ویلی) گەلێک خۆش دەوێ و ڕێزی دەگرێ. هەرکە ویلی سروشتە دەمدەمییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە یا خەونی فەلامەرز دەبینێ یا بەدڵڕەقی لەگەڵێ دەجوولێتەوە، لیندا دەزانێ کە ئەمانە تەنها نیشانەی بێ ئارامی (ویلی)ن دەربارەی ئەو شتانەی ئاواتیان بۆ دەخوازێ، ئەو ئاواتانەی کە خۆیشی مەیلی لەخواستنیانە. بەڵام لیندا خاوەنی خوو خەسرەتی وەک ویلی نییە تا بیاندرکێنی یاخود تا سەر بەدوایان بکەوێ.

**لیندا** (*لەدەرەوەی ژووری خەوتنەوە گوێی لەدەنگی ویلی دەبێ و بەترس و لەرزەوە بانگی دەکات*): ویلی!

**ویلی:** هیچ نەبووە، تەنها گەڕامەوە.

**لیندا:** بۆچ؟ چی بووە؟ (کەمێک دەوەستێ) ئایا هیچ ڕووی داوە، ویلی؟

**ویلی:** نەخێر، هیچ نەبووە.

**لیندا:** خۆ تامپۆنت نەکردووە؟

**ویلی** (بەتووڕەو توندییەوە): ئەدی نەمگوت هیچ نەبووە. ئاخۆ گوێت لێ نەبوو؟

**لیندا:** خۆ نەساغ نیت؟



**ویلی:** وەختە لەهیلاکییان بمرم. (*دەنگی شمشاڵەکە دەوەستێ. ویلی لەسەر جێگاکە لەتەنیشت لیندا دادەنیشێ و کەمێک تەپە.*) نەمتوانی بەجێی بگەیەنم. چەندی کردم نەمتوانی بگەمە ئەو شوێنەی مەرامم بوو، لیندا.

**لیندا** (*زۆر بەنەرمی و لەسەرخۆوە*): ئەدی هەموو ئەمڕۆکە لەکوێ بووی؟ تۆ زۆر شپرزەو پەشێو دیاری، ویلی.

**ویلی:** کەمێک لە (یۆنکەرز) تێپەڕیم. لەوێ بۆ فینجانێک قاوە وەستام. لەوانەیە خەتای قاوەکە بووبێ.

**لیندا:** چی؟

**ویلی** (*دوای کەمێک وەستان*): لەپڕەوە نەمتوانی چیتر لێ بخوڕم، ئۆتومبێلەکە بۆ سەر شۆستەکان لای دەدا، زانیت؟

**لیندا** (*بەکەمێ دڵدانەوە*): ئۆه، لەوانەیە دیسان خەتای سووکانەکە بووبێ. وابزانم ئەو (ئەنجیلۆ) فیتەرە هیچی لێ نازانێ.

**ویلی:** نەخێر، خەتاکە لەخۆمە، لەخۆم! لەپڕ بۆم دەرکەوت کە بەخێرایی (٦٠) کم لە سەعاتێکدا دەڕۆیشتم، بەڵام نازانم پێنج خولەکەکانی پاشتر چی ڕووی دا. وادیارە ـ وادیارە مێشکی خۆمم پێ بەرزەفت ناکرێ.

**لیندا:** لەوانەیە خەتای چاویلکەکانت بن. چونکە هەرگیز نەچوویتە لای دکتۆر تا چاویلکە نوێکانت تاقی بکەیتەوە.

**ویلی:** نەخێر هەموو شتێکم باش دەبینی. کە گەڕامەوە بەخێرایی (١٠) کم دەڕۆیشتم. چوار سەعاتی ڕەبەقەم پێ چوو تاگەیشتمەوە ئێرە.

**لیندا** (*بەناڵییەوە*): دە باشە، گیانەکەم تۆ پێویستت بەحەسانەوە هەیە. ناتوانی بەم چەشنە بەردەوام بی.

**ویلی:** هەر ئێستا لە (فلۆریدا) گەڕامەوە.

**لیندا:** بەڵام مێشکت هەرگیز نەحەساوەتەوە. مێشکت زۆر ماندووە. مێشک گرنگترین شتە، گیانەکەم.

**ویلی:** بەیانی سەرلەنوێ دەست پێ دەکەمەوە، لەوانەیە چاکتر ببم. (*لیندا پێڵاوەکان لەپێی ویلی دادەکەنێ*) ئەو کەلوپەلە نگریسەی بۆ پێم بەکاری دەهێنم هێزم لێ دەبڕێ.

**لیندا:** ئەسپرینێک بخۆ، گیانەکەم. بۆتی بهێنم؟ تا کەمێ هێورت بکاتەوە.

**ویلی** (*بەسەرسوڕمانەوە*): ئۆتومبێلەکەم لێ دەخوڕی، تێگەیشتی؟ بەڵام لێ نەبوو، تەنانەت هەموو دیمەنەکانیشم بەباشی دەدی، بیربکەوە! سەیری دیمەنەکانیشم دەکرد، هەموو هەفتەیەک لەژیانما سەیری ئەو دیمەنە دڵگیرانەی ئەمبەرو ئەوبەرم دەکرد. بەڕاستی دیمەنی دڵڕفێن بوون، لیندا. درەختی چڕ چڕ، ڕۆژێکی خۆش. جا منیش جامی پێشەوەی ئۆتومبیلەکەم هەڵدایەوە تا بایەکی فێنکم پێ بکەوێ. بەڵام لەهیکەوە لەڕێگا لامدا! با ئەوەشت پێ بڵێم من ئەوەم لەبیر چووبۆوە کە ئۆتومبیل لێ دەخوڕم. ئەگەر هاتبا لامدابایە سەر هێڵە سپییەکە لەوانەبوو یەکێکم کوشتبا. ئینجا دیسان خەو بردمیەوە. من زۆر کەم ـ (*پەنجەکانی بەیەکترەوە دەقرسێنێ*) ئەو جۆرە بیرە سەیرانەم بەمێشکدا دێ.

**لیندا:** گیانەکەم، ویلی. دووبارە ڕوویان لێ بنێ و قسەیان لەگەڵا بکە.



بۆچی لێ ناگەڕێن لە نیویۆرک کار بکەی؟

**ویلی:** لە نیویۆرک پێویستییان بەمن نییە. من پیاوی نیوئینگلاندم لەوێ پێویستییان پێم هەیە.

**لیندا:** بەڵام ئەوا تەمەنی تۆ لە شەست ساڵ تێپەڕیوە و نابێ داوات لێ بکەن هەموو هەفتەیەک ئەو ڕێگایە ببڕی.

**ویلی:** دەبێ برووسکەیەک بۆ پۆرتلاند بنێرم و (براون و مۆریس) سەعات دەی سبەی بەیانی ببینم تا ڕاپۆرتی کارو پیشەکەمیان پێ بدەم. نفرینی لێ بێت. دەتوانم پێیان بفرۆشم. (*چاکێتەکەی دەکاتەوە بەر*).

**لیندا** (*چاکێتەکەی لێ دەسەنێتەوە*): بۆچی بەیانی ناچیتە ئۆفیس و بە (هاوارد) بڵێی کە دەبێ لە (نیویۆرک) دا کار بکەی؟ تۆ زۆر بەئاسانی لەگەڵ خەڵکی خۆت دەگونجێنیت، گیانەکەم.

**ویلی:** ئەگەر پیرە (واگنەر) بمابوایە، ئێستاکە لە نیویۆرک کارم دەکرد! ئەو کابرایە میرێک بوو. پیاوێکی بلیمەت و سەرکەوتوو بوو. بەڵام ئەو (هاوارد)ەی کوڕی کابرایەکی زۆر کەمەو کەس بەهیچ نازانێ. کە یەکەم جار چوومە باکور کۆمپانیای (واگنەر) هەر نەشیدەزانی نیوئینگلاند لەکوێیە!

**لیندا:** بۆچی ئەو قسانە بە (هاوارد) ناڵێی، گیانەکەم؟

**ویلی** (*بەورەیەکی بەرزەوە*): پێی دەڵێم، پێی دەڵێم. ئایا کەمێک پەنیرمان هەیە؟

**لیندا:** با سەندەویچێکت بۆ بکەم.

**ویلی:** نەخێر، بڕۆ بخەوە. تۆزێک شیر دەخۆمەوەو دەستبەجێ دێمەوە

سەرخۆم. ئەرێ مناڵەکان لەوێن؟

**لیندا:** ئێستاکە خەوتوون. ئەمشەو هاپی بیفی بۆ ژوانێک برد.

**ویلی** (*بەکەیفەوە*): ئاوا!!

**لیندا:** زۆر کەیفم هات کە هەردووکیان لەدوای یەک لە سەرشۆرکێ تەراشیان دەکردو بەیەکەوەش دەرچوون، زانیت؟ ئاخۆ بۆنی سابوونی تەراش لە ماڵێ ناکەیت؟

**ویلی:** لێکی بدەرەوە. وەرە هەموو ژیانت لەڕێی کڕینی خانوویەک تەرخان بکەیت، هەرکە دەبێتە موڵکی خۆت کەسێک نییە تێیدا بژی.

**لیندا:** باشە، گیانەکەم ژیان بریتییە لەزنجیرەیەک داماڵین و گۆڕان و تاسەر هەر بەم شێوەیە دەمینێتەوە.

**ویلی:** نەخێر، هەندێ کەس لەم ژیانەدا شتێک بەدەست دەهێنن. کە بەیانی ڕۆیشتم بیف هیچی نەگوت؟

**لیندا:** ویلی، نەدەبوایە تۆ بەم چەشنە سەرکۆنەت بکردایە، نەخوازەڵا یەکسەر پاش هاتنەوەی. پێویست ناکات مێشکی خۆتی پێوە خەریک بکەی.

**ویلی:** با بڕوا جەهەننەمی لێ پڕ، کەی من مێشکی خۆمم پێیەوە خەریک کردووە؟ زۆر بە ئاسانی لێم پرسی: ئایا چەندێک بەدەست دێنی، جا توخوا ئەمە سەرکۆنەکردنە؟

**لیندا:** بەڵام گیانەکەم ئەو چۆن بتوانێ شتێک بەدەست بێنێ؟

**ویلی** (*بەبێ ئارامی و تووڕەییەوە*): تەوژمێک لەناخییەوە هەیە کە دڵتەنگ و بێزاری دەکات. ئەرێ بەیانی کە ڕۆیشتم داوای



لێبووردنی کرد؟

**لیندا:** بیف بەجارێک هیوای نەماوەو ڕووخاوە، ویلی. تۆ دەزانی ئەو چەند تۆی خۆش دەوێ و ڕێزت دەگرێ. وابزانم کاتێ خۆی دەدۆزێتەوە، هەردووکتان بە ئاسوودەیی و بەختەوەری دەژین.

**ویلی:** گەر لە کێڵگەدا کاربکات، چۆن دەتوانێ خۆی بدۆزێتەوە؟ توخوا ئەمە ژیانە؟ کرێکاری کێڵگە!! کاتێ هێشتا گەنج بوو، وام بیردەکردەوە ئەگەر بیەوێ لەهەر شوێنێک کار بکات، مافم بەسەریەوە نەبێ. بەڵام ئەوا دە ساڵیش زیاترە هێشتاش هەر هەفتەی سی و پێنج دۆلاری هەیە.

**ویلی:** گەر لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا خۆی نەدۆزێتەوە، توخوا شوورەیی نییە!!

**لیندا:** ش ش...

**ویلی:** گرفتی ئەو ئەوەیە کە تەمبەڵ و تەوەزەلە، هەی نەفرەتی لێ بێت.

**لیندا:** تکایە، ویلی!

**ویلی:** بیف کوڕێکی تەمبەڵ و بێ مێشکە.

**لیندا:** خەوتوون. شتێک بخۆو بڕۆ خوارێ.

**ویلی:** نازانم بۆچی گەڕاوەتەوە؟ دەمەوێ بزانم بۆ هاتۆتەوە ئێرە؟

**لیندا:** نازانم. وابزانم هێشتاکە ون بووە، ویلی. وابزانم بە تەواوی ون بووە.

**ویلی:** بیف لۆمان لە مەزنترین دەوڵەتی جیهاندا ون ببێ! دەبێ گەنجێکی وەک ئەو ڕێکوپێک و کۆڵنەدەر ون بووبێ؟ باوەڕناکەم. دەزانم بیف تەمبەڵ و تەوەزەل نییە.

**لیندا:** هەرگیز!

**ویلی** (*بەدڵنەرمی و بڕیاردانەوە*): هەر بەیانی دەیبینم و بەقسەی خۆش لەگەڵی دەدوێم و ئیشێکی بۆ دەدۆزمەوە. زوو بەزوو دەتوانێ پێ بگات. خودایە! لەبیرتە چۆن خەڵکی لەقوتابخانەوە بەدوایەوە بوون و بەنموونەیان دەهێنایەوە؟ کاتێ بەڕووی یەکێکیان پێ دەکەنی، هەموو دەگەشانەوە. کاتێ بەسەر شەقامەکانا دەڕۆیشت... (*لەنێو یادگارەکاندا خۆ ون دەکات*).

**لیندا** (*دەیەوێ لەم گێژەنە ڕزگاری بکات*): ویلی، گیانەکەم، ئەمڕۆ جۆرە پەنیرێکی نوێتری ئەمریکیم بۆ کڕیوی کە زۆر پوختە پێچراوەتەوە.

**ویلی:** کە دەزانی حەز لە پەنیری سوێسری دەکەم، بۆ پەنیری ئەمریکی دەکڕی؟

**لیندا:** وامزانی تۆ حەز لەگۆڕان دەکەی.

**ویلی:** من حەز لەگۆڕان ناکەم! من پەنیری سویسریم دەوێ. بۆ هەموودەم بەپێچەوانەی من دەجوولێیتەوە؟

**لیندا** (*بەزەردەخەنەیەکی شاراوەوە*): وام زانی ئەوە دەبێتە دیارییەکی دڵخۆشکەر.

**ویلی:** بۆ خاتری خوا، بۆ پەنجەرەیەک ناکەیتەوە؟

**لیندا** (*زۆر بەنەرمی و لەسەرخۆوە*): هەموویان کراونەتەوە، گیانەکەم.

**ویلی:** ئەوان بەشێوەیەک ئێمەیان لەو کونە کۆخە پەستاوە، کەرپووچ لەسەر پەنجەرەو پەنجەرە لەسەر کەرپووچ.

**لیندا:** دەبوایە پارچە زەوییەکەی ئەولاترمان بکڕییبوایە.



**ویلی:** شەقامەکان بەئۆتومبێل ئاخنراون و تەنانەت تۆزقاڵێک هەوای خاوێن لەو دەوروبەرە نییە. لەوەو پاش چیتر گژوگیا ناڕوێ. هەروا ناشتوانی گێزەر لە باغچە بچێنی. پێویست وابوو یاسایەک دژ بە ئاپارتمان دروستکردن هەبوایە. خۆ ئەو دوو ڕەشەدارە قەشەنگانەی ئەو ناوەت بەبیردێ کە من و بیف جۆلانەمان لێ هەڵبەستبوون؟

**لیندا:** بەڵێ، دەتگوت ملیۆن میل لەشارەوە دوورن.

**ویلی:** دەبوایە ئەو وەستایەیان بگرتایە کە ئەو دوو دارەی بڕی. قەسابخانەیان لەو ناوە داناوە. (*لەنێو قسەکانیا ون بووە*). زۆر زۆر بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە، لیندا، کە لەو کاتەی ساڵ ئێرە پڕ گوڵ و کوڵیکی بۆنخۆش و ڕەنگین دەبوو. پاشان جۆرەها گوڵ و نێرگزی جوان دەردەچوون و ئەو ناوەیان پڕ بۆنی خۆش دەکرد.

**لیندا:** ڕاست دەکەی... دەبوایە خەڵکی بچوونایەتە شوێنێکی تر.

**ویلی:** نەخێر، هەتادێ خەڵکی هەر زۆر دەبن.

**لیندا:** من وابیر ناکەمەوە خەڵکی لە زۆربووندان، من وا بیر دەکەمەوە...

**ویلی:** زۆربوونی خەڵک ئەم وڵاتە وێران دەکات! ژمارەی دانیشتوان لەڕادە دەرچووە. کێبڕکێ خەڵکی شێت دەکات! بۆن بۆگەنی نێو ئاپارتمانەکان مرۆڤ وڕ دەکات! ئاخۆ چۆن دەتوانن پەنیر پوختە بپێچنەوە.

*(هەر کە ویلی دوا ڕستە تەواو دەکات، بیف و هاپی لەنێو بالینگانی خۆیان هەڵدەستنەوەو گوێ دەگرن)*.

**لیندا:** وەرە خوارێ. پەنیرەکە تاقی بکەرەوەو بێ دەنگ بە.

**ویلی** (*وەک تاوانبارێک تەماشای لیندا دەکات*): تۆ گوێم پێ نادەیت، وانییە، گیانەکەم؟

**بیف:** چ باسە؟

**هاپی:** گوێ بکرە!

**لیندا:** تۆ هەموو دونیات لەسەر خۆت کەڵەکە کردووە، هەر ئەمەشە وا هیلاک و بێ ئارامت دەکات.

**ویلی:** تۆ پاڵپشت و بناغەی منی، لیندا.

**لیندا:** گیانەکەم تۆزێک پشوو بدە. تۆ مێشێک دەکەیتە گامێشێک.

**ویلی:** چیتر لەگەڵیا شەڕ ناکەم. ئەگەر دەیەوێ بگەڕێتەوە تکساس، با بڕوات.

**لیندا:** ڕۆژێک دێ ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە.

**ویلی:** ئەوە گومانی تێدا نییە. هەندێ کەس هەن لەکۆتایی ژیانیاندا دەست بەکاردەکەن وەکو (تۆماس ئەدیسن) و (ب. ف. گۆدریچ)، یەکێک لەوان کەڕ بوو. (*بەرەو لای دەرگای ژووری خەوتن دەچێ*) هەموو سامانم لەسەر بیف دادەنێم.

**لیندا:** گوێ بگرە ویلی ـ ئەگەر هات و ڕۆژی یەکشەمە ڕۆژێکی خۆش و لەباربوو، ئەوا بۆ سەیران ڕوو دەکەینە لادێ. جامی پێشەوەی ئۆتومبێلەکەش دەکەینەوە تا ئەو هەوا خۆشە هەڵمژین و نانی نیوەڕۆش لەوێ دەخۆین.

**ویلی:** بەڵام جامی پێشەوەی ئۆتومبێلە نوێیەکان ناکرێتەوە.

**لیندا:** ئەدی ئەورۆ نەتکردەوە؟

**ویلی:** من؟ نەخێر. (*دەوەستێ*) ئەوە شتێکی ئاسایی نییە. بەخوا



سەیرە– (*هەر کە دەنگی شمشاڵەکە لەدوورەوە دێ، لەهیکەوە بەترس و سەرسامییەوە دەوەستێ*).

**لیندا:** گیانەکەم، چیتە؟

**ویلی:** بەخوا ئەمە شتێکی زۆر سەیرە.

**لیندا:** کامیان، گیانەکەم؟

**ویلی:** بیرم لە شۆفرلێتەکەی ١٩٢٨... دەکردەوە. (*کەمێک دەوەستێ*) ئەو کاتەی کە شۆفرلێتە سوورەکەم هەبوو – (*لەهیکەوە دەوەستێ*) توخوا ئەمە شتێکی سەیر نییە؟... دەتوانم سوێند بخۆم کە ئەمڕۆ ئەو شۆفرلێتەم لێ دەخوڕی.

**لیندا:** ئینجا، ئەمە هیچ نییە. لەوانەیە شتێک ئەمەی هێنابێتەوە بیرت.

**ویلی:** شتێکی زۆر دڵخۆشکەرە گەر مرۆڤ جاروبار بیر لەو ڕۆژانە بکاتەوە! کاتێک بیف ئۆتومبێلەکەی ئەوەندە جوان دەسڕییەوە، دەلاڵەکە بەهیچ چەشنێک باوەڕی نەدەکرد کە هەشتا هەزار میلی بڕیوە (*سەری دەلەقێنێ*) ئێی هێی (بۆ لیندا) چاوەکانت بقوچێنە، هەر ئێستا هەڵدەستمەوە. (*لەنێو جێگاکەوە دێتە دەرەوە*) .

**هاپی** (بۆ بیف): خودایە! لەوانەیە دیسان ئۆتومبێلەکەی تێک شکاندبێ!

**لیندا** (*بانگی ویلی دەکات*): لەسەر پەیژەکە ئاگات لەخۆت بێ، گیانەکەم. پەنیرەکە لەسەر ڕەفکەکەی ناوەندێیە (*ڕوو وەردەگێڕێ و لەژووری خەوتن دێتە دەرەوە*).

(*ڕۆشنایی دەکەوێتە سەر ژووری کوڕەکان. ویلی لەنێو*

*تاریکییەکەدایەو نابینرێ. لەبەر خۆی قسە دەکات و دەڵێ (هەشتا هەزار میل). بەنەرمی پێ دەکەنێ. بیف لەنێو جێگاکەی دەردەچێ و دێتە سەر پەیژەکەو زۆر بەئەسپایی هەستی خۆی ڕادەگرێ. بیف دوو ساڵ لە هاپی برای بەتەمەنترە. گەنجێکی لێهاتوو و ڕێکوپێکە، بەڵام لەم ڕۆژانەدا ماندوو ورە ڕووخاوە. چونکە لەژیاندا زۆر کەم سەرکەوتووە، هەر بۆیەش خەونەکانی ئەو لەهینەکانی هاپی گەورەترن و کەمتر پەسەند دەکرێن. هاپی گەنجێکی بەژن درێژ و پڕ هێزو شنگە. سێکسایەتی وەک ڕەنگێکی ئاشکرا بەسەر دەم و چاویەوە دیارە یاخود وەک بۆن هەندێ ئافرەت هەستی پێ دەکەن. ئەویش وەک براکەی ون بووە، بەڵام بەچەشنێکی تر. چونکە هەرگیز بڕیاری نەداوە ڕووبکاتە ڕووخان و بەرەنگاری ببێتەوە. بۆیەش زیاتر شێواو و شڵەژاوە، بەڵام لەڕواڵەتدا زۆر لەخۆڕازییە.)*

**هاپی** (*لەنێو نوێنەکەی دێتە دەرەوە*): ئەگەر وا بڕوات مۆڵەتی لێخوڕینی لێ دەسەننەوە. وەختە لەداخی ئەو مێشکم تێک بچێ، بیف.

**بیف:** چاوەکانی ڕوو لە کزبوونن.

**هاپی:** نەخێر، وانییە من گەشتم لەگەڵیا کردووە. هەموو شتێک چاک دەبینێ، تەنها مێشکی لەسەر خۆی نییە. هەفتەی ڕابردوو پێکەوە چووین بۆ شار، کە لایتی سەوز دادەگیرسا، دەوەستا. کە دەبۆوە سوور، پێی لێ دەنا. (پێ دەکەنێ)

**بیف:** لەوانەیە تووشی نەخۆشی ڕەنگ کوێری بووبێ.



**هاپی:** باوکم؟ نەخێر، خۆت دەزانی باوکم تیژترین چاوی لەجیاکردنەوەی ڕەنگ لەکارو پیشەدا هەیە.

**بیف:** (*لەسەر نوێنەکەی دادەنیشێ*): دەمەوێ بخەوم.

**هاپی:** هێشتاش لەگەڵ باوکم زوێری؟

**بیف:** وابزانم ئەو هیچی نییە.

**ویلی** (*لەژێریانەوە، لە ژووری پێشوازیکردندایە*): بەڵێ، گەورەم، هەشتا تا هەشتاو دوو هەزار میل!

**بیف:** ئەتو جگەرە دەکێشیت؟

**هاپی** (پاکێتەکەی دەردەکات): جگەرەیەکت ناوێ؟

**بیف** (جگەرەیەک *وەردەگرێ*): کە ئەو بۆنەم بۆ دێ ناتوانم بخەوم.

**ویلی:** ئای چەند جوان لووس و پووس کراوە.

هاپی (*بەسۆزێکی قووڵەوە*): دەزانی، بیف؟ شتێکی سەیرە هەردووکمان دیسان پێکەوە لێرە بخەوین؟ جێگا دێرینەکانمان؟ (بە*سۆزەوە دەست بەسەر جێگاکە دادەهێنێ*) ئەو شوێنەی کە چەندین جار وتووێژی سەرتاپای ژیانمان تێدا کردووە؟

**بیف:** بەڵێ. کۆمەڵە خەون و پلانێکیش.

**هاپی** (*بەدەنگێکی بەرزو نێرانە پێ دەکەنێ*): نزیکەی پێنج سەد ئافرەت دەیانەوێ بزانن چی لەم ژوورەدا وتراوە.

(هەردووکیان پێکەوە زۆر بەنەرمی دەخەننەوە)

**بیف:** ئەو کیژە (بتسی) کێیە خڕوپڕەت لەبیرە کە لەڕێگای (بەشویک) پێی گەیشتین، ئەری ناوی چی بوو؟

**هاپی** (پرچی *شانە دەکات*): ئەو کیژەی سەگە گەورەکەی پێ بوو،

وانییە؟

**بیف:** دەق خۆیەتی لەبیرتە کە لەگەڵیا بەجێم هێشتی؟

**هاپی:** بەڵێ، ئەوە یەکەم جارم بوو، وابزانم. بەرازێکیش لەوێ بوو! (*هەردووکیان بەدەنگێکی گڕ پێ دەکەنن*) تۆ هەموو شتێکت دەربارەی ئافرەت فێرکردم، ئەمەت لەبیربێ.

**بیف:** وابزانم ئەوەت لەبیر کردووە کە چەند شەرمن بووی لەگەڵ ئافرەتاندا، نەخوازەلا لەگەڵ کچاندا.

**هاپی:** ئۆف، تا ئێستاش هەروام، بیف.

**بیف:** هەر بەم شێوەیە بەردەوام بە.

**هاپی:** بەڵام ئێستاش دەتوانم بەسەر شەرمنییەکەمدا زاڵ ببم. من ئێستا کەمتر شەرمنم، کەچی تۆ زێتر شەرم دەکەی. چی بووە، بیف؟ کوا زەوق و ڕەوقەکەی جارانت، کوا بڕواکەت؟ (*ئەژنۆی بیف دەهەژێنێ، بیف هەڵدەستێتەوە سەر پێ و بەبێ ئارامی بە ژوورەکەدا دێ و دەچێ*) چی بووە؟

**بیف:** بۆچی باوکم هەمیشە گاڵتەم پێ دەکات؟

**هاپی:** ئەو گاڵتەت پێ ناکات. ئەو–

**بیف:** هەر چییەکی من دەیکەم ئەو بزەی دێتێ. ناتوانم بەهیچ شێوەیەک لێی نزیک بکەومەوە.

**هاپی:** ئەو هەوڵ دەدات تۆ چاکتر ببی، زۆر لەمێژە دەمەویست دەربارەی باوکم قسەت لەگەڵ بکەم. شتێکی خراپی –لێ چاوەڕوان دەکرێ. ئەو– لەبەرخۆی قسە دەکات.

**بیف:** ئەمڕۆ بەیانی هەستم پێی کرد، بەڵام هەر منگە منگی بوو.



**هاپی:** نەک بەشێوەیەکی وا هەست پێکراو. کە لەگەڵی چوومە (فلۆریدا) زۆر شڵەژاو و پەشۆکاو بوو. دەزانی بیف باوکم هەمیشە دەربارەی تۆ قسە دەکات؟

**بیف:** چ دەربارەی من دەڵێ؟

**هاپی:** لێی تێ ناگەم.

**بیف:** چ دەربارەی من دەڵێ؟

**هاپی:** وابزانم دەربارەی ئەوەی کە تا ئێستا هیچ ئیشێکت بۆ خۆت نەدۆزیوەتەوە هەروەک لە بۆشاییدا بژی وایت –

**بیف:** لەوانەیە شتێک هەبێ ئەژنۆی بشکێنێ و غەمگینی بکات، هاپی.

**هاپی:** مەبەستت چییە؟

**بیف:** گوێ مەدێ. گرینگ نییە. بەڵام هەموو تاوانەکە مەخە ئەستۆی من.

**هاپی:** وابزانم تەنها گەر بێ و دەست بدەیتە ئیشێک، مەبەستم وایە، ئایا کارەکەی تۆ هیچ دواڕۆژێکی لێ چاوەڕوان دەکرێ؟

**بیف:** با پێت بڵێم هاپی، من نازانم دواڕۆژم بە چی دەگات. نازانم چی بکەم.

**هاپی:** مەبەستت چییە؟

**بیف:** باشە، دوای ئامادەیی، ئەوا من شەش حەوت ساڵێکم بەسەر برد تەنها بۆ ئەوەی بتوانم خۆم پێ بگەیەنم. چەندەها پیشەی جیاجیام تاقی کردەوە، هەر لە نووسیاری بارکردنی پاپۆڕەوە بگرە تا دێوەرەیی و چەندین پیشەی تریش. ئەم جۆرە ژیانە شێوەیەکی دەردەدارانەیە. وەرە لەو بەیانییە گەرمانەی هاوینان

برۆیتە ژێر زەوی! یا هەموو ژیانت بە قۆمەتکردنی کەلوپەل یا کورکبوون لەسەر تەلەفۆن یا مامەڵەکاری بفەوتێنی! ئازاری پەنجا هەفتە بکێشی تەنها بۆ ئەوەی دوو هەفتە پشووت بدرێتێ، لەکاتێکدا کە بە حەزرەتی ئەوەوەم کراسەکەم داکەنم و لەو دەشتە بەرهەڵدایە بژیم و کەس نەبێ فرمانم پێ بکات. لەپاڵ ئەم هەموو دەردەسەرییەشدا، وەرە بەتەمای ئەوە بیت دوارۆژێک بۆ خۆت دابین بکەی؟

**هاپی:** دە باشە، پێم ناڵێی چ خۆشییەک لەژیانی نێو کێڵگە دەبینی؟ ئایا ئەم چەشنە ژیانەت بەدڵە؟

**بیف** (*تووڕەییەکەی لەزێدەبوونە*): هاپ، پێش جەنگ، هەر کە ماڵم جێ هێشت، نزیکەی بیست تا سی پیشەی هەمەچەشنم بەسەرکردەوە، کەچی سەرەنجامی هەمووان هەروەک یەکتری بوون و هەمان شتیشم لە کۆتایی هەر یەکێکیانا هەست پێ دەکرد. ئێستاکەش کە لە تکساسم هەمان هەست پاڵم پێوەدەنێ بەرەوماڵ بگەڕێمەوە. ئەو کێڵگەیەی کە تێیدا کار دەکەم، ئێستا لەوێ بەهارە، بڕوانە؟ نزیکەی پازدە جوانووی لێیە. هیچ دیمەنێک لەوە جوانتر نییە کە ماینێک ببینی و جوانوویەکی ساوای لەبەربێ. ئێستاکە ئاووهەوای ئەوێ گەلێ فێنکە. بیر بکەرەوە؟ ئێستا لە تکساس بەهارەو ئاووهەواش زۆر فێنکە، هاپ. هەرکاتەی بەهار ڕوو لەو شوێنە بکات کە منی لێیە، خودای گەورە! لەپڕ هەست بەوە دەکەم کە بەهیچ ناگەم! ئەوە چ دۆزەخێکە من تیای کەوتووم! هەفتەی بۆ بیست و هەشت دۆلاری بێ وەج لەبەر ڕەوە ئەسپانم. ئەوا تەمەنم گەیشتە سی و چوار ساڵ، پێویستە دوارۆژێک بۆ خۆم دابین بکەم. ئا هەر ئەم هەستەشە بەرەوماڵ پاڵم دەنێ. ئێستاکەش نازانم لێرە چی بکەم. (*پاش کەمێک وەستان*) هەموو دەم هیوام وابوو کە ژیانی خۆم بەخۆڕایی نەدۆڕێنم! بەڵام هەر کە دەگەڕێمەوە ئێرە، بۆم ڕوون دەبێتەوە کە هەر چییەکی کردوومە تەنها دۆڕاندنی ژیانم بووەو بەس.

**هاپی:** دەزانی شاعیریت، بیف؟ تۆ زۆر ئایدیالێستی؟

**بیف:** نەخێر، من تێکەڵەیەکی بێ سەروبەرم. دەبوایە تا ئێستا ژنم بهێنابوایە، دەبوایە خۆم بەشتێکەوە خەریک بکردایە. لەوانەیە هەر ئەمانە گرفتی من بن. من وەک مناڵێکی بێ کارو بێ ژن وام. من بەتەواوی لەمناڵ دەکەم. ئایا بەم جۆرە ژیانە ڕازیت، هاپ؟ تۆ سەرکەوتووی، وانییە؟ ئایا ڕازیت؟

**هاپی:** نەخێر، ئەم جۆرە ژیانە بە نەفرەت بێت.

**بیف:** بۆچ؟ تۆ پارەیەکی چاکت دەست دەکەوێ، وانییە؟

**هاپی** (*بەچوستی دەجووڵێتەوەو دەیەوێ شتێک دەربڕێ*): ئەوەی ئێستاکە مێشکی خۆمی پێوە خەریک دەکەم مردنی بەڕێوەبەری کۆگای بازرگانییە. وابزانم پاش ئەو من دەبمە بەڕێوەبەر؟ ئەو زۆر هاوڕێمەو کێڵگەیەکی زۆر گەورەو دڵڕفێنی لە (*لۆنگ ئایلاند*) دروست کردووە. نزیکەی دوو مانگێک لەوێ مایەوەو پاشان فرۆشتی. ئێستا خەریکی دروستکردنی یەکێکی ترە. هەر کە تەواویان دەکات هیچ جۆرە خۆشییەکیان تیا نابینێ. کە منیش بوومە بەڕێوەبەر وەک ئەو دەکەم. بەڵام نازانم بۆ چ نەفرەتییەک کار دەکەم. زۆرجار بەتەنها لە ئاپارتمانەکەی خۆم

دادەنیشم و کاتێ بیر لەو کرێیە دەکەمەوە کە دەیدەم، ئەقڵم لەسەردا نامێنێ. کەچی هەمیشە ئەمە ئارەزووم بووە، ئاپارتمانی خۆم، ئوتومبێل و کۆمەڵە ئافرەتێک. بەڵام هێشتا هەر دەڵێم: نەفرەت لەم ژیانە بێ. چونکە هەست بەتەنهایی دەکەم.

**بیف** (بەخوێن گەرمییەوە): بۆ لەگەڵم نایەیت بچینە ڕۆژئاوا؟

**هاپی:** من و تۆ، ئێی؟

**بیف:** دڵنیابە دەتوانین کێڵگەیەک بۆ پەروەردەکردنی ئاژەڵ بکڕین و قۆڵ و بازووی لێ بخەینە کار. پیاوی وەک ئێمە پێویستە لەو ئاقارە بەرهەڵدایە کار بکات.

**هاپی** (*بەپەرۆشەوە*): برایانی لۆمان. ئێی هێی ؟

**بیف** (*بەسۆزەوە*): بێ گومان ناومان بەهەموو وڵاتاندا بڵاو دەبێتەوە.

**هاپی** (*ئەوەندەی نەماوە لەخۆشییان شامەرگ بێ*): هەر ئەمەشە کە من خەوی پێوە دەبینم، بیف. زۆرجار لەنێو کۆگادا دەمەوێ کراسەکەی بەر خۆم دادڕم و ئەو بەڕێوەبەرە فەرمەسۆنەی کۆگا بدەمە بەر کۆڵەمست و لە پێستیدا هووردی بکەم. مەبەستم وایە، کە دەتوانم هەموو ئەوانەی نێو کۆگا هوورد بکەم و تێکیان بشکێنم... من فەرمان لەو بۆرە پیاوانە، لەو زۆڵانە وەربگرم! چیتر لەتوانام نەماوە دان بەخۆم بگرم.

**بیف:** با پێت بڵێم، ڕۆڵە، ئەگەر لەوێ تۆم لەگەڵدا بێ زۆر سەرفراز دەبم.

هاپی (بەخوێن گەرمییەوە): تەماشاکە، بیف. هەموو ئەوانەی دەوروبەرم ئەوەندە هیچ و پووچن تا منیش مەزنێتی خۆم ون کرد.



**بیف:** ڕۆڵە، گەر من و تۆ پشتی یەکتری بگرین دەبینە جێی بڕوای هەموو خەڵکی.

**هاپی:** ئەگەر دەهات و لەلات دەبووم...

**بیف:** هاپ، گرفتمان ئەوەیە کە ئێمە پەروەردە نەکراوین بزانین چۆن پارە کۆ بکەینەوە. نازانم چۆن دەست پێ بکەم.

**هاپی:** منیش هەروا!

**بیف:** کەواتە بابڕۆین!

**هاپی:** تاقە گرفتمان ئەوەیە ئێمە نازانین لەوێ چی بکەین؟

**بیف:** تەماشای هاوڕێکەت بکە، کێڵگە دروست دەکات کەچی هەرگیز لەژیاندا بەختەوەر نییە.

**هاپی:** ڕاست دەکەی... بەڵام کاتێ بەنێو کۆگادا دەڕوات، شەپۆلەکان بەڕوویدا دەکرێنەوە. ساڵێ پەنجاو دوو هەزار دۆلاری لەدەرگای خولدارەوە بۆ دێتە ژوورێ لەگەڵ ئەوەشدا پەنجە بەنرخەکەم سەری ئەو دەهێنێ.

**بیف:** ڕاستە، بەڵام ئێستا تۆ گوتت...

**هاپی:** دەبێ بۆ هەندێ لەو کاربەدەستە لەخۆباییە خۆویستانەی ئێرە بسەلمێنم کە هاپی لۆمان دەتوانێ دوارۆژێکی باش بۆ خۆی دابین بکات. دەمەوێ بە چەشنی ئەوان بەنێو کۆگادا پیاسە بکەم. پاشان لەگەڵت دێم و سوێندت بۆ دەخۆم بەیەکەوە دەبین. بەڵام ئەو دووانە لەگەڵ خۆت ببە کە باسمان کردن. توخوا وەک پەری نەبوون؟

**بیف:** بەڵێ، بەڵێ. قەشەنگترین پەری سەر ڕووی زەمین بوون. چەند

سالێکیش دەبێ هی وام هەر نەدیوە.

**هاپی:** هەر دەمێ بمەوێ دەیانبەم، بیف. هەر کاتێک هەست بە بێزەوەری بکەم دەیانبەم. تاقە گرفت ئەوەیە ئەو کارە وەک زۆرانبازی یا شتی تر وایە. من هەمیشە دەست دەکەمە کوتان و بەرەنگار بوونەوەیان. ئەمەش کارێکی بێ مانایە. تۆ هێشتا وەک لە بۆشاییدا بژیت وایت، بیف.

**بیف:** نەخێر، من لەدوای کیژێکی خاوەن هێزو بڕوا دەگەڕێم! لەکیژێکی وا کە نەگۆڕێت.

**هاپی:** منیش هەر بەحەزرەتی ئەوەوەم.

**بیف:** بەردەوام بە، ئینجا چیتر نایەیتەوە ماڵ.

**هاپی:** کیژێکم دەوێ کەسایەتی و خۆڕاگرتنی هەبێ. وەک دایکم، زانیت؟ تۆ بە زۆڵم دادەنێیت کە پێت دەڵێم ئەو (چارلۆت)ەی ئەمشەو لەگەڵم بوو مارەی براوەو پاش پێنج هەفتەی تر دەگوازرێتەوە. (*شەپقە نوێیەکەی تاقی دەکاتەوە*).

**بیف:** بەس گاڵتەو فشە فش بکە.

**هاپی:** بێ گومان، دەزگیرانەکەی بۆ جێگری بەڕێوەبەری کۆگا هەڵبژێرراوە. نازانم مەزنێتی ئەو لە چیدایە؟ لەوانەیە توانای پێشبڕکێی ئەو لە هی من زێتر بێ. بەڵام هەر چۆنێک بێ بردم و خراپم کرد. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم وازی لێ بهێنم. ئەمە سێهەمین کەسە کە وای لێ دەکەم. توخوا ئەمە کارێکی پووچ نییە؟ سەرەڕای ئەوەش لە ئاهەنگی زەماوەندەکەیان ئامادە دەبم؟ (*بە پەستییەوە، بەڵام پێ دەکەنێ*) پیاوی وەک من نەدەبوایە بەرتیل وەرگرێ. کەچی ناوبەناو خاوەن کارگەکان



سەد دۆلارێکم پێشکەش دەکەن تا ئەگەر شتێکمان ویست بۆ لای ئەوان بنێرم. بڕوانە من چەند دڵسۆزو دەست پاکم، بەڵام بەهۆی ئەو کیژە بێز لە خۆم دەکەمەوە، چونکە من ئەو کیژەم ناوێ کەچی هێشتاش هەر دەیبەم و حەزم لەو شتەیە!

**بیف:** با بخەوین.

**هاپی:** وابزانم بڕیارمان لەسەر هیچ شتێک نەداوەو نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێک؟

**بیف:** تەنها یەک شت لەمێشکم دەخولێتەوە. وابزانم تاقی دەکەمەوە.

**هاپی:** ئەمەیان چییە.

**بیف:** (بیل ئۆلیڤەر)ت لەبیرە؟

**هاپی:** بێگومان. ئۆلیڤەر ئێستا زۆر گەورەیە. دەتەوێ دووبارە لای ئەو کار بکەی؟

**بیف:** نەخێر، بەڵام کاتێک ئەوم جێ هێشت، لەبیرمە کە دەستی دانا سەر شانم و پێی گوتم (بیف، *هەر کاتێ شتێکت ویست، وەرەوە لام*).

**هاپی:** چاکم لەبیرە. ئەوە شتێکی دڵخۆشکەرە.

**بیف:** وا بزانم چاکە بچمە لای و چاوم پێی بکەوێ. گەر بتوانم دە یا هەشت یا هەر هیچ نەبێ حەوت هەزار دۆلارێکی لێ وەربگرم، ئەو کاتە دەتوانم کێڵگەیەکی قەشەنگ بۆ پەروەردەکردنی ئاژەڵ بکڕم.

**هاپی:** گەرەوت لەگەڵ دەکەم کە دەستت دەگرێ، چونکە زۆر ڕێزت دەگرێ و بڕوای پێت هەیە. بیف، تۆ زۆر لەبەردڵانی، هەر لەبەر

ئەوەشـە دەمـەوێ بگەڕێیتـەوە ئێرە. ئینجا ئاپارتمانێکمان پێکەوە دەبێ و ئارەزووت لەهەر شتێ بێ، بۆت پەیدا دەکەم...

**بیف:** نەخێر، بەهۆی کێڵگەیەکەوە دەتوانم کار بکەم و ببمە پیاوێکی مەزن. من بیر لەوە دەکەمەوە دەبێ (بیل ئۆلیڤەر) ئەو کارتۆنە تۆپەی لێم دزی لەبیر مابێ.

**هاپی:** نەخێر، لەوانەیە ئەوەی هەر زوو لەبیر چووبێتەوە. ئەوە نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر بوو، کەچی تۆ زۆر بە هەستی. هەر چۆنێک بێ دەست بەڕووتەوە نانێ و بەدەستی بەتاڵ ڕەوانت ناکاتەوە.

**بیف:** بەڵێ ئەوەندەی نەمابوو دەرم بکا، جا هەر بۆیەش بوو کارەکەم جێ هێشت. هەرگیز لەوە دڵنیا نەبووم ئایا بەو کارەی زانیوە یان نا. تەنها ئەوەندە دەزانم کە من لەلای ئەو کەسێکی زۆر گەورە بووم. تاقە کەسێک بووم کە بڕوای پێم هەبوو و کلیلی دەرگای کۆگاکەی دابوومێ.

**ویلی** (*لەخوارەوە*): بیف، ئەدی ماکینەکە ناشۆی؟

**هاپی:** ش ش!

(*بیف تەماشای هاپی دەکا کە سەیری خوارەوە دەکات، گوێ دەگرن. ویلی لە سالۆنەکە دەست بەمنگە منگ دەکات*).

**هاپی:** گوێت لێیەتی؟

(*هەردووکیان گوێ دەگرن ـ ویلی پڕ بەدڵ پێ دەکەنێ*).

**بیف** (تووڕە دەبێ): دەبێ نەزانی دایکم گوێی لەقسەکانی دەبێ؟

**ویلی:** فانیلەکەت پیس نەکەی، بیف؟

(*هێمای ئێش و ئازار لەسەر دەموچاوی بیف دەردەکەوێ*).



**هاپی:** ئاخۆ ئەمە شتێکی ترسناک نییە؟ بیف، تکات لێ دەکەم، جارێکی تر ئێرە جێ مەهێڵە، دەڕۆیت؟ کارێک لێرە بدۆزەوەو لەسەریا بەردەوام بە. نازانم چی بکەم. تا دێ کار بەرەو خراپی دەڕوات.

**ویلی:** ئای لەو کارە نایابە!

**بیف:** دایکم گوێی لەو قسانە دەبێ!

**ویلی:** بەبێ گاڵتەو فشەبازی، بیف، تۆ ژوانێکت هەیە؟ ئەمە کارێکی سەرسوڕهێنەرە!

**هاپی:** دە بخەوە بیف. بەڵام بەیانی قسەی لەگەڵا بکە، ئێ؟

**بیف** (*بەناڵی دەچێتە ژێر نوێنەکەیەوە*): دایکم و ئەو فەرمەسۆنە لەماڵێ پێکەوە بژین. براکەم پێم مخابنە!

**هاپی** (دەخزێتە نێو نوێنەکە*ی*): زۆر حەز دەکەم بەدڵنەرمی لەگەڵی بدوێی.

(*ڕۆشنایی ژوورەکەیان بەرە بەرە کز دەبێ*)

بیف (*لەبەرخۆیەوە، لەنێو نوێنەکەیدایە*) ئەو خۆپەرستە، گەلحۆیە...

**هاپی:** ش ش... بخەوە، بیف.

*(بەجارێک ژوورەکەیان تاریک دادێ. پێش ئەوەی ئەوان لەقسەکردن ببنەوە، هەیکەلی ویلی بە ئاستەم لەناندینە تاریکەکەدا دەبینرێ. بەفرخەرەکە دەکاتەوە، چاوێک بەناویدا دەگێرێ، بوتڵێک شیر دەردێنێ. ئاپارتمانەکانی ئەو دەوروبەرەی لەبەر چاو تاریک دادەگەڕێ. هەموو خانووەکە*

*بەپەلک دادەپۆشرێ. لەگەڵ بەربوونەوەی پەلکەکان، مۆسیقاکە لێ دەدرێ).*

**ویلی:** بیف، تەنها ئەوەندەم لەتۆ دەوێ لەگەڵ ئەو کیژانە وریا بیت. هەرگیز بەڵێن بەکەس مەدە. خۆت بەهیچ چەشنە بەڵێنێک مەبەستەوە. چونکە کیژ زۆر خۆشباوەڕن، هەر چییان پێ بڵێی باوەڕ دەکەن. کەچی تۆ هێشتا زۆر گەنجیت تا بەجەرگ سۆزییەوە لەگەڵ کیژان قسە بکەی.

*(ڕۆشنایی دەکەوێتە سەر ناندینەکە. ویلی لەبەر خۆی قسە دەکات و بەفرخەرەکە دادەخاتەوە. بەسەر پەیژەی ناندینەکە دێتەخوارێ و دەچێتە لای مێزی نانخواردن. شیرەکە دەکاتە نێوە پەرداخێکەوە. دەمێک لەخۆی ورد دەبێتەوە، دادەمێنێ و زەردەخەنەیەکی ناسکی بەسەر لێوان دادێ).*

**ویلی:** تۆ هێشتا زۆر بچووکیت، بیف. پێویستە پێش هەموو شتێک ئاگات لەخوێندنی خۆت بێ. پاشان هەر کە ئەمانەت جێبەجێ کرد، ئەوکاتە کیژ بۆ کوڕێکی وەک تۆ زۆرە. (*سەیرێکی کورسی ناندینەکە دەکاو پێ دەکەنێ*) ئاوا؟ کیژەکان پارەت لێ سەرف دەکەن؟ (*پێ دەکەنێ*). ڕۆڵەم تۆ پێویستە دەستی خۆت لەم هەلەدا بوەشێنێ!

*(ویلی بەرە بەرە ڕوو دەکاتە شوێنێکی دەرەوەی شانۆ. شەپۆڵەکانی دەنگی، بەنێو دیواری ناندینەکەدا، ئاراستەی جەماوەر دەکات. دەنگەکەشی بەرە بەرە بۆ ئاستی گفتوگۆیەکی سروشتی بەرز دەبێتەوە).*

**ویلی:** سەرم سوڕماوە بۆ ئوتومبێلەکە ئەوەندە بەوردی دەسڕیتەوە!



هیچ پارچەیەک بێ سڕینەوە جێ نەهێڵی، ئێ؟ هاپی، جامەکان بەڕۆژنامە بسڕەوە، چونکە ئەوە ساناترین ڕێگەیە. بیف، هاپی فێربکە چۆن بسڕێتەوە. بڕوانە، هاپی، ڕۆژنامەکە بەپانی پێدا بێنە! ئا، ئاوا، ئاوا. باشە، زۆر جوانە. هاپی تۆ زۆر باش دەسڕیەوە.

*(دەمێک دادەمێنێ. بۆ ماوەی چەند خولەکێ سەری دەلەقێنێتەوە وەک نیشانەی ڕازیبوون. ئینجا تەماشای سەرەوە دەکات)* بیف، دەبێ هەر بەیانی ئەو لقە دارەی سەر خانووەکەمان ببڕینەوە. نەوەک ڕەشەبا هەڵبکاو سەربانەکەمان لێ بڕووخێنێ. دەبێ کندڕێک بهێنین و لێی گرێ بدەین، پاشان بەسەری دەکەوین و بەدوو هەرە دەیبڕینەوە. هەرکە لە سڕینەوەی ئوتومبێلەکە بووینەوە، شتێکی سەیرتان دەدەمێ.

**بیف** (*لە دەرەوەی شانۆوە*): بابە، چیت بۆمان هێناوە؟

**ویلی:** نا! پێشتر ئیشەکە تەواو بکەن. هیچ کارێک جێ مەهێڵن تا لێی نەبنەوە. (*ڕوو بۆلای درەختە گەورەکان وەردەگێڕێت*) بیف کە لە (ئەلبانی) بووم جۆلانەیێکی جوانم بینی. ئەوجارە بچمەوە ئەوێ دەیکڕم و ڕاستەوخۆ لەمابەینی لق و پۆپی ئەو دوو ڕەشەدارە دەیبەستم. توخوا شتێکی مەزن نییە گەر جۆلانەیەک لەژێر ئەو لقانە دروست بکەین! ڕۆڵە ئەمە...

*(بیف و هاپی مێرد منداڵ لەو گۆشەیە دەردەکەون کە ویلی ڕووی تێ کردووە. هاپی چەند پارچە پەڕۆ و پیتاڵێک و پەقرەجێک ئاوی لەدەستە. بیف فانیلەیەکی لەبەرە کە پیتی (S) ی لەسەرەو تۆپێکیشی لەباوەشە).*

**بیف** (*پەنجە بۆ ئوتومبێلەکەی دەرەوەی شانۆ درێژ دەکات*): ئا ئەمە چۆنە، ئەی باوکی پیشەزانم؟

**ویلی:** دەست خۆش، دەست خۆش، ڕۆڵەکەم، بیف.

**هاپی:** کوا ئەو شتە سەیرەی باست کرد، بابە؟

**ویلی:** لەسەر کوشینی پشتەوەی ئوتومبێلەکەم داناوە.

**هاپی:** دەی کورە! (*یەک پێ ڕادەکات*)

**بیف:** بابە، دە پێم بڵێ چیت هێناوە؟

**ویلی** (*بەپێکەنینەوە، مەچەکی دەگرێ*): دڵ لەدڵی مەدە شتێکە دەمەوێ بۆتۆ بێ.

**بیف** (*ڕوو دەکاتە هاپی*): چی هێناوە؟

**هاپی** (*لەدەرەوەی شانۆوە*): دەستەوانەی بۆکسانێ!

**بیف:** ئای بابە!

**ویلی:** مۆری (جێن تونێی) پێوەیە!

(*هاپی بەغار دێتە سەر شانۆو دەستەوانەکانیشی لەدەستە*)

**بیف:** جوانە، جوانە. بەڵام چۆن زانیت پێویستمان بەو جۆرە دەستەوانانە هەیە؟

**ویلی:** چاکترین شتە بۆ لەش ڕێکوپێکی.

هاپی (*لەسەر گازی پشت درێژ دەبێ و بە پێکانی پەیدان لێدەدات*): کێشم بەرە بەرە کەمتر دەبێتەوە! هەستت بەوە نەکردووە، بابە؟

**ویلی:** لەسەر گوریس هەڵپەڕینیش بۆ لەش باشە.

**بیف:** بابە تۆپە نوێیەکەمت دی؟



**ویلی** (*تۆپەکە هەڵگێڕو وەرگێڕ دەکات*): ئەو تۆپە نوێیەت لەکوێ هێنا؟

**بیف:** مامۆستای وەرزش پێی دام یاری پێ بکەم.

**ویلی:** ها، ئاوا! ئەو ئەم تۆپەی پێ دای؟

**بیف:** لە کۆگای کەلوپەلم خواستەوە. (*بەبرواوە پێ دەکەنێ*).

**ویلی** (*لەژێر لێوان پێ دەکەنێ*): من دەمەوێ بیگەڕێنیتەوە.

**هاپی:** پێم نەگوتی باوکم حەز لەو کارانە ناکات!

**بیف** (*بەتووڕەییەوە*): باشە، دەیگەڕێنمەوە.

**ویلی** (*ئەو گفتوگۆیە بێ تامە ڕادەگرێ، بۆ هاپی*): بێ گومان، پێویستی بەم تۆپە هەیە، وانییە؟ (بۆ بیف) لەوانەیە مامۆستای وەرزش بەبۆنەی ئەم دەست پێشکەرییەت پیرۆزباییت لێ بکات.

**بیف:** ئۆه، بابە، هەموو کاتێک بەبۆنەی دەست پێشکەریم پیرۆزبایی لێ کردووم.

**ویلی:** لەبەر ئەوەی تۆی خۆش دەوێ. ئەگەر یەکێکی تر ئەم تۆپەی بردبایە دەیکردە هەرایەکی گەورە. ڕۆڵەکانم، دەنگوباس چ هەیە؟

**بیف:** بابە ئەم جارە بۆ کوێ دەچیت؟ ئێمە بەبێ تۆ هەست بەتەنهایی دەکەین.

**ویلی** (*زۆر بەکەیفەوە دەست دەخاتە سەرشانی کوڕەکانی و بەرەو شوێنە کەوانەییەکە دێتە خوارێ*) هەست بە تەنهایی دەکەن، ها؟

**بیف:** تۆ هەمیشە لێمان دووری.

**ویلی:** قەت وا مەڵێ!! ئەوەندە دڵتەنگ مەبن. ڕۆڵەکانم، با ڕازێکتان بۆ

بدرکێنم. ڕۆژێ دێ ببمە خاوەنی پیشەی خۆم، ئەو کاتە چیتر جێتان ناهێڵم.

**هاپی:** وەک مامە چارلی، وانییە؟

**ویلی:** لەویش مەزنتر! چونکە ئەو لەبەردڵان نییە ـ لەبەردڵانە، بەڵام ـ زۆر لەبەردڵان نییە.

**بیف:** دواجار بۆکوێ چوویت، بابە؟

**ویلی:** دواجار بەرەو باکور کەوتمە ڕێ تا گەیشتمە ناوچەی (پرۆڤیدەنس) و چاوم بەسەرۆکی شارەوانی ئەوێ کەوت!

**بیف:** سەرۆکی شارەوانی (پرۆڤیدەنس)!

**ویلی:** لە سالۆنی ئوتێلەکە دانیشتبوو.

**بیف:** چی پێ گوتی؟

**ویلی:** گوتی (*بەیانیت باش*)! منیش گوتم "گەورەم، تۆ شارێکی جوانت هەیە" ئینجا بەیەکەوە قاوەیەکمان خواردەوە. پاشان چوومە (وۆتربێری) کە شارێکی زۆر دڵگیرە. ئەم شارە خاوەن کاتژمێرێکی مەزنە. کاتژمێرە بەناوبانگەکەی (وۆتربێری) ت نەبیستووە؟ قەیاسەک شتم لەوێ فرۆشت، ئینجا بەرەو (بۆستن) کە بێشکەی شۆڕشە کەوتمە ڕێ و ئەویش شارێکی دڵڕفێنە. بەدوو شاری تریشدا چووم ـ یەکەم جار چوومە (ماسۆشێت) ئینجا بەرەو (پۆرتلاند)ـ و پاشان یەکسەر بەرەو ماڵ گەڕامەوە.

**بیف:** ئۆهـ. بابە، چەند حەز دەکەم جارێک لەگەڵت بێم.

**ویلی:** ئەم هاوینەی دەتبەم.



**هاپی:** بەڵێن دەدەی؟

**ویلی:** من و تۆو هاپی بەهەموو شارەکانا دەگەڕێین. ئەمریکا پڕی شاری دڵگیرو خەڵکی تێگەیشتوو و مەزنە، ڕۆڵەکانم خەڵکی نیوئینگلاند بەگەورەو بچووکەوە چاک دەمناسن. ئەوان خەڵکی قسەخۆش و چاکن، کە چووینە ئەوێ هەموو خەڵکی دەرگامان بۆ دەخەنە سەر پشت، چونکە من هاوڕێم لەوێ زۆرە. جا لەهەر شەقامێکی نیوئینگلاند بمەوێ دەتوانم ئوتومبێلەکەم ڕابگرم و پۆلیسەکانی ئەوێ وەک ماڵی خۆیان چاویان لێی دەبێ. هەر ئەم هاوینە دەتانبەم.

**بیف و هاپی (پێکەوە)**: بەڕاستتە، بەڵێن دەدەی؟

**ویلی:** کەلوپەلی خۆشتنیش لەگەڵ خۆمان دەبەین.

**هاپی:** بابە، ئێمە جانتاکانت بۆ هەڵدەگرین!

**ویلی:** توخوا ئەمە کارێکی سەیر نییە! من بچمە نێو کۆگاکانی (بۆستن) و ئێوەش جانتاکانم بۆ هەڵگرن. ئای چ شتێکی دڵخۆشکەرە.

*(بیف هەڵدەبەزێتەوەو دادەبەزێتەوە، تۆپەکە هەڵدەداو دەیگرێتەوە)*.

**ویلی:** بیف تۆ لەیاریکردندا زۆر زرنگی، وانییە؟

**بیف:** نەخێر، تەنها ئەوکاتەی تۆ لێرەیت.

**ویلی:** ئەرێ ئێستا کە بوویتە کاپتنی تیپی تۆپی پێی قوتابخانە چیت لەبارەوە دەڵێن؟

**هاپی:** هەر کە لە ژوورێکەوە دەچێتە یەکێکی تر کۆمەڵە کیژێکی بەدوایەوەیە.

**بیف** (*دەستی ویلی دەگرێ*): ئەم شەممەیە، بابە، ئەم شەممەیە تەنها بۆ خاتری تۆ هێرش دەبەم و گۆڵێک دەکەم.

**هاپی:** پێویستە ئەم جارە سەرکەویت.

**بیف:** تەنها ئەم یارییە بۆ باوکم دەکەم. چاوت لێم بێ، بابە، کاتێ کڵاوەکە لەسەرم دەکەمەوە ئەوە مانای ئەوەیە کە هێرش دەبەم. ئینجا چاوت لێم بێ چۆن گۆڵ دەکەم.

**ویلی** (*بیف ماچ دەکات*): چاوەڕێ بکە تا ئەمە لە (بۆستن) دەدرکێنم.

*(برنارد لە بیف بچووکترە، بەڵام کوڕێکی کۆڵنەدەرو ڕاستگۆو بێ ئارامە، بە دەرپێ قوتەوە دێتە ژوورێ).*

**برنارد:** ئەوە لەکوێی، بیف؟ دەبوایە ئەمڕۆ لەگەڵ من بتخوێندایە.

**ویلی:** سەیری برنارد بکە. ئەوە بۆ ئەوەندە لاوازو بێ ڕەنگی، برنارد؟

**برنارد:** مامە ویلی، دەبێ بیف بخوێنێ چونکە هەفتەی ئایندە تاقیکردنەوەی بەکالۆریەی هەیە.

**هاپی** (*گاڵتەی پێ دەکاو بەخێرایی بەدەوری برنارد دەسووڕێتەوە*): دەبا بۆکسانێ بکەین، برنارد.

**برنارد** (*لە هاپی دوور دەکەوێتەوە*): گوێ بگرە، بیف. بیستم ئەگەر بێ و نەخوێنی، ئەوا (بیرن باوم) لەوانەی ماتماتیکدا دەتخات. ئینجا ناتوانی بچیتە زانکۆ. بەگوێی خۆم ئەمەم لێی بیست.

**ویلی:** باشتر وایە بچی لەگەڵی بخوێنی، بیف. دە هەر لەئێستاوە بەردەوام بە!

**برنارد:** ئەمەم بەگوێی خۆم لێی بیست!

**بیف:** ئۆ، بابە تۆ لاپچینەکانمت دیوە؟ (*قاچی هەڵدەبڕێ تا ویلی بیبینێ*).





**ویلی:** ئۆی، وێنەکان چەند بەجوانی لەسەری چاپ کراون.

**برنارد** (*چاویلکەکانی دەسڕێتەوە*): چاپکردنی ناوی (زانکۆی ڤیرگینیا) ئەوە ناگەیەنێ کە لەتاقیکردنەوە دەردەچێ و دەچێتە زانکۆ، مامە ویلی.

**ویلی** (*بەتووڕەییەوە*): ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ لەکاتێکا کە لەلایەن سێ زانکۆوە داواکاری بۆ هاتووە، وا دەزانی دەری ناچێنن؟

**برنارد:** قەی ناکا، بیف. من لەماڵێ چاوەڕێت دەکەم. (*برنارد دەچێتە دەرێ و هەرسێکیان پێ دەکەنن*).

**ویلی:** برنارد زۆر لەبەردڵان نییە، وانییە؟

**بیف:** کەمێک لەبەردڵانە.

**هاپی:** ڕاست دەکات، بابە.

**ویلی:** منیش هەر ئەوەم مەبەست بوو. برنارد دەتوانێ بەرزترین نمرە لە وانەکانیا وەربگرێ، بەڵام هەر کە دەچێتە نێو جیهانی کاروبارەوە، دەزانی کە تۆ دەتوانی پێنج ئەوەندەی ئەو سەرکەوتووبی؟ جا هەر بۆیەشە سوپاسی خودای بەتوانا دەکەم کە دوو کوڕی وەک (ئەدۆنیسی)(*) پێ داوم. چونکە لەجیهانی کاروباردا ئەو کەسەی خاوەن ڕوخسارێکی دڵگیرو کەسایەتییەکی مەزن بێ، دەتوانێ بگاتە بەرزترین پلەویایە. تەنها هەوڵ بدەن لەبەردڵان بن و هیچی ترتان پێ ناوێ. من

---

(١) وەک لە ئەفسانە یۆنانییەکان دەگێڕنەوە (ئەدۆنیس) گەنجێکە ڕێکوپێکە و (ئەفرۆدیت)ی خوای بەزم و لەزەت و سێکس و پیت خۆشی دەویست و لە کەفی دەریا دروستی کردووە. بەڵام بەرازێکی کێوی تووشی دەبێت و دەیکوژێت. پێرسیفۆن سەرلەنوێ زیندووی دەکاتەوە. (وەرگێڕ)

وەک نموونە وەربگرن. من هەرگیز سەرە ناگرم تا کڕیارێک بدۆزمەوە. چونکە هەرکە زانییان ویلی لۆمان لەوێیە، ئەوا یەکسەر خۆم لەنێو کۆمەڵەی کڕیاراندا دەبینمەوە.

**بیف:** بابە، ئەرێ هەمووت بەزاندن؟

**ویلی:** هەموویانم لەناوچەی (پرۆڤیدەنیس) بەزاندو پشتی هەموانیشم لە (بۆستن) لەزەوی دا.

**هاپی** (*لەسەر گازی پشت درێژ دەبێ و بە پێکانی پەیدان لێدەدات*): بابە، هەستت پێ نەکردووە کێشم بەرە بەرە کەمتر دەبێتەوە؟

(*لیندا، وەک جاری جاران قەیتانێکی لەقژی داوەو سەبەتەیەک جلی شۆراوی لەدەستە، دێتە ژوورێ*).

**لیندا** (*بەزەوقەوە*): هەلەو، گیانەکەم!

**ویلی:** دولبەرەکەم!

**لیندا:** شۆفرلێتەکە چۆنە؟

**ویلی:** شۆفرلێت چاکترین ئوتومبێلە تا ئێستا دروست کرابێت. (بۆ *کوڕەکانی*) تاکو کەی لێ دەگەڕێن دایکتان جل بۆ سەربان بەرێ؟

**بیف:** کوڕە وەرە هەڵگرە!

**هاپی:** بۆ کوێی ببەین، دایە؟

**لیندا:** لەسەر ڕستەکە هەڵیان بخەن. بیف، باشتر وایە تۆ بچیتە لای هاوڕێکانت. ژووری خوارێ پڕ کوڕو کاڵە، بەبێ تۆ نازانن چی بکەن.

**بیف:** ئاه، کە باوکم دێتەوە دەبێ ئەوان چاوەڕێ بکەن.



**ویلی** (*بەسەرسووڕمان و نرخاندنەوە پێ دەکەنێ*): باشتر وایە بچیە خوارەوەو پێیان بڵێی چی بکەن.

**بیف:** وابزانم ژووری تەنوورخانەیان پێ بماڵم خراپ نییە.

**ویلی:** کارێکی چاکە، بیف.

**بیف** ( بەنێو *دیواری ناندینەکە بۆلای دەرگای ژووری خوارەوە دەچێ و بانگیان دەکات*): هاوڕێیان، هەمووتان ژووری تەنوورخانە دەماڵن، ئێستا منیش دێم.

**دەنگەکان:** باشە، بیف. زۆرباشە.

**بیف:** جۆرج و سام و فرانک وەرنە لام. ئێمە جلەکان هەڵدێخین! وەرە هاپ، یارمەتیم بدە. (*لەگەڵ هاپ سەبەتەکە هەڵدەگرێ*).

**لیندا:** سەیرکە چۆن بەگوێی دەکەن.

**ویلی:** باشە، ئەمە مەشقکردنە، مەشقکردن. هەروەک پێم گوتی. ئەگەر نەگەڕابامایەوە هەزاران نموونەم دەفرۆشت، بەڵام هەر دەبوایە بێمەوە.

**لیندا:** ئۆه، مەزنترین شت لە یاریکردندا ڕوو دەدات. چەندێکت فرۆشت؟

**ویلی:** پێنج سەد پارچە لەناوچەی (پرۆڤیدەنس) و حەفت سەد پارچەشم لە (بۆستن) فرۆشت.

**لیندا:** ڕاوەستە. یەک خولەک چاوەڕێ بکە تا پێنووسێ پەیدا دەکەم. (*قەلەمێک و پارچە کاغەزێک لەگیرفانی بەروانکەکەی دەردەهێنێت*) کەواتە سەرجەمی کرێبارەکەت دەکاتە دووسەد دۆلار ـ نا خودای مەزن! ـ دەگاتە دووسەدو دوازدە دۆلار!

**ویلی:** هێشتا لێکم نەداوەتەوە، بەڵام...

**لیندا:** چەندێکت فرۆشت؟

**ویلی:** سەدو هەشتا پارچەم لەناوچەی (پرۆڤیدەنس)دا فرۆشت، نەخێر، لەسەرتاپای گەشتەکەمدا نزیکەی دوو سەد پارچەم فرۆشت.

**لیندا** (*یەکسەر*): دوو سەد پارچە، ئەمە... (*لێکی دەداتەوە*).

**ویلی:** گرفت ئەوەبوو کە لە (بۆستن) سێ کۆگا بەهۆی ئامارو جوێ کردنەوە داخرابوون، دەنا نمرەی پێوانەییم دەشکاند.

**لیندا:** باشە، بای نزیکەی حەفتا دۆلارو چەند پوولێکت فرۆشتووە. ئەمەش زۆر باشە.

**ویلی:** چەند قەرزارین؟

**لیندا:** هەر لەپێشەوە شازدە دۆلاری بەفرخەرەکە...

**ویلی:** بۆ شازدە دۆلار؟

**لیندا:** قایشی پانکەکە پساو ئەمیش نرخەکەی یەک دۆلارو هەشتا سێنت بوو!

**ویلی:** بەڵام مارکەکەی نوێیە!

**لیندا:** وەستاکە گوتی ئەوان هەروان تا بەخۆیان چاک دەبن.

*(بەنێو دیوارەکە دەڕۆن تا دەگەنە ناندینە تاریکەکە).*

**ویلی:** هیوادارم بەهۆی ئەم ماکینە نگریسەوە تووشی زیان نەبین.

**لیندا:** گەورەترین پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد.

**ویلی:** دەزانم ماکینەکی خراپ نییە، چی تریش؟

**لیندا:** شەست و نۆ دۆلاری ماکینەی جل شۆرین، سێ دۆلارو پەنجا



سێنتی هەوا خاوێن کەرەوەکەش دەبێ پازدەی ئەم مانگە بدەین. بێجگە لەوەی کە هێشتا بیست و یەک دۆلاری ساپیتەکەشمان لەسەر ماوە.

**ویلی:** خۆ دڵۆپە ناکات؟

**لیندا:** نەخێر، ئیشێکی زۆر چاکیان کرد، سەرباری ئەوەش هێشتا پارەی کابرێتەکەی (فرانک)ت لەسەر ماوە.

**ویلی:** من پارە بەو کابرایە نادەم! دەبوایە کۆمپانیای ئەو شوفێرلێتە نگریسەیان دابخستایە!

**لیندا:** هەنووکە سێ دۆلارو پەنجا سێنتی ئەویشت لەسەرە. ئەم و ئەویش دەگاتە سەدو بیست دۆلار کە دەبێ پازدەی مانگ بیدەین.

**ویلی:** سەدو بیست دۆلار! ئەگەر ئیشم نەبوو چی بکەم!

**لیندا:** ورەت بەرز بێ، هەفتەی ئاینده چاکتر دەبێ.

**ویلی:** دەبێ هەفتەی ئاینده پشتیان لەزەوی بدەم. دەچمە (هارتفۆرد)، من لەلای خەڵکی ئەوێ زۆر خۆشەویستم. دەزانی لیندا، گرفت ئەوەیە کە خەڵکی گوێم پێ نادەن و ڕووم تێ ناکەن.

*(بەرەو لای پێشەوەی شانۆ دەکەوێتەڕێ).*

**لیندا:** خۆت گێل مەکە.

**ویلی:** کاتێ بەلایاندا دەڕۆم وا هەست دەکەم گاڵتەم پێ دەکەن.

**لیندا:** بۆ؟ بۆ گاڵتەت پێ دەکەن؟ قسەی وامەکە، ویلی؟ قسەی وامەکە.

*(ویلی بەرەو قەراغی شانۆکە دێ. لیندا دەچێتە ناندینەکەو دەست بەچنینەوەی گۆرەوییەکان دەکات).*

**ویلی:** نازانم بۆ بەلامدا تێ دەپەڕن و گوێم پێ نادەن.

**لیندا:** لە ڕاستیدا تۆ زۆر باش کاردەکەی، گیانەکەم. لە هەفتەیەکدا حەفتا تا سەد دۆلار وەدەست دێنێ.

**ویلی:** من ڕۆژی دە تا دوازدە سەعات ڕەنج دەدەم. کەچی نازانم بۆ خەڵکی تر ئەمە بەساناتر وەدەست دێن. نازانم بۆ ناتوانم خۆم ڕابگرم - من زۆر هەڵەپاسم - مرۆڤ دەبێ زۆر کار بکاو کەم بدوێ. چارلی خوویەکی زۆر باشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کەم دووە، هەر بۆیەشە خەڵکی ڕێزی دەگرن.

**لیندا:** تۆ هەڵەپاس نیت. تۆ تەنها مرۆڤێکی قسەخۆشی.

**ویلی** (*پێ دەکەنێ*): من وا هەست دەکەم ژیان کورتەو پڕی ناخۆشییە. هەربۆیەشە زۆر گاڵتە دەکەم. بەڵام خەڵکی گاڵتەم پێ دەکەن.

*(لەبەرخۆی ئەمە دەڵێ و بەخەنینەوە دەکەوتە ڕێ).*

**لیندا:** بۆچی؟ تۆ...

**ویلی:** من قەڵەو و گەلحۆ و عەنتیکەم، لیندا. گوێ بگرە، لیندا. بۆم نەگێڕایەوە کە لە جەژنی سەری ساڵ چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ (ف. هـ. ستیوارت) هەبوو، هەرکە چوومە لای کڕیارێک گوێم لێ بوو فرۆشیارێکی ناسیار باسی شتێکی سەیری دەکرد - فیلەتەنی دەریا. منیش یەکسەر بەبێ بەزەیی دەمەوچاویم تێک شکاند. من گوێیان پێ نادەم، هەرگیز گوێیان پێ نادەم. بەڵام بەڕاستی گاڵتەم پێ دەکەن.

**لیندا:** گیانەکەم...

**ویلی:** پێویستە بەسەر ئەمە زاڵ ببم. دەزانم دەبێ بەسەر ئەوە زاڵ ببم. لەوانەیە لەبەر شڕو وڕی گاڵتەم پێ بکەن.



**لیندا:** ویلی، گیانەکەم، تۆ جوانترین پیاوی جیهانی...

**ویلی:** نەخێر، وانییە، لیندا.

**لیندا** (*کەمێک دەوەستێ*): تۆ لەبەر چاوی من جوانترین کەسی.

*(دەنگی پێکەنینی ژنێک لە تاریکیدا دێ. ویلی ڕوو وەرناگێڕێ بەڵام ئەمە لەکاتی قسەکردنی لیندادا بەردەوام دەبێ).*

**لیندا:** ویلی، مناڵەکانت دەتپەرستن، کەم پیاو هەیە وەک تۆ مناڵەکانی بیپەرستن.

*(دەنگی مۆسیقا لەپشت پەردەی پەنجەرەکە دێ. ئافرەتێک کە جل لەبەر دەکات بە ئاستەم دەبینرێ).*

**ویلی** (بەهەستێکی بەرزەوە): تۆ چاکترین مرۆڤیت لەجیهاندا. تۆ چاکترین هاوڕێیت. دەزانی کاتێ من لە گەشتکردندام دەمەوێ بتگرمە باوەش و تێر تێر ماچت بکەم و هەڵت بمژم؟

*(ئێستا دەنگی پێکەنینەکە قایمتر دێ. ویلی بۆلای شوێنە ڕۆشنەکەی لای دەستەچەپ دەڕوا. لەوکاتەدا ئافرەتێک، شەپقەکەی لەسەر دەکاو بەپێکەنینەوە لە ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکات، لەپشت پەردەی پەنجەرەکە دەردەکەوێ).*

**ویلی:** ئەوکاتەی بازاڕ باش نییەو کەس نییە بیدوێنم، تەنهایی سەر لە جەرگم دادەکوتێ و هەست دەکەم هەرگیز لەتوانامدا نەماوە چیتر بفرۆشم، یا ژیانێکی بەختەوەر بۆ تۆو مناڵەکانم بڕەخسێنم. (*بەنێو پێکەنینی ئافرەتەکە قسە دەکات. ئافرەتەکە لەئاوێنە سەیری خۆی دەکات*): گەلێک شت هەیە کە دەبێ بۆ خاتری ئێوە...

**ئافرەتەکە:** من؟ تۆ منت هەڵبژارد، بەڵام من تۆم دزی.

**ویلی** (*بەدڵخۆشییەوە*): تۆ منت دزی؟

**ئافرەتەکە** (*زۆر جوانە و لە تەمەنی ویلییە*): هەموو ڕۆژێ لەسەر مێزەکەی خۆم دادەنیشتم و لەدێوەرەکان ورد دەبوومەوە، بەڵام لەبەرئەوەی تۆ قسەت لەهەمووان خۆشترە، تۆم هەڵبژارد. کاتێکی خۆشمان بەیەکەوە ڕابوارد، وانییە؟

**ویلی:** بێ گومان، بێ گومان. (*لەئامێزی دەگرێت*) بۆ وا زوو دەڕۆی و بەتەنها جێم دێڵی؟ من ئارەزووم لەزیاترە.

**ئافرەتەکە:** سەعات دووە...

**ویلی:** نەخێر، نابێ بڕۆی، وەرە ژووری (*دەستی ڕادەکێشێ*).

**ئافرەتەکە:**... ئابڕووی خوشکەکانم دەچێ. کەی دەگەڕێیتەوە؟

**ویلی:** پاش دوو هەفتەی تر. دیسان دێیەوە لام؟

**ئافرەتەکە:** بێ گومان. تۆ زۆر بەختەوەرو شادمانت کردم (*پیلی ویلی دەگوشێ و ماچی دەکات*) من وا بیر دەکەمەوە کە تۆ گوفت شیرینترین مرۆڤی جیهانی.

**ویلی:** تۆ منت دزی، وانییە؟

**ئافرەتەکە:** بێ گومان، لەبەر ئەوەی تۆ زۆر گوفت شیرین و سوحبەتچی.

**ویلی:** باشە. ئەم جارە لە (بۆستن) چاوم پێت دەکەوێتەوە.

**ئافرەتەکە:** یەکسەر لەنێو کڕیارەکانت دادەنێم.

**ویلی** (*بەهێواشی شەپێک لە سمتی دەدات*): باشە، باش، چاکت هەڵگرتووە!



**ئافرەتەکە:** (*بەهێواشی شەپێکی لێ دەداو پێ دەکەنێ*): دەمکوژی، ویلی، تۆ دەمکوژی. سوپاست دەکەم بۆ ئەو گۆرەوییانەی پێت دام. من زۆر حەز لە گۆرەوی دەکەم. شەوباش.

**ویلی:** شەوباش، کونەکەت با هەر کراوە بێت.

**ئافرەتەکە:** ئۆ، ویلی.

(*ئافرەتەکە بەقاقاوە دەردەچێ. کە قاقاکەی تێکەڵ بەپێکەنینی لیندا دەبێ. ئافرەتەکە لە تاریکییەکەدا ون دەبێ. ئێستا نزیک مێزی ناندینەکە ڕۆشن دەبێ. لیندا لەسەر مێزی ناندینەکە دانیشتووەو گۆرەوییە ئاوریشمەکانی دەچنێتەوە*).

**لیندا:** ویلی، تۆ جوانترین پیاوی سەرزەمینی. جا هیچ هۆیەک نییە کەوا هەست بکەی...

**ویلی** (*لەو شوێنە تاریکەی کە لەگەڵ ئافرەتەکە بوو، دێتە دەرێ و بەرەوڕووی لیندا دێ*): لیندا، لەو دونیایە هەموو شتێک لەبەر خاتری تۆ دەکەم. لەبەر خاتری تۆ...

**لیندا:** گیانەکەم نامەوێ هیچ شتێکی تر بکەیت. تۆ هەمیشە شتی چاک دەکەیت. شتی گەلێ باشتر لە...

**ویلی** (*دەبینێ کە گۆرەوییەکان دەچنێتەوە*): ئەوە چییە؟

**لیندا:** گۆرەوییەکانمە دەیانچنمەوە. زۆر گران لەسەرت دەکەون.

**ویلی** (*بەتووڕەیی لەدەستی دەردێنێ*): هەر ئێستا فڕێیان بدە! هەرگیز ڕازی نابم لەو ماڵە گۆرەوی بچنیتەوە!

(*لیندا گۆرەوییەکان دەخاتە نێو گیرفانییەوە*).

**برنارد** (*بەڕاکردن دێتە ژوورەوە*): بیف لە کوێیە؟ ئەگەر نەخوێنیت!

**ویلی** (*بە هەڵچوونێکی زۆرەوە بەرەو لای شانۆ دەچێت*): تۆ وەڵامەکانی پێ دەدەیت؟

**برنارد:** پێی دەدەم، بەڵام لەتاقیکردنەوەی گشتی ناتوانم! چونکە ئەمە تاقیکردنەوەی (بەکالۆریا)یە و دەتوانن بمگرن و دەرم بکەن.

**ویلی:** ئەو لەکوێیە؟ دارکاری دەکەم. بەزۆری پێی دەخوێنم!

**لیندا:** باشتر وایە تۆپەکە بباتەوە. کارێکی ناشرینە، ویلی.

**ویلی:** کوا لەکوێیە؟ بۆ دزی دەکات.

**لیندا:** بیف لەگەڵ کیژان زۆر تووڕەوتوندە، هەموو دایکەکان لێی بەدادەدادن.

**ویلی:** مەرج بێ دارکاری بکەم.

**برنارد:** ئوتومبێلەکە بەبێ مۆڵەت لێ دەخوڕێ!

*(دەنگی پێکەنینی ئافرەتەکە دێ)*

**ویلی:** کرِبە! دەمت تێک نێ!

**لیندا:** هەموو دایکان...

**ویلی:** دەمت تێک نێ!

**برنارد** (*بەبێ دەنگ پشتاو پشت دەکشێتەوەو دەچێتە دەرەوە*): "بیرن باوم" دەڵێ دەری ناچێنم.

**ویلی:** بۆ دەرەوە.... دەی!

**برنارد:** ئەگەر بێ و بەوردی بەوانەکاندا نەچێتەوە، ئەوا لە (ماتماتیک) دەکەوێ. (*دەڕوات*).

**لیندا:** ڕاست دەکات، ویلی، پێویستە تۆ...

**ویلی** (*بەڕوویا دەتەقێتەوە*): بیف هیچ خەوشێکی نییە! دەتەوێ وەک



برنارد ببێتە کرم؟ بیف خاوەن کەسایەتی و گیانێکی بەرزو...

*(کاتێ ئەو قسانە دەکات چاوەکانی لیندا پڕ فرمێسک دەبن و بەرەو ژووری پێشوازیکردن دەکەوێتە ڕێ. ویلی بەتەنهایی لە ناندینەکە وشک داماوە. ئینجا پەلکە دارەکان ون دەبن. دیسان شەوە. ئاپارتمانەکانی پشت خانووەکە دەڵێی بەرەو خوار ڕوو دەچن).*

**ویلی:** لە وانەکان کەوتووە. کەوتوو! چی دەدزێ؟ ئەو تۆپە دەباتەوە، وانییە؟ بۆ دزی دەکات؟ چیم پێی گوت؟ لەژیانما بێجگە لە کاری بەجێ هەرگیز شتێکی ترم فێر نەکردووە.

*(هاپی بەبێجامەوە لە پەیژەکە دێتە خوارێ. لەهیکرا ویلی ئاگای لەهاتنی هاپی دەبێ).*

**هاپی:** ئێستا بابڕۆین.

**ویلی** (*لەسەر مێزی ناندینەکە دادەنیشێ*): بۆ دەهێڵن دایکتان بەتەنیا کاشییەکان بسڕێتەوە؟ چونکە هەرکاتەی بیانسڕێتەوە خۆی پێ بەرباد دەکات. خۆ دەزانن، وانییە؟

**هاپی:** گوێی مەدەرێ. بۆ بەم شەوە گەڕێتەوە؟

**ویلی:** ئەمرۆ ترسێکی گەورەم لێ نیشت. خەریک بوو لە (یونکەرز) لەمناڵێک بدەم. خودایە بۆ لەگەڵ کاکم (بێن) نەچوومە (ئالاسکا) ؟ پەکوە! چ مرۆڤێکی بلیمەت و کۆڵنەدەرو سەرکەوتوو بوو! ئای چ هەڵەیەکم کرد! تەنانەت لێشم پاڕایەوە تا لەگەڵی بچم.

**هاپی:** بابە، تازە بێ سوودە...

**ویلی:** ئێوە خوێڕینە، خوێڕی!! ئەو بەخۆو بەکراسی بەری لێرە ڕۆیشت سەرەنجام بووە خاوەنی کانگای ئەڵماس.

**هاپی:** ڕۆژێک دێ بزانم چۆن بووە ئەو پیاوە.

**ویلی:** با من ڕازی ئەوەت پێ بڵێم! کابرا زانی چی دەوێ و لەپێناویدا خۆی هیلاک کرد، ئازاری کێشا تا پێی گەیشت! بەنێو جەنگەڵدا کەوتە ڕێ، کە لێی هاتە دەرەوە تەمەنی بیست و یەک ساڵ بوو و خاوەنی سامانێکی مەزن بوو! ڕۆڵە جیهان گوێچکە ماسییە و کەس ناتوانێ لەسەر پشتی دۆشەک بیشکێنێ!

**هاپی:** بابە، دەمەوێ تا ماوی خانەنشینت بکەم.

**ویلی:** تۆ دەتەوێ بەکارێکی حەفتا دۆلاری نەفرەتی هەفتانە تاماوم خانەنشینم بکەیت؟ کە منت خانەنشین کرد چ لە ئافرەت و ئوتومبێل و ئاپارتمانەکەت دەکەی؟ خودایە ئەمڕۆ نەمتوانی لە (یونکەرز) تێ پەڕم! کوڕینە، ئێوە لەکوێن؟ دارستانەکان ئاگریان تێ بەربووە! وەرە من نەتوانم ئوتومبێل لێ بخوڕم!!

*(چارلی لەبەر دەرگا بەدەردەکەوێ. پیاوێکی بەقەڵافەتە، لە قسەکردن و جووڵانەوەدا لەسەرخۆیەو بەئاسانی شێلوو نابێ. هەرچییەکی بیڵێ، لەگەڵ ئەوەی دەشیڵێ جۆرە سۆزو ترسێکی تیایە. ڕۆبێکی لەسەر بێجامەکە لەبەرەو کەوشێکی سووکیشی لەپێدایە. دێتە نێو ناندینەکە).*

**چارلی:** خۆ هیچ نەقەوماوە؟

**هاپی:** نەخێر، چارلی، هیچ...

**ویلی:** چی بووە، خێرە هاتی؟

**چارلی:** گوێم لەدەنگە دەنگ بوو. وامزانی شتێک ڕووی داوە. خۆ گران



نییە دیواری مابەینمان چاک بکەین؟ تۆ لێرە بپژمی شەپقەکان لەماڵی من دەدەنە شەقەی باڵ.

**هاپی:** وەرە، بابە، بابخەوین.

(چارلی نیشانە بۆ هاپی دەکات بڕوات)

**ویلی:** تۆ بڕۆ. من کەمێک ماندووم.

هاپی (*بۆ ویلی*): گوێ مەدەرێ؟ (*دەڕوات*).

**ویلی:** ئەوە چۆنە نەخەوتووی؟

**چارلی** (*لەسەر مێزەکەی ناندین بەرامبەر ویلی دادەنیشێ*): نەمتوانی لەبەر دڵەکزێ بخەوم.

**ویلی:** چونکە نازانیت چۆن خواردن بخۆیت.

**چارلی:** بەدەم دەیخۆم.

**ویلی:** نەخێر تۆ مرۆڤێکی کەمتەرخەمی. دەبێ دەربارەی ڤیتامین و شتی وا بزانی.

**چارلی:** وەرە با تۆزێ یاری بکەین و هەندێک ماندووت بکەم.

**ویلی** (*بەدوودڵییەوە*): کاغەزی قومارت لایە؟

**چارلی** (*گرێ بەستکەیەک لەگیرفانی دەردەهێنێ*): بەڵێ، ئا ئەمانەم پێیە. بەڵام پێم ناڵێی چیت دەربارەی ڤیتامین دەگوت؟

**ویلی** (*کاغەزەکان دابەش دەکات*): ئێسقانەکانت بەهێز دەکەن – کیمیانە، کیمیا!

**چارلی:** باشە پێم ناڵێی ئێسک چ پەیوەندییەکی بەدڵەکزێوە هەیە؟

**ویلی:** ئەوە چ دەڵێی؟ تۆ چ لە ڤیتامین دەزانی؟

**چارلی:** لێم زوێر مەبە.

**ویلی:** باسی شتێک مەکە کە هیچی لێ نازانی.

*(یاری دەکەن. دەوەستن).*

**چارلی:** ئەوە لە ماڵەوە چ دەکەی؟

**ویلی:** ئۆتومبێلەکەم لێ تێک چوو بۆیە گەشتم نەکرد.

**چارلی:** ئەرێ (دەوەستی) من حەز لە سەردانێکی (کالیفۆرنیا) دەکەم.

**ویلی:** بەڕاستتە؟

**چارلی:** دەتەوێ کارێکت بدەمێ؟

**ویلی:** پێم نەگوتی کاری خۆم هەیە (*پاش کەمێک وەستان*). بۆ کارم دەدەیتێ؟

**چارلی:** نامەوێ نرخت کەم بکەمەوە.

**ویلی:** نرخم کەم مەکەوە.

**چارلی:** نازانم تاکەی بەم شێوەیە دەمینێیتەوە؟

**ویلی:** من کارێکی باشم هەیە. (*کەمێک دەوەستێ*) بۆ ئەوەندە لەسەر یەک دێیە ئێرە؟

**چارلی:** دەتەوێ بڕۆم؟

**ویلی** (*پاش کەمێک وەستان، وشک دادەمێنێ*): نازانم بۆ (بیف) دەیەوێ بگەڕێتەوە (تکساس). ئەوە چ دۆزەخێکە ئێمە تیا کەوتووین؟

**چارلی:** لێی گەڕێ بابڕوات.

**ویلی:** پوولێکم نییە بیدەمێ. من دەست بەتاڵم، دەست بەتاڵ.

**چارلی:** خۆ لەبرسان نامری. کەس لەبرسان نەمردووە. لەبیر خۆتی بەرەوە.



**ویلی:** ئەگەر ئەوە لەبیر خۆم ببەمەوە، ئەدی چیم لەبیر بمێنێ؟

**چارلی:** تۆ زۆر بایەخ بەمە دەدەی. بابڕوا دۆزەخی لێ پڕ. گەر بوتڵە شیرێکت کڕی و لەدەستت شکا، ئەو حەلە هەم شیرو هەم پارەکەت بەلاش دەڕوات.

**ویلی:** بۆ تۆ ئاسانە وا بڵێی.

**چارلی:** بۆ منیش ئاسان نییە.

**ویلی:** ئەو ساپیتەیەت دی کە لەژووری مێوانانم گرتووە؟

**چارلی:** بەڵێ، کارێکی نایابە. کارێکی زۆر نایابت کرد، چۆنت تێ گرت؟

**ویلی:** ئەوجا ئەوە زۆر ئاسانە.

**چارلی:** دە بۆم باس بکە!

**ویلی:** دەبێ تۆ ساپیتەیەک تێ بگری، ئێ؟

**چارلی:** لەکوێم بوو ساپیتە تێ بگرم؟

**ویلی:** دە مادام وایە بۆ ئەوەندە بێزارو بێ ئارامم دەکەی؟

**چارلی:** دیسان هەستت بەوە کرد کە لەنرخت دادەگرم.

**ویلی:** ئەو پیاوەی پیشەو سەنعەتێک نەزانێ پیاو نییە. تۆ مرۆڤێکی چەپەڵ و لەملان گرانی، چارلی.

**چارلی:** ئەو ناو و ناتۆرانەم لێ مەنێ، ویلی.

*(مامە بێن چەترێک و جانتایەکی بچووکی لەدەستە لەلای سووچێکی خانووەکە دێتە سەر پێشەوەی شانۆ. پیاوێکی هەست خاوە. خۆی لە شەست ساڵان دەدات و بەهەوایەکی خۆسەپێنەوە دڵنیایی چارەنووسی خۆی دەنوێنێ. سمێڵێکی*

*گــەورەی هەیە. ڕەنگ و نیـشـانەی ڕێگەی دووری پێـوە دیارە. هەرکە ویلی دەدوێ، ئەو دێتە ژوورێ).*

**ویلی:** بێن، زۆر هیلاکم.

*(دەنگی مۆسیقای بێن دێ. بێن چاوێک بەدەوری خۆی سوورِ دەدات).*

**چارلی:** دەی یاری بکە. ئینجا باشتر خەوت لێ دەکەوێ. ئایا بە (بێن) بانگت کردم؟

*(بێن سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەکات).*

**ویلی:** بەخوا سەیرە! بەو دەمودەستە (بێن)ت هێناوە بیرم.

**بێن:** تەنها چەند خولەکێکم بەدەستەوە ماوە. (*لەسەرخۆ دەڕوات، ژوورەکە دەپشکنێ. ویلی و چارلی یاری دەکەن*).

**چارلی:** هەر لەوساوە تا ئێستا هیچیت دەربارەی نەبیستووە؟

**ویلی:** ئەدی لیندا پێی نەگوتی؟ دوو هەفتە لەمەوبەر لەئەفریقیاوە نامەیەکمان لەخێزانەکەی پێ گەیشت کە دەڵێ مردووە.

**چارلی:** ئاوا!!

**بێن** (*لەژێر لێوانەوە پێ دەکەنێ*): جا ئەمە برۆکلینە، هێی؟

**چارلی:** لەوانەیە هەندێک پارەی ئەوت بەربکەوێ!

**ویلی:** نەخێر، حەوت کوڕی هەیە. تەنها تاقە هەلێکم لەگەڵ ئەو پیاوە بۆ ڕەخسا بەڵام...

**بێن:** دەبێ بڕۆم تا بەشەمەندەفەر ڕابگەم، ویلیام. ماڵ و موڵکێکی زۆرم لە (ئالاسکا)، هەیە. جا دەبێ بڕۆم و چاوم لێیان بێ.

**ویلی:** بێ گومان، بێ گومان. ئەگەر بهاتایە لەگەڵی بچووبامە





(ئالاسکا)، ئێستا دونیا بەتەرزێکی تر دەبوو.

**چارلی:** یاری بکە، دەی... ئەگەر بچووبایتە ئەوێ لەسەرمان دەقەسریت.

**ویلی:** ئەوە چ دەڵێی؟!

**بێن:** ویلیام، لە (ئالاسکا) هەلی گەورە دەرەخسێ. زۆرم پێ سەیرە لەوێ نیت.

**ویلی:** بێ گومان، هەلی گەورە.

**چارلی:** هێی؟

**ویلی:** بێن تاقە کەسێک بوو کە وەڵامی ئەمانە بزانێ.

**چارلی:** کێ؟

**بێن:** ئێوە چۆنن؟

**ویلی** (*بانقەکە هەڵدەگرێ و پێ دەکەنێ*): باشە، زۆرباشە.

**چارلی:** ئەمشەو زۆر زرنگی.

**بێن:** ئەرێ پیرە دایک لەگەڵتا دەژی؟

**ویلی:** نەخێر، زۆر لەمێژە مردووە.

**چارلی:** کێ؟

**بێن:** سەد حەیف، چونکە دایکم نموونەی ئافرەتان بوو.

**ویلی** (بۆ چارلی): هێی؟

**بێن:** بەحەزرەت بووم پیرە دایکێ ببینم.

**چارلی:** کێ مردووە؟

**بێن:** نازانی باوکم چی لێ هات؟

**ویلی** (*بەخاوییەوە*): مەبەستت چییە لەوەی کێ مردووە؟

**چارلی** (هەموو بانقەکە هەڵدەگرێ): تۆ باسی چ دەکەی؟

**بێن** (*سەیری کاتژمێرەکەی دەکات*): ویلیام، سەعات هەشت و نیوە!

**ویلی** (*بەتووڕەیی دەستی چارلی دەگرێ بۆ ئەوەی شپرزەیی و شڵەژاوی خۆی بشارێتەوە*): هەنووکە نۆرەی منە!

**چارلی:** من (ئاس)ەکەم دانا.

**ویلی:** مادام یاری نازانی، من نامەوێ پارەی خۆم بەفیڕۆ بدەم.

**چارلی** (*هەڵدەستێ*): بۆ خاتری خوا! ئەمە ئاسەکەی من بوو؟

**ویلی:** من بردمەوە، من بردمەوە.

**بێن:** کەینێ پیرە دایک مرد؟

**ویلی:** زۆر لەمێژە. (بۆ *چارلی*) هەر لەسەرەتاوە نەتدەزانی یاری بکەی.

**چارلی** (*کاغەزەکان کۆ دەکاتەوەو بەرەو لای دەرگا دەچێ*): جارێکی تر دەستە قومارێک و پێنج ئاس لەگەڵ خۆم دێنم.

**ویلی:** ئەو جۆرە یارییە ناکەم.

**چارلی** (*ڕووی تێ دەکات*): شەرم لەخۆت بکەوە!

**ویلی:** ڕاست دەکەی؟

**چارلی:** ڕاستە. (*دەڕوات*).

**ویلی** (*بەتوندی دەرگاکە لەدوای پێوە دەداتەوە*): هەی گێژوویژ!

**بێن** (*کە ویلی بەنێو دیواری ناندینەکە بەرەو ڕووی دێ*): ئەوە تۆی، ویلیام؟

**ویلی** (*تەوقە لەگەڵ بێن دەکات*): بێن، زۆر لەمێژبوو چاوەڕێم دەکردی! بە چی گەییت؟ چۆن گەیشتیە ئەو پلەو پایەیە؟



**بێن:** ئەمە چیرۆکێکی خۆی هەیە.

(*لیندا، وەک جاران سەبەتەیەک جلی شۆراوەی هەڵگرتووە، دێتە سەر پێشەوەی شانۆ*).

**لیندا:** ئەوە تۆی، بێن؟

**بێن** (*بە سپۆرتییەوە*): چۆنیت، گیانەکەم؟

**لیندا:** ئەوە چەند ساڵە لەکوێ بووی؟ ویلی هەمیشە لەخۆی دەپرسی بۆ...تۆ...

**ویلی** (بەبێ ئارامییەوە): کوانێ باوکم؟ بەدوایدا نەچووی؟ چۆن دەستت پێ کرد؟

**بێن:** نازانم چەندت لەیاد ماوە.

**ویلی:** ئەوکاتە مناڵێکی سێ ـ چوار ساڵان بووم کە...

**بێن:** ئە! سێ ساڵ و یازدە مانگ بووی.

**ویلی:** چ زەینێکی ڕوونت هەیە، بێن!

**بێن:** کۆمەڵە پرۆژەیەک بەڕێوە دەبەم بەبێ ئەوەی دەفتەر بەکاربهێنم.

**ویلی:** لەبیرمە کە لەژێر عەرەبانە دانیشتبووم، لە (نبراسکا) بوو، وانییە؟

**بێن:** نەخێر، لە (ساوث داکۆتا) بوو، خۆ لەبیرت ماوە کە چەپکە کولووکێکم پێ دایت؟

**ویلی:** لەبیرمە کە بەڕێگایەکی پان و پۆڕدا شۆڕ دەبوویتەوە.

**بێن** (بەپێکەنینەوە): ڕۆیشتم لە (ئالاسکا) باوکم بدۆزمەوە.

**ویلی:** ئەدی ئێستا لەکوێیە؟

**بێن:** ئەو وەختە خراپ لەجوگرافیا گەیشتبووم، ویلیام. پاش چەند

ڕۆژێک بۆم ڕوون بۆوە کە بەرەو باشوور کەوتوومە ڕێ. جا لەجیاتی ئەوەی بچمە (ئالاسکا) لەجەرگەی (ئەفریقیا)دا خۆم دۆزییەوە.

**لیندا:** ئەفریقیا!

**ویلی:** کانی زێڕ!

**بێن:** نەخێر، لەڕاستیدا کانی ئەڵماس!

**لیندا:** کانی ئەڵماس!

**بێن:** بەڵێ، گیانەکەم. تەنها چەند خولەکێکم بەدەستەوە ماوە. جا دەبێ بڕۆم.

**ویلی:** نەخێر! وەرن، ڕۆڵەکانم! (*بیف و هاپی مێردمنداڵ دەردەکەون*) وەرن گوێ بگرن. ئەوە بێنی مامتانە. پیاوێکی زۆر مەزنە. بێن، چیرۆکی ژیانت بۆ کوڕەکانم بگێڕەوە.

**بێن:** ڕۆڵەکانم، کە حەڤدە ساڵان بووم چوومە نێو جەنگەڵ و لەتەمەنی بیست و یەک ساڵی لێی هاتمە دەرەوە ـ (*پێ دەکەنێ*) سوێندم بەخوا، زۆر دەوڵەمەند بووم.

**ویلی** (*بۆ کوڕەکانی*): خۆ بیستتان باسی چیم دەکرد؟ لەم ژیانەدا لەوانەیە مەزنترین شت ڕوویدات!

**بێن** (*سەیری کاتژمێرەکەی دەکات*): سێ شەممەی ئاینده لە (کتشیکان) چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ کەسێ هەیە.

**ویلی:** بێن، نابێ بڕۆی. تکایە باسی باوکمیان بۆ بکە. دەمەوێ مناڵەکانم گوێیان لێ بێ تا بزانن لەچ نەژادێکەوە کەوتوونەتەوە. هەر ئەوەندەم لەبیرە کە باوکم پیاوێکی ڕدێن



گەورەبوو. منیش لەکۆشی دایکم بووم و هەموومان پێکەوە لەبەر ئاگردان دانیشتبووین و دەنگی مۆسیقایەکی بەرزیش دەهات.

**بێن:** دەنگی شمشاڵەکەی بوو. ئەو شمشاڵژەن بوو.

**ویلی:** ڕاست دەکەی. ڕاست دەکەی.

*(دەنگی مۆسیقایەکی نوژەن کە بەهەوایەکی بەرزو تیژ لێ دەدرێ دێ).*

**بێن:** باوکمان پیاوێکی مەزن و بەجەرگ و کۆڵنەدەر بوو. لە(بۆستن)ەوە دەستی پێ دەکردو هەموو خێزانەکەی لەنێو گالیسکەیەک دەپەستاو پاشان سەرتاپای وڵات دەگەڕا: بەنێو (ئۆهایۆ) و (ئیندیانا) و (مەشیگان) و (ئیلانۆی) و هەموو ناوچەکانی تری ڕۆژئاوایدا دەبردین. لە هەموو گوندو شارێک دەوەستاو ئەو شمشاڵانەی دەفرۆشت کە لەڕێگای دروستی دەکردن. باوکم داهێنەرێکی کارامە بوو. بەهۆی تاقە ئامێرێکەوە لەهەفتەیەکدا زیاتری لەوە بەدەست دەهێنا کە پیاوێکی وەک تۆ بەدرێژایی ژیانی بەدەست دەهێنی.

**ویلی:** ئا منیش هەر بەو شێوەیە پەروەردەیان دەکەم، بێن. مناڵەکانم لای هەموو کەس خۆشەویست و لەبەردڵانن.

**بێن** (بۆ بیف): کوڕە هەتا لەتواناتدایە لەمە بدە. (*شەپێک لە ورگی خۆی دەدات*).

**بیف:** نەخێر، گەورەم.

**بێن** (*بۆ بۆکسانێ خۆی ئامادە دەکات*): وەرە بەرێ، دەی. (پێ دەکەنێ).

**ویلی:** برۆ پێشەوە، بیف. دەی هێزی خۆتی پێ نیشان بدە!

**بیف:** باشە. (*مستی گرژ دەکاتەوەو بۆی دەچێ*).

**لیندا** (*بۆ ویلی*): گیانەکەم، بۆ هانی دەدەی؟

**بێن** (*وا دەنوێنێ کە لەگەڵ بیف مستانێ دەکات*): کوڕێکی چاکە! زۆر بەهێزە!

**ویلی:** چۆنی لێ ڕادەبینی، بێن؟

**هاپی:** دەستی چەپت بوەشێنە، بیف!

**لیندا:** ئەوە بۆ ئامبازی یەک بووینە؟

**بێن:** کوڕێکی بەهێزە. (*لەهیکرا تاو دەداتە بیف و لە زەوی دەکوتێ و لەسەر سەری دەوەستێ و نووکی چەترەکەی ئاراستەی چاوەکانی دەکات*).

**لیندا:** ئاگات لەخۆت بێ، بیف!

**بیف:** ئێی هێی!

**بێن** (*بەهێواشی شەپ لە ئەژنۆی بیف دەدات*): کاتێ لەگەڵ بێگانەیەکا شەڕ دەکەیت، هەرگیز دادوەر مەبە. دەنا بەم شێوەیە هەرگیز لەجەنگەڵ دەرباز نابی. (*دەستی لیندا دەگرێ و سەری بۆ دەنوێنێ*) مایەی شەرەفمەندی و بەختەوەریمە کە تۆم بینی، لیندا.

**لیندا** (*بەساردی دەستەکانی دەکێشێتەوەو بەترسەوە*): هیوادارم گەشتەکەت خۆش بێ.

**بێن** (*بۆ ویلی*): ئاواتی چاکترین بەختت بۆ دەخوازم. تۆ بەچییەوە خەریکی، ویلی؟



**ویلی:** پیشەی دێوەرەیی.

**بێن:** پیشەیەکی باشە... (*دەستی هەڵدەبڕێ بۆ خواحافیزی کردن*).

**ویلی:** نەخێر، بێن. نامەوێ وا تێ بگەیت کە... (*پیلی بێن دەگرێ بۆ ئەوەی بەڕێی بکات*) وابزانم ئەمە برۆکلینە، بەڵام ئێمەش خەریکی ڕاوین.

**بێن:** بەڕاست! ئێستاکە...

**ویلی:** ئۆه، بێ گومان. لێرە مار و کەروێشک و شتی تر هەیە... هەر بۆیەش بوو هاتمە ئێرە. بیف دەتوانێ بەماوەیەکی زۆر کەم ئەم هەموو دارانە ببڕێتەوە. ڕۆڵەکانم! یەکسەر ڕاکەنە لای ساختمانەکەو کەمێک قوم بهێنن تا پێشەوەی خانووەکەمان چاک بکەینەوە. تەماشا بکە، بێن!

**بیف:** باشە، گەورەم! باپێکەوە بڕۆین، هاپ.

**هاپی** (*لەگەڵ بیف ڕادەکات*): بابە هەستت بەوە نەکردووە کێشم دابەزیوە؟

(*چارلی، تەنانەت پێش ئەوەی مناڵەکان بڕۆن، بەدەرپێ قوتەوە بەژوور دەکەوێ*).

**چارلی:** گوێ بگرە، ویلی. ئەگەر بێت و چیتر لەو خانووە دزی بکەن پاسەوانەکە سکاڵا لەلای پۆلیس دەکات!

**لیندا** (*بۆ ویلی*): مەهێڵە چیتر دزی بکەن. لێ مەگەڕێ بیف...

(*بێن دەداتە قاقای پێکەنین*)

**ویلی:** بێن، وەرە ئەو شەپکە دارانە ببینە کە هەفتەی ڕابردوو هێنایانەوە ماڵ. هەر هیچ نەبێ دەرزنێکی (٦×١٠) دەبن و

پارەیەکی باشیش دەکەن.

**چارلی:** گوێ بگرە. ئەگەر پاسەوانەکە–

**ویلی:** بەنێو دۆزەخم هاوێشتن، زانیت. بەڵام من دوو کوڕی چاونەترسم هەیە.

**چارلی:** بەندیخانەکانیش پڕ مرۆڤی چاونەترسن.

**بێن** (*بەهێواشی شەپ لەپشتی ویلی دەدات، سەیرێکی چارلی دەکاو پێ دەکەنێ*): هەروەها کارگە گەورەکانیش، هاوڕێکەم!

**ویلی** (*لەگەڵ بێن پێ دەکەنێ*): ئەم جلانەت لەکوێ هێنا؟

**چارلی:** خێزانەکەم بۆی کڕیم.

**ویلی:** ئێستا تەنها پێویستت بەرێکتێکی گۆڵفە تا بچیتە سەر پەیژەکەو لێی بخەوی. (بۆ بێن) یاریکەرێکی باشە، خۆی و برناردی کوڕی یەک پووشکە جیاوازییان نییە.

**برنارد** (*هوورژم دێنێتە ژوورێ*): پاسەوانەکە ڕاوی بیف دەنێ.

**ویلی** (بەتووڕەیییەوە): دەمت ببەستە! بیف دزی ناکات!

**لیندا** (*دەترسێ و بە پەلە دەچێتە دەرێ*): لەکوێیە؟ بیف، گیانەکەم لەکوێی؟ (*شوێنەکەی خۆی جێ دێڵێ*).

ویلی (*بۆ لای دەستەچەپ دەڕواو کەمێک لەبێن دوور دەکەوێتەوە*): هیچ نەبووە، هیچ نەبووە. چ قەوماوە؟

**بێن:** ئافەرین، ڕۆڵەی چاوقایم، ئافەرین!

**ویلی** (*پێ دەکەنێ*): بیف وەک شێر چاونەترسە!

**چارلی:** نازانی چ بووە؟ پیاوەکەی "نیوئینگلاند"م گەڕاوەتەوە لەخڵتانی خوێن سوورکراوەو لەپێستیدا هووردیان کردووە.



**ویلی:** توخوا ئەوجا ئەوە پەیوەندییە ـ من پەیوەندی گرنگم وەدەست هێناوە.

**چارلی** (*بەگاڵتەجاڕییەوە*): زۆر کەیفخۆش بووم کە گوێم لەمە بوو. ویلی. وەرە با یاری کاسینۆ بکەین و کەمێک پارەی پۆرتلاندت لێ ببەمەوە. (*گاڵتە بەویلی دەکات، دەڕوات*).

**ویلی** (*ڕوو دەکاتە بێن*): بازاڕ هیچ نییە، مردووە. بەڵام نەک بۆ کەسێکی وەک من.

**بێن:** پێش ئەوەی بگەڕێمەوە ئەفریقیا، تۆزێک لێرە دەمینێمەوە.

**ویلی** (*بەپەرۆشەوە*): بۆ چەند ڕۆژێک لێرە نامێنیتەوە؟ لەئاسمانان لەدوات دەگەڕام لەزەوی بەدەستم کەوتی. بێن، من لێرە پیشەیەکی باشم هەیە. بەڵام... باشە. بێن، کە باوکم جێی هێشتم هێشتا بستێ منداڵ بووم. بۆیەش هەرگیز نەمتوانی لەگەڵی بدوێم. هەر لەبەر ئەمەش لێرە هەست بەتەنهایی دەکەم.

**بێن:** ناتوانم. لە شەمەندەفەرەکەم بەدوا دەکەوم.

(*هەر یەکێکیان لەسەرێکی شانۆوە*).

**ویلی:** بێن، ناتوانی لەگەڵ کوڕەکانم قسە بکەی؟ ئەوان بۆم دەست لەگەرووی شێری ڕادەکەن، بەڵام من...

**بێن:** تۆو کوڕە هەڵکەوتووەکانت مرۆڤی بێ خەوش و نمرە یەکن.

**ویلی** (*بیر لە وشەکانی دەکاتەوە*): ئۆهـ، بێن. زۆر باش بوو گوێم لەو قسە بەنرخانەت بوو! چونکە زۆر دەترسم بەشێوەیەکی ڕاست پەروەردەم نەکردبن ـ پێم نالێی چۆن پەروەردەیان بکەم، بێن؟

**بێن** (*کێش دەخاتە سەر هەر وشەیەک کە دەیڵێ، زۆر ئازایانە دەریان*

دەبڕێ): ویلیام کە چوومە نێو جەنگەڵ حەڤدە ساڵان بووم و کە لێی دەرچووم بیست و یەک ساڵان بووم. سوێندم بەخوا، تەواو دەوڵەمەند بووم. (*لەسووچێکی لای دەستەڕاستی خانووەکە بەنێو تاریکییەکەدا ڕوو دەچێ*).

**ویلی:**... دەوڵەمەند بوو. ئا ئەوە کتومت ئەو گیانەیە کە من دەمەوێ تیایان بڕوێنم. بچنە نێو جەنگەڵەوە! من بەهەڵەدا نەچوویمە! بەهەڵەدا نەچووم! بەهەڵەدا نەچووم!

(*کاتێ ویلی لەبەر خۆی قسە دەکات، بێن دەڕوات. لیندا بەجلی خەوتنەوە کە رۆبێکی لەبەرە دێتە ناندینەکەو بەدوای ویلیدا چاو دەگێڕێ. ئینجا بەرەو لای دەرگای خانووەکە دەڕوات. سەیرێکی دەرەوە دەکات و ویلی دەبینێ. پاشان بەرەو لای دەستە چەپ دەڕوات. ویلی تەماشای دەکات*).

**لیندا:** ویلی، گیانەکەم، ویلی؟

**ویلی:** ئەمن بەهەڵەدا نەچووم!

**لیندا:** پەنیرەکەت خوارد؟ (*ناتوانێ وەڵام بداتەوە*) زۆر درەنگە. وەرە بخەوە، گیانەکەم، وەرە؟

**لیندا:** دیێتە ژووریێ؟

**ویلی:** پێم نالێی ئەو کاتژمێرەی دەنکە ئەڵماسەکەی تێدابوو چی لێ هات؟ ئەوەی کە بێن لە ئەفریقیاوە بۆی هێنام؟ ئەدی کاتژمێرێکی گیرفانی نەدامێ کە دەنکە ئەڵماسێکی تێدابوو؟

**لیندا:** ئەدی دوازدە ـ سێزدە ساڵ لەمەوبەر لەبری پارەی خوێندنی کۆرسێکی بیف لەنامەکاری (مراسلات) ڕادیۆدا ڕەهنت نەکرد، گیانەکەم.



**ویلی:** بەڕاستی شتێکی نایاب بوو. دەمەوێ کەمێک پیاسە بکەم.

**لیندا:** بەڵام کەوشت لەپێیە.

**ویلی** (*بەلای چەپی خانووەکە دەست بەسووڕانەوە دەکات*): بەهەڵەدا نەچووم! من...! (*بەتیلەی چاوێکەوە سەیری لیندا دەکات و دەڕواو سەری دەلەقێنێتەوە*) پەکوو چ پیاوێک بوو! هەر زێنەت بوو لەگەڵی بدوێی! بەهەڵەدا نەچووم!

**لیندا:** (*بانگی ویلی دەکات*): ویلی، کەوشت لەپێیە.

(*ویلی ئەوەندەی نەماوە لەچاو ون بێ، کە بیف بەبێجامەوە لەپەیژەکە دێتە خوارێ و دەچێتە ناندینەکە*).

**بیف:** ئەوە لەوێ چ دەکات؟

**لیندا:** شش!

**بیف:** خودای مەزن! دایە ئەوە لەکەیەوە وای بەسەر هاتووە؟

**لیندا:** کرِبە! نەوەک گوێی لێ بێ.

**بیف:** ئەوە چ نەگبەتییەک شانی گرتووە؟

**لیندا:** هەر لەگەڵ بەیانی بەڵای لێ نامێنێ.

**بیف:** داخوا ناتوانین چارێکی بۆ بکەین؟

**لیندا:** ئۆه، گیانەکەم. دەبێ بە تەواوی هەوڵ بدەیت. بەڵام نەک ئێستا. جا ئێستا بڕۆ بخەوە!

(*هاپی لەپەیژەکە دێتە خوارێ و لەسەر پایەیەک دادەنیشێ*).

**هاپی:** دایە، هەرگیز گوێم لێی نەبووە وا هاوار بکات.

**لیندا:** دە زیاتر لێی نزیک ببەوە، ئینجا چاکتر گوێت لێی دەبێ. (*لەسەر مێزەکە دادەنیشێ و چاکێتی ویلی دەدوورێتەوە*).

**بیف:** بۆ هەرگیز دەربارەی ئەوەت بۆ نەدەنووسیم، دایە؟

**لیندا:** چۆن بنووسم؟ سێ مانگ زیاتر هەر ناونیشانت نەبوو.

**بیف:** خەریکی گواستنەوەو گەشت و گوزار بووم. بەڵام هەمیشە ئێوەم هەر لەبیر بووە. خۆ ئەمە دەزانی، هاوڕێکەم؟

**لیندا:** دەزانم، گیانەکەم، دەزانم. بەڵام باوکت زۆر ئارەزووی دەکرد نامەت بێ تا پێت بڵێ هێشتا ماوەی ڕوودانی شتی مەزن ماوە.

**بیف:** خۆ باوکم هەمیشە وانییە؟

**لیندا:** هەرکە تۆ دێیتەوە ئەو خراپتر دەبێ.

**بیف:** هەرکە من دێمەوە؟!

**لیندا:** هەرکە نامە دەنووسی دەڵێی دێمەوە، بزەی دێتێ و بەئاواتەوە باست دەکاو گەلێ کەیف خۆش دەبێ. ئینجا تا نزیکتر دەکەویتەوە، ئەو زیاتر دەشڵەژێ. پاشان هەرکە دێیتەوە ئێرە، لەبەر خۆی قسان دەکات. وادیارە لێت زویرە. وابزانم ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ناتوانێ بوخچەی دڵی خۆیت بۆ بکاتەوە. پێم ناڵێی بۆ ئەوەندە لەگەڵ یەکتری دڵڕەقن؟ بۆ؟

**بیف** (*بەئۆینەوە*): دایە، من دڵڕەق نیم.

**لیندا:** بەڵام هەر پێت هاتە ژوورێ، شەڕ لەم ماڵە دەقەومێ!

**بیف:** منیش لەوە تێ ناگەم. من حەز لەگۆڕان دەکەم. هەوڵ دەدەم بگۆڕێم. خۆ تێ دەگەی، دایە؟

**لیندا:** هاتیەوە ماڵێ لێرە بژی؟

**بیف:** نازانم. سەیرێکی دەوروبەرم دەکەم تا بزانم چی ڕوو دەدات.

**لیندا:** خۆ نابێ تا ماویت سەیری دەوروبەرت بکەیت. شتی وا مەحاڵە؟



**بیف:** دایە، ناتوانم یەک جۆرە ژیان بژیم.

**لیندا:** مرۆڤ باڵندە نییە لەگەڵ بەهار بێ و لەگەڵ هاوین بڕوات.

**بیف:** پرچت (*دەست بەپرچی دادێنی*) پرچت ماش و برنج بووە، دایە.

**لیندا:** ئۆه، هەرکە لەئامادەیی بوویت پرچم ماش و برنج ببوو، بەڵام لەڕاستیدا ئێستا چیتر بۆیاغی ناکەم.

**بیف:** بۆیاغی بکەوە، ئێ؟ نامەوێ هاوڕێکەم پیر دیاربێ. (پێ دەکەنێ).

**لیندا:** ئای لەو کوڕە چەلەنگەی! ساڵێک دەبێ ماڵی جێ هێشتووەو... دەبێ ئەوە لەمێشکت دابنێی ڕۆژێ دێ لەدەرگا بدەی و بێگانەی تێدا ببینی.

**بیف:** ئەوە چ دەڵێی؟ تەمەنت هێشتا نەگەیشتۆتە شەست ساڵ.

**لیندا:** ئەدی باوکت؟

**بیف** (*بەکزییەوە*): مەبەستم ئەویشە.

**هاپی:** دایە، بیف باوکمی زۆر خۆش دەوێ.

**لیندا:** بیف، گیانەکەم. ئەگەر باوکتت خۆش نەوێ ئەوا منیشت خۆش ناوێ.

**بیف:** بێ گومان، دایە گیان.

**لیندا:** نەخێر، وامەزانە دەتوانی بێی و تەنها من ببینی، چونکە ئەوم یەکجار خۆش دەوێ. (*لەچاوە پڕ فرمێسکەکانی هەڕەشە دەبارێ*) ئەو لەلای من خۆشەویستترین مرۆی ئەم دونیایەیە. لەکەس ڕازی نابم وای لێ بکا هەست بکات کە بێ کەڵک و هیچ و پووچە. دەبێ هەر ئێستا بڕیار بدەی، گیانەکەم، هیچ ڕێگایەکی ترت نییە. یاخود باوکتەو دەبێ بەتەواوی خۆشت

بوێ و ڕێزی بگری یاخود نابێ چیتر سەر بەم ماڵەدا بگری. کەس ئەوە لە من باشتر نازانێ کە باوکت پیاوێکی ڕەقەکارەو سازبوون لەگەڵی زەحمەتە، بەڵام...

**ویلی** (*لەلای چەپەوە، بەپێکەنینەوە*): دەی بیفۆ، دەی بیفۆ!

**بیف** (*دەیەوێ بەدوای ویلی دا بچێت*): بۆ خاتری دۆزەخ، ئەوە چی لێ قەوماوە؟

**لیندا:** نەکەی – نەکەی لێی نزیک بکەویتەوە!

**بیف:** بەسە چیتر بۆی پینە مەکە! هەموو دەم لەسەر زەوی ڕایدەکێشایت و تۆزقاڵێک ڕێزی نەدەگرتی.

**هاپی:** هەمیشە ڕێزی گرتووە.

**بیف:** هەی گەلحۆ! ئەوجا تۆ چ دەزانی؟

**هاپی** (*بەدڵنیاییەوە*): تەنها مەڵێ شێت و بێ ئەقڵە!

**بیف:** تۆزقاڵێک دەماری پیاوەتی تێدا نییە – چارلی هەرگیز وەک ئەو نییە. چونکە ئەو هەرگیز داخی دڵی خۆی بەماڵێ دانارێژێ.

**هاپی:** چارەنووسی چارلی هەرگیز وەک ویلی لەسەر کێبڕکێ و هەوڵدان نەوەستاوە.

**بیف:** نەخێر، باوەڕ بکەن چاوم بەخەڵکی لە ویلی لۆمان خراپتریش کەوتووە.

**لیندا:** دە باشە، چارلی بکە باوکت. ناتوانی ئەمە بکەیت، وانییە؟ من ناڵێم باوکتان پیاوێکی مەزنە. ویلی لۆمان نە هەرگیز پارەیەکی باشی وەدەست هێناوە، نەهەرگیز ناوی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە چاپ کراوەو نەهەرگیز بۆتە پیاوێکی ئەوەندە



بەناوبانگ تا ناوی وەک برووسکە بەهەموو لایەکدا بڕوات. بەڵام هەر هیچ نەبێ خۆ مرۆڤێکەو شتێکی یەگجار ترسناکیشی لێ چاوەڕێ دەکرێ. جا پێویستە ئاگامان لێی بێ و نەیەڵێن وەک پیرە سەگێک بەربێتەوە نێو گۆڕ. دەبێ ئاگامان لێی بێ. دەبێ زۆر زۆر ئاگامان لێی بێ. کەچی تۆ بەگێل و بێ ئەقڵ ناوی دەبەی...

**بیف:** مەبەستم وانەبوو کە...

**لیندا:** نەخێر، زۆر کەس هەن وا هەست دەکەن کە خەرفاوە. بەڵام دەبێ زۆر ژیرو زرنگ بی تا بزانێ چ گیروگرفتێک هەیە وای بەسەردێنێ. ئەوەش بزانە زۆر ماندوو و هیلاکە.

**هاپی:** گومان لەوەدا نییە!

**لیندا:** لەم ژیانەدا پیاوی بچووکیش وەک پیاوی گەورە تووشی ماندووبوون و هیلاکی دەبێ. ئەو بەهارەی دەکاتە نزیکەی سی و شەش ساڵ لەو کۆمپانیایەدا کاردەکات و چەندەها ناوچەی نەزانراوی گەورە گەورەی بۆ دۆزینەتەوە کەچی ئێستاکە پیرو کەنەفت بووە مانگانەکەیان لێ بڕیوە.

**هاپی** (*بەتووڕەییەوە*): من ئەوەم نەزانیوە، دایە گیان!

**لیندا:** گیانەکەم تۆ هەرگیز پرسیارت لێ نەکردووم! تۆ خەرجی خۆت لەشوێنێکی ترەوە وەدەست دەهێنی. جابۆیە هیچ خەمی ئەوت نییە و نازانی داخوا چ گرفتێک لەمێشکیدا دەخولێتەوە.

**هاپی:** بەڵام پارەم پێ دایت لە...

**لیندا:** لەجەژنی سەری ساڵەوە پەنجا دۆلارت پێ دام! تەنها بۆ ڕاکێشانی ئاوی گەرم نەوەدو حەفت دۆلارو چەند پوولێکی

دەوێ! ئەوە پێنج هەفتەش دەبێ ئەو کڵۆڵە مانگانەکەی لێ براوەو چەند بفرۆشی تەنها کرێبارەکەی پێ دەبڕێ وەک یەکێک تازە دەستی دابێتە ئەو پیشەیە وایە، تەنانەت وەک یەکێک کە هەر نەشناسرابێ وایە.

**بیف:** ئەو زۆڵە بێ چاو و ڕووانە!

**لیندا**: گوایە ئەوان لەکوڕەکانی خۆی خراپترن؟ کاتێ گەنج بوو پارەیەکی باشی بەدەست دەهێنا بەدیداری دڵخۆش بوون. کەچی ئێستا ئەو برادەرو کڕیارە کۆنانەی کە یەکجار خۆشیان دەویست و ڕێزیان دەگرت و لەکاتی ناخۆشیدا بەهانای دەهاتن، هەموویان مردوون یا خانەنشین کراون. لە (بۆستن) دەیتوانی هەموو ڕۆژێک شەش حەوت ئاڵوگۆڕیان لەگەڵ بکات. بەڵام ئێستا کە جانتا گەورەکانی لە ئوتومبێلەکە دەردەهێنێ و دایان دەنێتەوە جێی خۆیان و دیسان دەریان دێنێتەوە تا هیلاک دەبێ. ئێستا لەجیاتی ئەوەی بڕوات لەبەر خۆی قسان دەکات. هەموو ڕۆژێ نزیکەی حەفت سەد میل دەبڕێ و کە دەگەڕێتەوە ئێرە کەس هەر ناشی ناسێتەوە. تەنانەت کەس بەخێرهاتنیشی ناکات. ئاخۆ دەبێ چ بەمێشکی کەسێکی وادا بێت، بەبێ ئەوەی بایی پوولێک بفرۆشێ؟ ئاخۆ بۆ پیاوێکی وا کڵۆڵ و بێ هێزو دڵتەنگ لەبەر خۆی قسە نەکات؟ بۆ؟ بۆ لەبەرخۆی نەدوێ؟ کە دەچێتە لای چارلی تا هەموو هەفتەیەک پەنجا دۆلاری لێ قەرز بکات وا پیشان بدات کە ئەوەندەی فرۆشتووە؟ تاکەی ئەمە وا بڕوات؟ تاکەی؟ خۆ دەبینن لێرە وەستاوم و شتێکی ترسناکی لێ چاوەڕوان دەکەم؟ ئەو پیاوەی



کە تاقە ڕۆژێک بۆ سوودی ئێوە نەبێ کاری نەکردووە؟ کەی دەبێ میدالیای سەربەرزی ئەو ڕەنجەی وەربگرێ؟ ئەوەی پاداشتیەتی-کە لە تەمەنی شەست و سێ ساڵی ڕوو وەربگێڕێ و ببینێ ئەو منداڵانەی کە تەنانەت لەژیانی خۆیشی خۆشتر دەویستن هەریەکە بوونەتە خوێڕییەکی بێ کەڵک و هیچ و پووچ و...

**هاپی:** دایە!

**لیندا:** ڕۆڵەکانم، ئێوە لەوە زیاتر ناهێنن! (بۆ بیف) تۆش هەروا! کوا خۆشەویستییەکەی جارانت؟ بەبیرت دێ چەند هاوڕێی یەکتری بوون؟ لەبیرتە چۆن هەموو شەوێک بەتەلەفۆن قسەت لەگەڵ دەکردو چەند هەستی بەتەنهایی دەکرد تا دەگەڕایەوە لات؟

**بیف:** دە باشە، دایە گیان. لێرە دەمینێمەوەو کارێک بۆ خۆم پەیدا دەکەم و چیتر خۆی تێناگەیەنم. هەر ئەوەندە نییە؟

**لیندا:** نەخێر، بیف. ئەگەر هەموو دەمێک شەڕ بکەن، نابێ لەو ماڵە بمێنی.

**بیف:** لەبیرتە چۆن قاوی دام؟

**لیندا:** ئەرێ بۆ وای کرد؟ هەرگیز نەمزانی بۆ؟

**بیف:** چونکە من دەمزانی تەڵەکەچی و فێڵبازە. سەرباری ئەوەش حەز ناکات کەس لە نهێنییەکانی بگات!

**لیندا:** بۆ تەڵەکەبازە؟ چۆن؟ مەبەستت چییە؟

**بیف:** تکایە بەسیەتی؟ لێم گەڕێ با ئەوی بن بەڕێ نەیەنمە سەر بەڕێ. هەر ئەوەندە دەڵێم کە ئەوە ڕازێکە لەمابەینی من و ئەودا! لەوەو

پاش هەمـوو شـتێک دەبڕمـەوەو ئەوی تریش لەسـەر خـۆیەتی. ئینجا دیسان وەک خۆی لێ دێتەوە. دەڕۆم دەخەوم.

(*بەرەو پەیژەکە دەچێ*).

**لیندا:** هەرگیز وەک خۆی لێ نایێتەوە.

**بیف** (*لەسـەر پەیژەکان بەتووڕەیی ڕوو وەردەگێڕێ*): زۆر ڕقم لەو شارەیە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لێرە دەمینێمەوە. ئێستا چیت لێم دەوێ؟

**لیندا:** باوکت دەیەوێ خۆی لەناو ببات، بیف.

(*هاپی، کە زۆر شڵەژاوە، خێرا ڕوو وەردەگێڕێ*).

**بیف** (*پاش کەمێک وەستان*): بۆ دەیەوێ خۆی لەناو ببات؟

**لیندا:** دەیەوێ خۆی بکوژێ.

**بیف** (*بەترسێکی نائاساییەوە*): چۆن؟

**لیندا:** هەموو ڕۆژێک دەستم لەسەر دڵمە.

**بیف:** ئەوە تۆ چ دەڵێی؟

**لیندا:** لەبیرتە ڕەشەمێ کە بۆتم نووسی دیسان تامپۆنی کردووە؟

**بیف:** بەڵێ!

**لیندا:** هەینێ سەپەرشتیاری دەزگای بیمەکاری هات و وتی: "ئێمە بەڵگەمان بەدەستەوەیە کە هیچ یەکێک لەڕووداوەکانی پار، لەڕاستیدا، ڕووداو نەبوون."

**هاپی:** چۆن دەتوانن وابڵێن؟ ئەمە ڕاست نییە.

**لیندا:** وادیارە ئافرەتێک ئاگای لەم مەسەلەیە هەبوو...

(*هەناسەیەک هەڵدەکێشێ*).



**بیف** (*بەتوندی*): کام ئافرەت؟

**لیندا** (*لەهەمان کاتدا*):... ئەو ئافرەتە...

**لیندا** چی؟

**بیف:** هیچ، بەردەوام بە.

**لیندا:** چیت گۆت؟

**بیف:** هیچ. گۆتم کام ئافرەت؟

**هاپی:** مەسەلە چییە؟

**لیندا:** وادیارە ئەو ئافرەتەی ئۆتومبێلەکەی دی، بەڕێگادا دەڕۆیشت. ئەو گوتی: "نە بەخێرایی لێی دەخوڕی و نە سووکانیشی لەدەست دەرچوو، بەڵام هەرکە لە پردە بچکۆلەکە نزیک کەوتەوە بە ئانقەست تامپۆنی لەگەڵ رایەڵەی پردەکە کرد." ئەوەی ڕزگاری کرد کەمی ئاوەکە بوو.

**بیف:** نەخێر، نەخێر. لەوانەیە بۆرژابێ.

**لیندا:** قەت باوەڕ ناکەم بۆرژابێ.

**بیف:** بۆ باوەڕناکەی؟

**لیندا:** مانگی ڕابردوو... (*بەئازارەوە*) ئۆه، ڕۆڵە زۆر ناخۆشە شتی وا باس بکەیت! لەوانەیە بەگێلی دابنێی، بەڵام دەڵێم ئەو گەلێک لە خەڵکی چاکترە. (*گریان هەوکی دەگرێ و ئەسرینەکانی* دەسڕێتەوە) مانگی ڕابردوو چوومە ژێرزەمینێ بزانم داخوا کارەبا فیوزی کردووە یان نا، چونکە کارەباکە کوژابۆوە. لەپشت فیوزەکانەوە پارچە سۆندەیەکی کورتم دۆزییەوە.

**هاپی:** بێ گاڵتە!

**لیندا:** ئەو پارچە سۆندەیە پارچە لاستێکێکی تری بەسەرێکیەوە بەند کرابوو. هەر دەستبەجێ زانیم بێ گومان دەبێ لەبن گیزەرەکە پارچە لاستیکێکی تر بەگازەکەوە بەسترابێ.

**هاپی** (*بەتووڕەییەوە*): ئەمە... کارێکی گەوجانەیە!

**بیف:** لێت نەکردەوە؟

**لیندا:** من شەرم لەخۆم دەکەمەوە. چۆن دەتوانم ئەوەی بەبیر بێنمەوە؟ هەموو ڕۆژێک دەچمە ژێرزەمینەکە و پارچە لاستیکەکە لێ دەکەمەوە. بەڵام هەرکەدێتەوە ماڵ لەجێی خۆی دادەنێمەوە. چۆن دەتوانم بەم چەشنە ڕووشکێنی بکەم؟ نازانم چی بکەم؟ هەموو ڕۆژێک دەستم لەسەر دڵمە، ڕۆڵەکانم. من دەزانم چی بەمێشکی دادێ. منیش دەڵێم بیرەکانی زۆر کۆن و گەوجانەن، بەڵام خۆ هەر هیچ نەبێ هەموو ژیانی خۆی بۆ ئێوە فەوتاند، کەچی ئێوەش پشتی لێ دەکەن. (*لەسەر مێزێک لار دەبێتەوەو دەگری. دەموچاوی بەدەستەکانی دادەپۆشێ*) بیف، سوێندم بەخوا! ژیان و مانی ئەو بەدەست تۆیە؟

**هاپی** (بۆ بیف): ئێستا ڕات بەرامبەر ئەو گێلە نگریسە چییە؟

**بیف** (*دایکی ماچ دەکات*): هەموو شتێک چاک دەبێ، گیانەکەم، هەموو شتێک وەک خۆی لێ دێتەوە. دایە، دەزانم خراپەو گەوجی لە من بوو، بەڵام لێرە دەمێنێمەوەو سوێندیشت بۆ دەخۆم کە هەوڵ دەدەم ژیانم چاکتر بکەم. (*لەپێش دایکی لەسەر چۆک دادەنیشێ وەک هەست بەتاوان بکات وایەو سەرزەنشتی خۆی دەکات*) دایە، تۆ دەزانی من بەکەڵک پیشەی بازرگانی نایێم، لەگەڵ ئەوەشا هەوڵ دەدەم چاکتر بم.



**هاپی:** ئەوە گومانی تێدا نییە. بەڵام گرفت لەئیشکردندا ئەوەیە کە هەرگیز ناتوانی خۆت لەگەڵ خەڵکی بگونجێنی و دڵیان ڕابکێشی.

**بیف:** دەزانم، من...

**هاپی:** بۆ نموونە کە بۆ (هاریسۆن) کارت دەکرد، (بۆب هاریسۆن) گوتی تۆ خۆت پڕ بەکراس هەڵدەکێشی و پاشان کاری منداڵانەو هیچ وپووچ دەکەیت وەک فیکە لێدان و گۆرانی وتن لەنێو بەرزکەرەوەی کارەباییدا بەچەشنی ئەکتەری کۆمیدی.

**بیف** (*دژ بە هاپی*): ئەوجا چییە؟ هەندێک جار حەز لەفیکە لێدان دەکەم.

**هاپی:** توخوا ئیش بەکەسێ دەکەی کە فیکە لەنێو بەرزکەرەوەی کارەبایی لێ بدات؟

**لیندا:** چیتر دەمەقاڵ مەکەن و بیبڕنەوە.

**هاپی:** یاخود نیوڕانان لەجیاتی ئەوەی بە ئیشی خۆتەوە خەریک ببی دەڕۆی مەلە دەکەی.

**بیف** (*تووڕەتر دەبێ*): ئەدی ئەتوش خۆت لەئیش نادزیتەوە؟ زۆرجار دەڕۆی مەلە بکەی، وانییە؟ نەخەسەلە لەڕۆژە خۆشەکانی هاویندا؟

**هاپی:** ئەوە ڕاستە. بەڵام من کەموکوڕییەکانم بەفرۆفێڵ دادەپۆشم!

**لیندا:** کوڕینە، بەسیەتی!

**هاپی:** ئەگەر بمەوێ تۆزێک پشوو بدەم یا خۆم لەئیش بدزمەوە، خەڵکی تر پاکانەم بۆ دەکەن. جا ئەگەر خاوەن کارەکە لەو

دەمەدا بەسەردا هات و لەهەر یەکێک بپرسێ لەکوێم، هەموویان سوێندم بۆ دەخۆن کە هەر تازە ئەوێم جێ هێشت. بیف، با شتێکت پێ بڵێم کە حەزیش لە گۆتنی ناکەم، بەڵام لەجیهانی کاروباردا خەڵکی بەشێت و بێ مێشکت دادەنێن.

**بیف** (تووڕە دەبێ): لە قنگی جیهانی کاروبار بەم!

**هاپی:** باشە منیش سەد جار لەگەڵت وا دەڵێم، بەڵام بەفڕوفێڵ کەموکوڕییەکانت داپۆشە!

**لیندا:** بەسیەتی، هاپ، بەسیەتی.

**بیف:** گوێ بەوە نادەم خەڵکی چی دەڵێن! ئەوان چەند ساڵێک گاڵتەیان بە باوکم کرد. دەزانی بۆ؟ چونکە ئێمە نامانەوێ لەو شێتخانەیەدا بژین! ئەوەی بۆ ئێمە دەشیا ئیشی وەستاییە یاخود پیشەی دارتاشییە، چونکە دارتاش دەتوانێ بەکەیفی خۆی فیکە لێ بدات.

*(ویلی لەلای چەپ لەدەرگای خانووەکە دێتە ژوورێ)*

**ویلی:** بگرە باپیرەشت مەزنترین دارتاش بوو. *(دەمێک دەوەستێ و تەماشای دەکات)* تۆ قەت نابیتە پیاو. چونکە بادڵنیات بکەم، کە برنارد هەرگیز فیکە لەنێو بەرزکەرەوەی کارەبایی لێ نادات.

**بیف** *(هەروەک بیەوێ بەم شێوەیە گاڵتە بە ویلی بکات)*: بەڵام تۆش وادەکەیت، بابە.

**ویلی:** هەرگیز فیکەم لەنێو بەرزکەرەوەی کارەبایی لێ نەداوە! دەمەوێ بزانم کێ لەجیهانی کاروباردا بەشێت و گێلم دادەنێ؟

**بیف:** بابە. مەبەستم ئەوە نەبوو. تکات لێ دەکەم، مێشێک مەکە گامێشێک.



**ویلی:** برۆرەوە ڕۆژئاوا! ببە بەدارتاش! گاوان! خۆشی لەژیانی خۆت ببینە!

**لیندا:** ویلی، بیف تازە گۆتی...

**ویلی:** گوێم لێ بوو، چی دەگوت؟

**هاپی** (*دەیەوێ ویلی هێور بکاتەوە*): بابە، ئەوەی بوو بوو، ئەوەی چوو چوو...

**ویلی:** (*قسەکەی هاپی تەواو دەکات*) ئەوان گاڵتەم پێ دەکەن، وانییە؟ بڕۆ (فالینی)، (هەب)، (سلاتیری)، (بۆستن) تەنها ناوی ویلی لۆمان بێنە بزانە چ هەرایەکی گەورە دەقەومێ.

**بیف:** ڕاست دەکەی، بابە.

**ویلی:** زۆر مەزن!

**بیف:** ڕاست دەکەی!

**ویلی:** بۆ بەردەوام سەرزەنشت و ڕووشکێنم دەکەیت؟

**بیف:** ورتەم لەزاری نەهاتووە. *(بۆ لیندا)* هیچ قسەم کردووە؟

**لیندا:** هیچی نەوتووە، ویلی.

**ویلی** (*بەرەو دەرگای ژووری مێوان دەڕوات*): هیچ نەبووە، شەوتان باش، شەوتان باش.

**لیندا:** ویلی، گیانەکەم، بیف هەر ئێستا بڕیاری دا کە...

**ویلی** *(بۆ بیف)*: ئەگەر لە بێ ئیشی بێزار بووی، بەیانی ساپیتەی ژووری مێوان بۆیاغ بکە.

**بیف:** لەگەڵ گەردی بەیانی سەفەر دەکەم.

**هاپی:** بابە، بیف دەیەوێ (ئۆلیڤەر) ببینێ.

**ویلی** (*بەپەرۆشەوە*): ئۆلیڤەر؟ بۆ چ مەبەستێک؟

**بیف** (*بەپارێزەوە، بەڵام بەردەوام هەوڵ دەدات*): ئۆلیڤەر زۆر کەرەت پێی دەگوتم ئەگەر پێویستم بە پارە بوو، ئامادەیە دەستم بگرێت، جا رەنگە من بچم رووی لێ بنێم.

**لیندا:** تو خوا ئەمە کارێکی سەرسوڕهێنەر نییە؟

**ویلی:** قسەکەی پێ مەبڕە. لە نیویۆرک پەنجا کەس هەن ئامادەن یارمەتی بدەن. (بۆ بیف) تەنانەت لێشی دەپاڕێنەوە لە کەلوپەلی وەرزشی ببنە هاوبەشی!

**بیف:** منیش بڕوام هەر وایە. هەندێ سەرەدەری لەوە دەر...

**ویلی:** هەندێ سەرەدەری لێ دەردەکەیت! بۆ خاتری خودا! تۆ لە (سپاڵدینگ) چاکتر لە کەلوپەلی وەرزشی دەزانیت! چەند پارەت پێ دەدات؟

**بیف:** نازانم. هەر نەشمدیوە. لەگەڵ ئەوەشدا ...بەڵام...

**ویلی:** کەواتە پێم ناڵێیت باسی چی دەکەیت؟

**بیف** (*تووڕە دەبێت*): من هەر ئەوەندەم گوت دەمەوێ بیبینم.

**ویلی** (*روو وەردەگێڕێ*): ئاخ، دیسان خەریکی ژماردنی مریشک و جووجکەکانی خۆتی؟

**بیف** (*بەرەو دەستەچەپ بۆلای پەیژەکە دەڕوات*): ئۆھ، نەفرەتی لێ بێت، دەمەوێ بخەوم.

**ویلی** (*بانگی دەکات*): نامەوێت لەم ماڵەدا وشەی نەفرەتت لێ ببیستم!

**بیف** (*روو وەردەگێڕێ*): لە کەنگییەوە ئەوەندە بڕوادار بوویت؟

**هاپی** (*دەیەوێت ناوبژییان بکات*): بوەستن...



**ویلی:** بەم شێوەزمانە قسەم لەگەڵدا مەکە! بەم جۆرە لێت رازی نابم!

**هاپی** (*بیف دەگرێ و هاوار دەکات*) کەمێک بوەستن! شتێکم کەوتەوە بیر. شتێکی زۆر بەجێم کەوتەوە بیر. وەرە ئێرە، بیف، با هەر ئێستا ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی ژیرانە باس بکەین. کە دواجار لە (فلۆریدا) بووم بیرم لە شتێکی زۆر مەزن دەکردەوە. ئێستا ئەو شتەم کەوتەوە بیر. بیف، من و تۆ بوارێکمان دەبێت بواری لۆمان. دوو هەفتە مەشق دەکەین و دوو هەفتەش کەلوپەلەکانمان دەخەینەڕوو، رات چییە؟

**ویلی:** بەڕاستی پرۆژەیەکی مەزنە.

**هاپی:** بوەستن! پاشان دوو تیپی (باسکێت بۆڵ) و دوو تیپی (تۆپ تۆپێنی ناو ئاو) یش پێکدەهێنین. ئینجا قۆڵ قۆڵ لەگەڵ یەکتر یاری دەکەین. ئەمە پڕۆپاگەندەیەکە کە یەک ملیۆن دۆلار دێنێت. رات چییە؟ دوو برا، برایانی لۆمان! پڕۆپاگەندەکانمان لە باغچە گشتییەکان و سەر دیواری هەموو ئوتێلەکان هەڵدەواسین. لە نزیک یاریگەی (باسکێت بۆل) "برایانی لۆمان" بەپیتی گەورە دەنووسرێت. رۆڵە، ئا بەم جۆرە کەلوپەلی وەرزشی دەفرۆشین! ئەم پرۆژەیە یەک ملیۆن دۆلار دێنێت!

**لیندا:** زۆر نازدارە!

**بیف:** وابزانم لەم کارە سەردەکەوین!

**هاپی:** جوانی پرۆژەکەش لەوەدایە، بیف، ئەمە وەک کاروباری بازرگانی نییە. دەتوانین بەکەیفی خۆمان یاری بکەین و لەکارکردن سەربەست بین و هەم دیسان...

**بیف** (*بەجۆش و خرۆشەوە*): بەڵێ، ئەمە...

**ویلی:** یەک ملیۆن دۆلار دێنێ.

**هاپی:** ئەوسا هەرگیز هەست بەبێزاری ناکەیت، بیف. سەر لەنوێ بنەماڵەیەک پێک دەهێنین و دیسان سەربەرزی و هاوڕێیەتی جارانت لێ بەدی دەکەمەوە. ئەگەر بتەوێ مەلە بکەی یا شتی تر... سەربەستی و بەکەیفی خۆت، بەبێ ئەوەی یەکێکی گێل و چەپەڵ ببێتە سەرۆکت و فەرمانت پێ بکات رەفتار دەکەیت!

**ویلی:** بەسەر دونیا زاڵ بن و سەر پەیژەکانیا سەرکەون! هەردووکتان پێکەوە دەتوانن بەسەر هەموو پەیژەکانی دونیای شارستانیدا سەرکەون.

**بیف:** هەر بەیانی دەچمە لای ئۆلیڤەر، هاپ. ئەگەر ئەو کارەمان بۆ چووە سەر ئەوا...

**لیندا:** لەوانەیە سەرێکی گرێکەتان دۆزیبێتەوە.

**ویلی** (*بەخوێن گەرمییەوە رووەکاتە لیندا*): بەس قسەیان پێ ببڕە! (بۆ بیف) هەرکە چووی ئۆلیڤەر ببینی، چاکێتە عەنتیکەکەی وەرزش و پانتۆڵە فشەکە نەکەیتەبەر، ئێ؟

**بیف:** نەخێر، من...

**ویلی:** جلی ئیش لەبەر بکە و چەند دەتوانی کەمدوو بە. دەست بەنوکتەو گاڵتەبازی نەکەی، ها.

**بیف:** ئۆلیڤەر هەمیشە منی خۆش دەویست.

**لیندا:** تۆی خۆش دەویست و بەس!

**ویلی** (بۆ *لیندا*): کرِ نابی! (بۆ بیف) بەسەنگینی برۆ ژوورێ چونکە ناچی داوای گەمەی منداڵان بکەی. پارە بۆ خستنەکارو



وەبەرهێنانە. لەسەرخۆو گران و بەرێز بە. هەموو کەس حەز لە گاڵتەچی دەکات بەڵام کەس پارەی ناداتێ.

**هاپی:** منیش هەوڵ دەدەم پارە بەدەست بهێنم، بیف. دڵنیامە لەوەی دەتوانم هەندێک بەدەست بهێنم.

**ویلی:** رۆڵەکانم، شتی گەورەو مەزنتان لێ چاوەڕێ دەکەم. وابزانم گرفتەکانتان کۆتاییان پێ هات. بەڵام لەبیرتان بێ ئەگەر هات و بە شتی مەزن دەستتان پێ کرد سەرەنجام بەمەزنی کۆتایی دێ. پازدە هەزاری لێ داوا بکە، باشە؟ بڕیارت داوە داوای چەندی لێ بکەیت؟

**بیف:** ئەهێی، نازانم،

**ویلی:** مەڵێ (ئەهێی، ئەهێی). وشەیەکی منداڵانەیە. پیاوێک داوای پازدە هەزار دۆلار بکات ناڵێ ئەهێی.

**بیف:** وابزانم ئەوپەڕی دە هەزاری لێ داوا دەکەم.

**ویلی:** خۆت ئەوەندە نزم مەگرە. ئەتو هەمیشە زۆر لەنزمەوە دەست پێ دەکەیت. برۆ ژوورێ و زەردەخەنەیەکی گەورەت لەسەر لێو بێ. خۆت تێک مەدەو بەدوو چیرۆکی دڵڕفێن گیانی ئاو بدە. پاشان مەسەلەکەی خۆتی بۆ باس بکە. چونکە کوڕم ئەوە گرینگ نییە چی دەڵێی، بەڵام گرینگی لەوەدایە چۆن دەیڵێی. ئەوەش بزانە کەسایەتی هەمیشە رۆژگار دەباتەوە.

**لیندا:** ئۆلیڤەر هەمیشە بەچاوی رێزو گەورەیی تەماشای ئەوی دەکرد...

**ویلی:** نایەڵی قسەکەم تەواو بکەم؟

**بیف:** بابە، بەڕوویا هاوار مەکە!

**ویلی:** من قسەم دەکرد، وانەبوو؟

**بیف:** لێت ڕازی نابم هەموو دەم بەڕوویا بقیژێنی.

**لیندا:** ویلی...

**ویلی** (*ڕووی لێ وەردەگێڕێ*): هەموو دەم لای ئەو مەگرە، هەی فەرمەسۆن.

**بیف** (بەتووڕەییەوە): بەسە چیتر بەڕوویا مەقیژێنە.

**ویلی** (*لەپڕەوە دەست بەڕوومەتی خۆی دەگرێت هەست بەتاوان و ژێرکەوتن دەکات*): سەلاوی منی پێ بگەیەنە. لەوانەیە لەبیرتی نەکردبێ. (*بەنێو دەرگای پێشوازیکردن دەچێتە دەرێ*).

**لیندا** (بە دەنگێکی نەرم و شیرینەوە): بۆ چ مەبەستێک دەستت دایە ئەو کارە؟ (بیف ڕوو وەردەگێڕێ) بڕوانە چەند دڵنەرم و چاکە کاتێ بەئاواتەوە باسی شتێک دەکەیت؟ (*بۆ لای بیف دەچێ*) وەرە سەرەوە. شەوباشی لێ بکەو ئاشتی بکەوە لێ مەگەڕێ بەتووڕەییەوە بخەوێ.

**هاپی:** وەرە با شادو بەختەوەری بکەین.

**لیندا:** تکایە، گیانەکەم تەنها پێی بڵێ (شەوباش)، چونکە شتێکی زۆر کەم بەئاسانی کەیفخۆشی دەکات. دە وەرە. (*بەنێو دەرگای ژووری پێشوازیکردندا دەچێ و لەوێ بانگی ویلی دەکات*) ویلی، بیجامەکەت لە سەرشۆرکێیە.

**هاپی** (*بەرەو ئەو لایەی لیندای لێ چووە دەرێ ڕوو وەردەگێڕێ*): چ ئافرەتێکی بێ هاوتایە! تاقە ئافرەتێکە لەنێو ملیۆناندا. ئەو



قالبەی تەنها بۆ داڕشتنی ئەو هەڵیان بژارد بوو دواتر شکاندیان تا کەسی تری وەک ئەو دروست نەبێت. خۆ ئەوە دەزانیت، بیف؟

**بیف:** خودایە! مانگانەکەی لێ بڕاوە! چەند بفرۆشێ تەنها کرێبارەکەی پێ دەبڕێ!

**هاپی:** دەبا بەهانایەوە بچین. باوکم زۆرکەم دێوەرەیەکی بازاڕگەرم بووە. بەڵام دونیا مەرگ و مردنە باوکم پیاوێکی قسەخۆش و دڵنەرمە.

**بیف** (بەورەوە): دە دۆلارم دەدەیێ؟ دەمەوێ قەرەوێتی نوێ بکڕم.

**هاپی:** دەتبەمە شوێنێکی وەک بەهەشت. شوێنێکی یەگجار خۆش. یەکێک لە کراسە خەتدارەکانم لەبەر بکە.

**بیف:** پرچی دایکم ماش و برنج بووە. پیرو کەنەفت بووە. هەر بەیانی دەچمە لای ئۆلیڤەرو داوای...

**هاپی:** وەرە سەرەوە ئەوە بە باوکم بڵێ. وەرە با شتێکی دڵخۆشکەری پێ بڵێین وەرە.

**بیف** (گەرم *دادەگەڕێ*): خۆ دەزانی بەو دە هەزار دۆلارە چی دەکەم؟

**هاپی** (*هەرکە دەچنە ژووری پێشوازیکردن*): بیف، منیش دەمەوێ ئەوەت لێ ببیستم. ئەوە یەکەم جارە بڕوای کۆنت لێ بەدی دەکەمەوە. (*ڕۆشناییەکەی ژووری پێشوازیکردن کەم دەبێتەوە*) دەتەوێ لەگەڵم بژی، وانییە؟ هەر شتێک دڵت بیخوازێ تەنها بیڵێ... (*دوا ڕستەکانی بەزەحمەت دەبیسترێن. بەسەر پەیژەکە، بەرەو ژووری دایک و باوکیان سەردەکەون*).

**لیندا** (*دەچێتە ژووری خەوتن. کە ویلی لە سەرشۆرکێیە، نوێنەکەی بۆ ڕێک دەخات*): ویلی، دووشەکە تکە دەکات. ناتوانی چاکی بکەیتەوە؟

**ویلی** (*لە سەرشۆرکێ*): هەر لەپڕێکەوە هەموو شتێک پارچە پارچە دەبێ. پێویستە سکاڵا لەو کۆمپانیا نگریسانە بکرێ. هەر کە لەدانانی بوومەوە شتەکە... (*وشەکانی بەئاستەم دەبیسرێن و دەبنە منگەمنگ*).

**لیندا:** بیر لەوە دەکەمەوە، دەبێ ئۆلیڤەر بیناسێتەوە.

**ویلی** (*بەبێجامە لە سەرشۆرکێ دێتەدەرێ*): دەیناسێتەوە؟ تۆ چیت لێ قەوماوە؟ شێت بووی یان خۆت شێت دەکەی؟ ئەگەر لەگەڵ ئۆلیڤەر بمابایەوە، ئێستا لەترۆپکی بەرزیدا دەبوو. تۆ هەرگیز پلەوپایەی بیف نازانی، پلەوپایەی گەنجی ئەمڕۆ (دەخزێتە نێو نوێنەکەی) ڕوو لەنەمانە. زۆر شتی مەزن و سەرسوڕهێنەر لەبیف چاوەڕێ دەکەم.

(*بیف و هاپی دێنە ژووری خەوتن. کەمێک دەوەستن*)

**ویلی** (*کەمێک دەوەستێ، تەماشای بیف دەکات*): ڕۆڵە، بەڕاستی کەیفم هات کە ئەوەم لێ بیستی!

**هاپی:** بابە، هاتووە شەوباشت لێ بکات.

ویلی (بۆ بیف): کوڕم، پشتی لە زەوی بدەی، ها. دەتەوێ چی بڵێی؟

**بیف:** گوێ مەدەرێ شەوباش، بابەگیان. (*ڕوو وەردەگێڕێ و دەیەوێ بڕوات*).

**ویلی** (*ناتوانێ چیتر خۆی ڕابگرێ*): کاتێ لەگەڵ ئۆلیڤەر قسە



دەکەیت، ئەگەر شتێک کەوتە سەر مێزەکە، بۆ نموونە گرێ بەستکەیەک یا شتێکی تر، نەکەی هەڵی بگریتەوە. چونکە ئەوان کەسێکیان هەیە بەو کارە هەڵسێ.

**لیندا:** منیش بەرچاییەکی باشتان بۆ دەکەم و...

**ویلی:** لێم ناگەڕێی قسەکانم تەواو بکەم؟ (بۆ بیف) پێی بڵێ کە لە ڕۆژئاوا بەکاروباری بازرگانییەوە خەریک بوویت نەک لەکێڵگەدا کارت دەکرد.

**بیف:** باشە، بابە، باشە.

**لیندا:** وابزانم هەموو شتێک...

**ویلی** (*قسەی لیندا دەبڕێ*): هەرگیز خۆت بەکەم نەگری. لەپازدە هەزار دۆلار کەمتر داوا نەکەی، ئێ؟

**بیف** (چیتر *سەلیقەی قسەکردنی نەماوە*): دە باشە. شەوباش. دایە گیان. (*دەڕوات*).

**ویلی:** بیف، بیرت نەچێ کە تۆ جۆرە بەرزی و مەزنێتییەکت تێدایە. تۆ هەموو جۆرە مەزنێتییەکت... (*بەو لای تر پاڵ دەداتەوە. تەواو هیلاکە... دەچێتە دەرەوە*).

**لیندا** (*بانگی بیف دەکات*): باش بخەوە، گیانەکەم.

**هاپی:** دایە زۆر لەمێژە دەمویست پێت بڵێم دەمەوێ ژن بخوازم.

**لیندا**، گیانەکەم، برۆ بخەوە.

**هاپی** (*دەڕوات*): بەس ویستم ئەوەت پێ بڵێم.

**ویلی:** خۆت بەرز بگرە، باشە، کوڕەکەم؟ (*هاپی دەڕوات*) خودایە! یاری (ئێبێت فیلد)ت لەبیرە، کە لەوێ پاڵەوانی ئەو شارە بوو.

**ليندا:** پشوو بدە، گيانەكەم. گۆرانيت بۆ بڵێم؟

**ويلی:** دە بۆم بڵێ. (*ليندا بەنەرمی لايەلايەيەكی سووكی بۆ دەكات*) لەبيرتە كە تيپەكە هاتە نێو گۆڕەپان بيف درێژترينيان بوو؟

**ليندا:** ئۆه، بەڵێ. هەروەک لەزێڕ هەڵكێشرابێ وابوو. (بيف دەچێتە *ناندينە تاريكەكە*. جگەرەيەک *دادەگيرسێنێ و خانووەكە جێ ديڵێ. لەشانۆ دێتە خوارێ بۆ ئەو شوێنەی كە ترووسكەيەكی زێڕينی لێ بەدی دەكرێ. قوم لەجگەرەكەی دەداو لە شەوەكە* ورد دەبێتەوە).

**ويلی:** هەروەک خواوەندێكی مەزن ـ هێركليس ـ يا شتێكی ئەو ئاسا. بڕوانە چۆن خۆر ـ لەهەموو لايەكەوە ـ دەوری داوە. بەبيرتە لەناوەڕاستی ياريگاكە، كە نوێنەری سێ كۆليجی لێ بوو، چۆن دەستی بۆ هەڵشەقاندم؟ خۆ ئەو هەموو كڕيارانەی كە هێنابووم و ئەو هەموو هاوارانەی لۆمان، لۆمانت لەبيرە؟ خودای پايەدار، هێشتاش ماوەی ئەوە ماوە مەزن بێ. ئەستێرەيەكی وەک ئەو پڕشنگدار هەرگيز ناكوژێتەوە!

(*ڕۆشنايی لەسەر ويلی كزدەبێ. گيزەرەكەی سەر ديواری ناندينەكە، كە لەنزيک پەيژەكەيە، دەدرەوشێتەوەو گڕێكی شين لەژێر تەڵە سوورەكەی بەدی دەكرێ*).

**ليندا** (*بەنەرمی*): ويلی، گيانەكەم. بۆ ڕقەبەرايەتی لەگەڵ يەک دەكەن؟

**ويلی:** زۆر هيلاكم. چيتر قسە مەكە.

(*بيف بەئەسپايی دەگەڕێتەوە ناندينەكە. دەوەستێ. لەگيزەرەكە ورد دەبێتەوە*).

**ليندا:** ناچيت داوا لەهاوارد بكەيت ئيشێكت لە (نيويۆرک) بداتێ؟



**ويلی:** هەربەيانی زوو ئەوە دەكەم. ئينجا هەموو شتێک چاک دەبێ.

(*بيف لە گيزەرەكە نزيک دەبێتەوە. سۆندەيەكی لاستيک دەردەكێشێ. بەجارێک دەتۆقێ و سەری بۆلای ژووری ويلی، كە بە ئاستەم ڕووناكە، بەرز دەكاتەوە. دەنگی غەمگين و نائومێدی پچڕ پچڕ لەسەر يەک ڕەوت بەشێوەی منگە منگ بەرز دەبێتەوە*).

**ويلی** (*لەپەنجەرەكەوە تەماشای مانگ دەكات*): ئێی هێی، سەيركە مانگ چۆن لەمابەينی كۆشكە هەوربڕەكانەوە گەشت دەكات!

(*بيف سۆندەكە لەدەستی خۆی هەڵدەوێزنێ و بەپەلە بەسەر پەيژەكە سەردەكەوێ*).

**پەردە دادەدرێتەوە**

# پەردەی دووەم

*(دەنگی مۆسیقایەکی بەجۆش و دڵخۆشکەر دێ. هەرکە مۆسیقاکە کپ دەبێ، پەردە دەکرێتەوە. ویلی کراسێکی قۆڵ درێژی لەبەرە، لەسەر مێزی ناندینەکە دانیشتووە، شەپقەکەی لەسەر کۆشی داناوەو بەکاوەخۆ قاوە فڕ دەکا. لینداش هەرکە ماوە ببێ، پیاڵەکەی بۆ پڕ بکاتەوە).*

**ویلی:** بەخوا قاوەیەکی نایابە. جێی ژەمێک دەگرێت.

**لیندا:** هێلکەت بۆ ئامادە بکەم؟

**ویلی:** نەخێر، پشوو بدە. هەناسەیەک وەرگرە.

**لیندا:** گیانەکەم، ئەمڕۆ زۆر حەساوە دیاری.

**ویلی:** هەروەک مردوو لێی خەوتبووم، ئەوە یەکەمین جارە لەو مانگەدا ئاوا خەوتبم. بڕوانە، ئەوە تاقە بەیانییەکی سێ شەممووانە کە تا سەعات دە خەوتبم. ئەرێ بیف و هاپی بەرێکوپێکی زوو ڕۆیشتن؟

**لیندا:** سەعات هەشت ڕۆیشتن.

**ویلی:** کارێکی چاکیان کرد!

**لیندا:** زۆر کەیفم هات کە بەجووتە چوونەدەرێ. تەنانەت هەنکەش بۆنی سابوونی تەراش لەماڵێ دێ.

**ویلی:** (بەزەردەخەنەیەکەوە)ه ه...



**لیندا:** ئەوڕۆ بیف تەواو گۆڕابوو. هەموو هەڵوێستێکی هیوای تێدا بەدی دەکرا. تەنانەت ئۆقرەی لێ هەڵگیرابوو تا ئۆلیڤەر ببینێ.

**ویلی:** گومان لەوەدا نییە کە بیف بەرەو گۆڕان هەنگاو دەنێ. هەندێ کەس هەن درەنگ بەرەو گۆڕان و مەزنێتی هەنگاو دەنێن. چی لەبەر کردبوو؟

**لیندا:** قاتە شینەکەی لەبەر کردبوو. ئەو جلەی زۆر لێ دێ. هەرکە ئەو جلە لەبەردەکات دەدرەوشێتەوەو وەک گەورەپیاوانی لێ دێت.

*(ویلی لەسەر مێزەکە هەڵدەستێت. لیندا چاکێتەکەی بۆ ڕادەگرێ تا لەبەری بکات).*

**ویلی:** گومانی تێدا نییە. گومانی تێدا نییە. ئەوشۆ لەسەر ڕێی خۆم هەندێ تۆو دەکرم.

**لیندا** (بەپێکەنینەوە): زۆر باشە. بەڵام ئەوەندە تیشکی خۆر نایەتە نێو باخەکەمان تا شتی تێدا بڕوێ. هەربۆیەش مرۆڤ ناتوانێ هیچ شتێک لێرە بڕوێنێ.

**ویلی:** بچکۆلەکەم، چاوەڕێ بکە. پێش ئەوەی دەستمان لەکونی جواڵی بچێتە دەرێ، پێویستە پارچە زەوییەکی بچووک لەگوندی بکڕین. ئەوسا هەندێ سەوزە دەچێنم و ڕەوە مریشکێک بەخێو دەکەم و...

**لیندا:** هێشتا دەتوانین شتێکی وابکەین، گیانەکەم.

*(ویلی چاکێتەکە لەبەرناکات و لینداش بەدوای دەکەوێ)*

**ویلی:** ئینجا هەردووکیان ژن دێنن و هەموو شەموو و یەکشەممووانێک سەرمان لێ دەدەن. ژوورێکی بچکۆلەش بۆ میوان دروست

دەکەم. چونکە کەرەسەی خانوو گەلێ زۆرە و ئەوەی پێویستمە تەنها چەند شەپکە دارێک و سەر رەحەتیە.

**لیندا** (بەکەیفەوە): بەری چاکەتەکەتم دووریەوەو...

**ویلی:** نەخێر دەبێ دوو ژوور بۆ میوان دروست بکەم تا هەردووکیان بێن. بیف بڕیاری دا داوای چەند لە ئۆلیڤەر بکات؟

**لیندا** (*چاکێتەکەی لەبەر دەکات*): پێی نەگوتی؟! وابزانم دە پازدە هەزارێک دەبێ. ناچیت لەگەڵ هاوارد قسە بکەی؟

**ویلی:** بەدی کوو. مەسەلەکەی بێ پێچ و پەنا پێ دەڵێم. پێی دەڵێم ناتوانم چیتر گەشت بکەم. جا بۆیە دەبێ لێرە ئیشێکم بداتێ.

**لیندا:** لەبیرت نەچێ داوای کەمێ پارەی پێشەکیشی لێ بکەیت، ئێ؟ چونکە دەبێ دوامانگانەی بیمەکاریەکە بدەین. وادیارە نۆرەی شادی و خۆشییانە.

**ویلی:** ئەمە سەد...؟

**لیندا:** نەخێر دەکاتە سەدو هەشتاو شەش دۆلار، چونکە پارەکەمان دیسان کورتی هێناوە.

**ویلی:** بۆ کورتی هێناوە؟

**لیندا:** لەبەرئەوەی ماتۆڕی ئوتومبێلەکە...

**ویلی:** نەفرەت لە ئوتومبێلی (ستودبێکەر)!

**لیندا:** تۆ هێشتا پارەی بەفرخەرەکەشت لەسەر ماوەو...

**ویلی:** چ زوو شکاوە؟!

**لیندا:** کۆنە، گیانەکەم، کۆن.

**ویلی:** پێم نەگوتی دەبوایە ماکینەیەکی وامان بکڕیبوایە کە



پرۆپاگەندەیەکی باشی بۆ کرابێت. بیست ساڵ لەمەوبەر ئەو چارلیە زۆڵە (گێنەراڵ ئەلکتریک)ێکی کڕی و هەنکەش هەروەکو خۆیتی.

**لیندا:** بەڵام، ویلی...

**ویلی:** هەرکێ ناوی بەفرخەرەی (هێستینگ) ی بیستبێ بەحەزرەتەوەیە کە یەک جار پێش ئەوەی پارەکەی دابێ نەشکابێ. من هەمیشە بوومەتە کووچ کووچەی دوو ئەو سکرابانە! هەر تازە پارەی ئوتومبێلەکەم لەسەر نەما کەچی ئێستا بردوومەتەوە سەر وەستا! وێڕای ئەم هەموانەش بەفرخەرە نگریسەکە وەک دێو قایشەکان دەخوات. خاوەن کارگەکان ئەو شتانە وا دروست دەکەن هەر لە پارەدانی بوویەوە تێک بچن.

**لیندا** (چاکێتی *ویلی قۆپچە دەدات هەرکە ویلی دەیکاتەوە*): دووسەد دۆلار بارمان ڕاست دەکاتەوە، گیانەکەم. ئەوجا لەگەڵ دانەوەی دوا ڕەهن، خانووەکە دەبێتە موڵکی خۆمان.

**ویلی:** بیست و پێنج ساڵە ئازاری ئەم خانووە دەکێشین!

**لیندا:** بیف نۆ ساڵان بوو کە ئەو خانووەمان کڕی.

**ویلی:** هونەرە بیست و پێنج ساڵ خۆت بگری تا...

**لیندا:** دەستکەوتێکی مەزنە!

**ویلی:** ئەوەندە چیمەنتۆ و تەختە دارم لەو خانووە خەرج کردووە تا شەقارەکی تێدا نابینییەوە.

**لیندا:** باشە... کارەکەت جێی خۆت گرت.

**ویلی:** چ جۆرە جێ گرتنێک؟ ماوەیەکی تر نابات بێگانە دێن کەلاوەکەمان ئاوەدان دەکەنەوە. هاتبا بیف لێرە ژیاباو خێزانێکی تێدا پێک هێنابا... (*دەست بەڕۆیشتن دەکات*) خواحافیز... درەنگمە...

**لیندا** (*لەپڕەوە بەبیری دێتەوە*): ئۆه، باش بوو بەبیرم هاتەوە، بیف و هاپی تۆیان بۆ شام خواردن داوەت کردووە؟

**ویلی:** من؟

**لیندا:** بەڵێ تۆ! لەچێشتخانەی (فرانک چۆپ هاوس)، نمرە چل و هەشت، کۆڵانی شەشەم.

**ویلی:** ئەوها! ئەدی ئەتۆ؟

**لیندا:** ویلی، ئەم بەیانییە بیف هاتەلام و گۆتی (*بەباوکم بڵێ کە ئێمە بڕیارمان داوە ژەمێکی شاهانەی بۆ ئامادە بکەین*) سەعات شەش بگەیتە لایان، ئێ؟

**ویلی:** شتێکی مەزنە! بەڕاستی ئەمە شتێکی مەزنە! دەبێ پشتی هاوارد لەزەوی بدەم و پێشەکییەکەشی لێ بسەنم. ئینجا کە دێمەوە ماڵ و کاریشم لە نیویۆرکدا پەیداکردووە دەبمە پاشای سەرتەختی. نەفرەت لەو چەشنە بیرە سەیرانەم. هەردەبێ ئەمڕۆ کۆتایی بەم مەسەلەیە بهێنم.

**لیندا:** ئۆه، ویلی. منیش دەمەوێ ئەو گیانە ئازایانەت لێ ببینم!

**ویلی:** تا مابم نابێ جارێکی تر دەست بدەمەوە سووکان!

**لیندا:** هەست دەکەم ئیتر نۆرەی شادی و خۆشییانە.

**ویلی:** ئەوە گومانی تێدا نییە. خواحافیز. درەنگمە (*دیسان دەست بەڕۆیشتن دەکاتەوە*).



**لیندا** (*کە دەسەسڕەکەی سەرمێزی ناندینەکە دەبینێ، بانگی دەکات*): چاویلکەکەت بردووە، گیانەکەم؟

**ویلی** (*بەدوایا دەگەڕێت، دیسان دەگەڕێتەوە*): بەڵێ، بەڵێ، چاویلکەکەم لایە.

**لیندا** (*دەسەسڕەکەی دەداتێ*): بگرە ئەوە دەسەسڕەکەت.

**ویلی:** سوپاس.

**لیندا:** ئەدی (ساکرینەکەت)(*) برد؟

**ویلی:** بەڵێ ساکرینەکەش.

**لیندا:** ئاگات لەخۆت بێ کە لە پەیژەی تونێڵەکە دەچیتە خوارێ.

*(ویلی ماچ دەکات. لچکێکی گۆرەوییە ئاوریشمەکان لەنێو دەستی دیارەو ویلی هەستی پێ دەکات).*

**ویلی:** بۆ خاتری خوا، کەی واز لەچنینەوەی ئەو گۆرەوییانە دێنی؟ هەر هیچ نەبێ ئەو کاتەی من لەماڵێمە. لیندا، ئەو گۆرەوییانە هۆشم تێک دەدەن، تکایە ناتوانم هۆی ئەمەت پێ بڵێم.

*(لیندا گۆرەوییەکان لەنێو دەستی دەشارێتەوە، هەرکە بەدوای ویلیدا دەچێتە بەردەرگای خانووەکە).*

**ویلی** (*لەبەردەرگای ماڵەوەیە*): لەوانەیە چەوەندەر لێرە بڕوێ.

**لیندا** (*بەپێکەنینەوە*): بەڵام چەند جاری تر تاقیت کردەوە، هەر بێ سوود بوو.

---

(*) مادەیەکی شیرینە، ئەوانەی تووشی نەخۆشی شەکرە دەبن لەجیاتی شەکر بەکاری دەهێنن.

**ویلی:** ڕاستە. لیندا، ئەمڕۆ پشوو بدە، باشە؟ (*لەپشت سووچی لای دەستەڕاستی خانووەکە لەچاو ون دەبێ*).

**لیندا:** ئاگات لەخۆت بێ!

*(هەرکە ویلی لەچاو ون دەبێ، لیندا دەستی بۆ هەڵدەبڕێ. لەپڕ تەلەفۆن لێ دەداو لیندا بەسەر تەختەی شانۆدا ڕادەکاو دەچێتە ناندینەکەو هەڵی دەگرێ)*.

**لیندا:** هالۆو؟ ئۆه، بیف، تۆیت! زۆر دڵخۆش بووم کە تەلەفۆنت کرد. ئێستا... بەڵێ بێ گومان، ئێستا پێم گۆت. بەڵێ سەعات شەش بۆ شامکردن لەوێ دەبێ. لەبیرم بوو، لەبیرم بوو. گوێ بگرە، ئەوەندەی نەمابوو لەخۆشییا شامەرگ بم تا ئەوەت پێ بڵێم. خۆ ئەو سۆندە لاستیکەت لەبیرە کە پێم گۆتی؟ خزمە، ئەو سۆندەیەی لەگێزەرەکەی خستبوو؟ ئەوڕۆ بەیانی بڕیارم دا بچمە ژێرزەمینەکە و لێی بکەمەوەو فڕێی بدەم. بەڵام لەوێ نەمابوو! بڕوانە! بەخۆی لێی کردبۆوە! (گوێ دەگرێ) کەینێ؟ ئۆه، کەواتە ئەتو لێت کردبۆوە! ئۆه ـ هیچ. تەنها هیوام ئەوەبوو بەخۆی لێی کردبایەوە. ئۆه، نەخێر، بێ ئارام نیم، گیانەکەم. چونکە ئەوڕۆ بەیانی کە لە ماڵێ چووە دەرێ وەک ڕۆژانی پێشوو ئاواتێکی بەرزی لێ بەدی دەکرا. چیتر ترسم لێی نەماوە. (ئۆلیڤەر)ت دی؟...باشە لەوێ چاوەڕێ بکەو دڵی ڕابکێشەو هەستی ببزوێنە، گیانەکەم. کە دەچیتە لای مەشێوێ و خۆت تێک مەدە. لەگەڵ باوکیشت کاتێکی پڕ لەزەت بەسەر بەرن، ئێ؟ لەوانەیە ئەویش هەواڵێکی مەزنی دڵخۆشکەری پێ بێت!... ئەوە ڕاستە، ئیشێک لە (نیوێورک)! ئەمشەو بەچاکی



لەگەڵی بجووڵێوە، گیانەکەم. لەگەڵیا زۆر دڵنەرم و خۆشەویست بە. چونکە باوکت بەلەمێکی بچووکە و بەدوای بەندەرێکی هێمندا دەگەڕێ تا لەنگەری تیابگرێ. (*لەخۆشی و خەمانا دەلەرزێت*) ئۆه، ئەمە شتێکی سەیرومەزنە. بیف، تۆ ژیانی ڕزگار دەکەیت. سوپاس، گیانەکەم. کە دێیتە ژوورێ دەستی لەملی بکەو زەردەخەنەیەکی بۆ بکە. ئەمە ئیشی کوڕی چاکە...خواحافیز، گیانەکەم، خواحافیز... شانەکەت لایە؟... باشە، خواحافیزت بێ، گیانەکەم، بیف.

*(لەناوەڕاستی قسەکانی لیندادا، لەلای پێشەوەی دەستەچەپی شانۆکە، هاوارد واگنەر کە سی و شەش ساڵانە، لەسەر مێزێکی چاپکردنی بچووک دانیشتووە و تۆمارکەرێکی لەسەرەوە دەیەوێ بیخاتە کار. هەرکە ڕۆشناییەکە دەکەوێتە سەر هاوارد، لەسەر لیندا دەکوژێتەوە. کە ویلی دەردەکەوێ، هاوارد بە ئامێرەکەوە خەریکەو سەیرێکی دەکات)*.

**ویلی:** پست! پست!

**هاوارد:** هالۆ، ویلی، وەرە ژوورێ.

**ویلی:** هاوارد دەمەوێ کەمێک لەگەڵت بدوێم.

**هاوارد:** بمبوورە ئێستا ناتوانم. پاش خولەکێکی تر لەگەڵت دەبم.

**ویلی:** ئەوە چییە، هاوارد؟

**هاوارد:** شتی وات لەوەو پێش نەدیوە؟ تۆمارکەرە، تۆمارکەر!

**ویلی:** دەتوانین خولەکێ پێکەوە بدوێین؟

**هاوارد:** شت تۆمار دەکات. دوێنێ بەدەستم گەیشت. ئەو ئامێرە

ئەوەندە سەیرە وەختە شێتم بکات. شتی واسەیرم لەژیانما نەدیوە. دوێنێ شەو تابەیانی بەدیاریەوە دانیشتم.

**ویلی:** بۆ چیتە؟

**هاوارد:** ڕاگەیەنراوەکانی پێ تۆمار دەکەم. مرۆ دەتوانێ بەم ئامێرە هەموو شتێک بکات. گوێ بگرە. یەکەمیان کچەکەمە. (*دوگمە دەسووڕێنێ و دەیخاتە کار. ئینجا ئاوازێک، کە بەفیکە لێ دراوە، دەبیسرێ*) گوێ لە فیکەی ئەو مناڵە بگرە.

**ویلی:** دەڵێی بەڕاستییە؟

**هاوارد:** حەفت ساڵانە. گوێ بۆ ئەو ئاوازە ڕادێرە.

**ویلی:** م... م... ن داوای یەک پیاوەتیت لێ دەکەم گەر تۆ...

(*فیکەکە دەوەستێ و دەنگی کچی هاوارد دەبیسرێ*).

**کیژەکەی هاوارد:** "دەی بابە نۆرەی تۆیە."

**هاوارد:** ئەوەندەی خۆش دەوێم هەروەختە بۆم شێت بێ!

(*هەمان ئاواز بەفیکە لێ دەدرێ*) ئەوە منم، ها! (چاوێک *دادەگرێ*.)

**ویلی:** تۆ زۆر بەهرەوەریت!

(*فیکە فیکەکە دیسان دەوەستێ و ئامێرەکە خولەکێ بێ دەنگ دەبێ*).

**هاوارد:** ش ش! گوێ ڕادێرە، ئەمە کوڕەکەمە.

**کوڕەکەی هاوارد:** "پێتەختی (ئەلەباما) مۆنتگۆمەریە، هی (ئەریزۆنا) فینیکسە، (ئەرکەنساس) لیتڵ ڕۆکە، (کالیفۆرنیا) ساکرامەنتۆیە!..." (*هەروا دەچێتە دوێ*).



**هاوارد** (*پێنج پەنجەکانی هەڵدەبڕێ*): پێنج ساڵانە، ویلی!

**ویلی:** ڕۆژێک دێ ببێتە پێشکەشکەری بەرنامە.

**کوڕەکەی هاوارد** (*بەردەوام دەبێ*): "پێتەختی..."

**هاوارد:** گوێ بۆ ئەم ڕێکخستنە ئەلف و بێییە ڕادێرە! (*لەپڕەوە ئامێرەکە دەوەستێ*) خولەکێک چاوەڕێ بکە، نۆکەرەکەمان ساتمەی لە وایەرەکە کردو لە پلاکەکە دەرچوو.

**ویلی:** بێ گومان، ئەمە...

**هاوارد:** بۆ خاتری خوا بێ دەنگ بە!

**کوڕەکەی هاوارد:** "سەعات نۆیە. سەیری کاتژمێرەکانتان بکەن. دەمەوێ بخەوم."

**ویلی:** بەڕاستی ئەمە...

**هاوارد:** کەمێک بووەستە! ئەوی تر خێزانەکەمە. (*هەردووکیان چاوەڕێ دەکەن*).

**دەنگی هاوارد:** "قسە بکە، شتێ بڵێ" (*کەمێک وەستان*) "باشە، دەی قسە بکە؟"

**خێزانی هاوارد:** "ناتوانم هیچ بڵێم."

**دەنگی هاوارد:** "دەی شتێ بڵێ، ئامێرەکە لەکاردایە."

**خێزانی هاوارد** (*بەترس و شەرمەوە*): "هالۆ" (*بێ دەنگی*) "ئۆه، هاوارد، ناتوانم قسە لەنێو ئەم..."

**هاوارد** (*ئامێرەکە ڕادەگرێ*): ئەوە خێزانەکەم بوو.

**ویلی:** ئامێرێکی زۆرسەیر و سەمەرەیە. دەتوانین پێکەوە؟

**هاوارد:** لەڕاستیدا دەمەوێ واز لەکامیرەکەم، دەستە مشارەکانم و

هەموو ئارەزووەكانی تر بهێنم. چونكە ئەوە سەیرترین ئامێرێكە مرۆ بتوانێ كاتی خۆی پێوە بەسەرببات.

**ویلی:** واچاكە منیش یەكێكی وا بكڕم.

**هاوارد:** بێ گومان. بەسەدو پەنجا دۆلاری حیزە. مرۆ ناتوانێ بێ ئەوە ڕۆژ بەسەر ببات. بابڵێین دەتەوێ گوێت لە (جاك بێنی) بێ. كەچی لەو كاتەدا ناتوانی لە ماڵێ بی. بڵێ چ دەكەی؟ بەكارەكەرەكەت دەڵێی ڕادیۆكە بخاتە سەر (جاك بێنی) و یەكسەر بۆت تۆمار دەكاو...

**ویلی:** هەركە دێیەوە ماڵێ...

**هاوارد:** ئەوجا سەعات دوازدە، یەك یان هەر كاتێكی تر بێیتەوە ماڵێ گرینگ نییە. پاشان بەئاسوودەیی لەبەر ئاگردانێكی گەرموگوڕ دادەنیشی و ئامێرەكەی لێ دەخەیتە كارو بەم نیوەشەوە (جاك بێنی) ت بۆ لێ دەدات!

**ویلی:** هەردەبێ یەكێك بكڕم چونكە زۆربەی كات لەڕێگادام و بیر لەوە دەكەمەوە: دەبێ چ پرۆگرامێكی ڕادیۆم لەدەست بچێ!

**هاوارد:** چما ئۆتۆمبێلەكەت ڕادیۆی تێدا نییە؟

**ویلی:** بەڵێ. بەڵام كێ ئەوەی لەبیرە؟

**هاوارد:** ویلی، دەبوایە ئێستا لە(بۆستن) بوایت؟

**ویلی:** منیش هاتووم ئەوەت بۆ باس بكەم، هاوارد؟ تەنها خولەكێك ڕێگام بدە؟ (*كورسییەك لەشوێنی دانیشتن ڕادەكێشێ*).

**هاوارد:** چ بووە؟ پێم ناڵێی لێرە چ دەكەی؟

**ویلی:** باشە...



**هاوارد:** خۆ دیسان تامپۆنت نەكردووە؟

**ویلی:** ئۆه، نەخێر، نەخێر...

**هاوارد:** تەواو بێ ئارامت كردم، مەسەلە چییە؟

**ویلی:** با ڕاستت پێ بڵێم هاوارد. هاتوومەتە سەر ئەو ڕایەی چیتر هاتوچۆ نەكەم.

**هاوارد:** هاتوچۆ نەكەی! باشە ئەدی پێم ناڵێی چ دەكەی؟

**ویلی:** خۆ ئاهەنگی جەژنی سەری ساڵت لەبیرە؟ كە پێت گۆتم هەوڵ دەدەی شوێنێكم لێرە بۆ بدۆزیتەوە.

**هاوارد:** لەگەڵ ئێمە؟!

**ویلی:** بەڵێ، بێ گومان!

**هاوارد:** ئۆه، بەڵێ، بەڵێ چاكم لەبیرە. بەڵام هیچ شوێنێك شك نابەم، ویلی!

**ویلی:** هاوارد، سوپاس بۆ خوا، منداڵەكانم گەورە بووین. بۆیەكا زۆر پێویستم بەپارە نییە. هاتبا هەفتەی شەست و پێنج دۆلارم هەبا، سەرو زیاد بوو.

**هاوارد:** بەڵێ، ویلی. بەڵام... ببینە...

**ویلی:** هاوارد، قسەی خۆمان بێ تۆزێك ماندوو هیلاكم.

**هاوارد:** ئۆه، دەزانم چ دەڵێی، ویلی، دەزانم. بەڵام ئەتو پیاوی ڕێگاوبانی و ئێمەش بەكاروباری ڕێگاوبانییەوە خەریكین. لێرە تەنها شەش فرۆشیارمان هەیە.

**ویلی:** هاوارد، خوا دەزانێ هەرگیز داوای پیاوەتیم لەكەس نەكردووە. بەڵام هەر لەوكاتەی باوكت تۆی بە باوەشێ دەهێنا ئێرە، من

لەو کۆمپانیایەدا کار دەکەم.

**هاوارد:** ئەوە دەزانم، ویلی، بەڵام...

**ویلی:** هەرکە تۆ هاتیتە دونیا، باوکت، خوای لێ خۆشبێ، هاتەلام و لێی پرسیم ڕام بەرامبەر ناوی هاوارد چییە.

**هاوارد:** من ئەوەم لەبەرچاوە، ویلی. بەڵام لێرە جێگا بۆ تۆ نییە. ئەگەر تاقە شوێنێکیش هەبوایە، دڵنیابە دەمدایە تۆ. بەڵام هیچ شوێنێک شک نابەم. (*لەدوای چەرخەکەی دەگەڕێ. ویلی هەڵی دەگرێ و دەیداتەوە دەستی. کەمێ وەستان*).

**ویلی** (*زۆر بەتووڕەییەوە*): هاوارد، هەفتەی پەنجا دۆلاریشم هەبێ بەسە.

**هاوارد:** بەڵام، ڕۆڵە، من لەکوێت دابنێم؟

**ویلی:** سەیرکە. ئاخۆ گرفت لەوەیە کە دەتوانم کەلوپەل بفرۆشم یان نا؟

**هاوارد:** نەخێر، ڕۆڵە، ئەوە کارکردنە کارکردن. نازانی لەجیهانی کاروباردا هەموو کەسێک دەبێ تەرمی خۆی بەکۆڵی خۆی هەڵگرێت.

**ویلی** (*بەنائومێدییەوە*): هاوارد، تەنها ڕێم بدە چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە...

**هاوارد:** بەڵام دەبێ بزانی کە کارکردن هەر کارکردنە.

**ویلی:** (*بەتووڕەییەوە*): بێ گومان، کارکردن هەر کارکردنە، بەڵام یەک خولەک گوێم لێ بگرە. تۆ لەوە تێ ناگەی. هەر لەو کاتەی کە گەنجی هەژدە-نۆزدە ساڵان دەبووم لەشاران دەگەڕێم. هەر



لەوکاتەشەوە پرسیارێک لەمێشکمدا دەخولایەوە لەبارەی ئەوەی داخۆ پیشەی دێوەرەیی چ دوارۆژێکی بۆ من هەیە. چونکە ئەوسا دەمویست بچمە (ئالاسکا). تەواو ئارەزووم دەکرد بچمە ئەو (ئالاسکا)یەی کە مانگێ سێ کانگای زێڕی لێ دەدۆزرایەوە. لەوانەیە تۆ گاڵتەت بەم قسانە بێ.

**هاوارد** (*بەخوێن ساردییەوە*): قەت وامەڵێ.

**ویلی:** بەڵێ. تەنانەت باوکیشم، کە پیاوێکی بەجەرگ و بوێر بوو، چەند ساڵێک لەوێ ژیا. ئێمە پشت بەخۆبەستنمان هەر لەباب و باپیرانەوە بۆ ماوەتەوە. جا لەو کاتەدا دەمویست یا بچمە لای کاکم یا بچمە باکوورو لەگەڵ باوکم بژیم. لەسەر ڕۆیشتن بووم کە (دیڤ سینگڵمان)ی دێوەرەم لە (پارکەر هاوس)دا دی. ناوبانگی ئەو پیاوە، لە تەمەنی هەشتا و چوار ساڵیدا لە سی و یەک ناوچەدا دەنگی دابۆوە. قەت ئەوە لەبیر ناکەم کە پیرە (دیڤ) دەچووە ژوورەکەی و کەوشە قەدیفەکانی لەپێ دەکرد. ئینجا تەلەفۆنەکەی هەڵدەگرت و قسەی لەگەڵ کڕیاراندا دەکرد. پیرە (دیڤ)، لەتەمەنی هەشتێ و چوار ساڵیدا، بەبێ ئەوەی ژوورەکەی خۆی بەجێ بهێڵێ، بژێوی خۆی بەدەست دەهێنا. هەرکە ئەو پیاوەم بینی وام هەست کرد کە دێوەرەیی مەزنترین پیشەیە مرۆ بتوانێ وەدەستی بهێنێ. چونکە چ شتێک لەوە دڵخۆشکەرترە مرۆ لە تەمەنی هەشتاو چوار ساڵیدا بچیتە بیست-سی شاری جیاوازو تەنها تەلەفۆن هەڵگرێ و هێشتاش هەر لەلای خەڵکی خۆشەویست بێ و هوردو درشت یارمەتی بدەن؟ خۆ ئەوەش دەزانی کاتێ ویستی لە شاری پڕ دووکەڵی

(نیویۆرک) و (نیوهاڤن) و (هارتفۆرد)ەوە بچێتە (بۆستن) ئەو مرد– بەڕێکەوت مردنەکەشی دێوەرانە بوو، چونکە هێشتا کەوشە قەدیفەکانی لە پێدا بوو. کاتێ مرد سەدان کڕیارو فرۆشیار لەسەر تەرمەکەی ئامادە بوون. بگرە تەنانەت چەند مانگێکیش پاش ئەم کارەساتە دڵتەزێنە هەموویان دڵتەنگ و خەفەتبار بوون. *(هەڵدەستێتەوە. هاوارد تەماشای ناکات)*. هاوارد، ئەوسا کەسایەتی دەوری دەگێڕا، کەسایەتی. پیشەی دێوەرەییش ڕێزو هاوڕێیەتی و سوپاسمەندی تێدابوو. بەڵام ئەمڕۆکە هەموو ئەوانە لەناوچوون، فەوتان! هیچ هەلێک نەماوە بۆ ڕەخساندنی هاوڕێیەتی – یان کەسایەتی. خۆ دەزانی چ دەڵێم؟ ئەمڕۆ تەنانەت هەرکەس ناشم ناسێتەوە.

**هاوارد** *(بەرەو لای دەستەڕاست دەڕوات. لێی دوور دەکەوێتەوە)*: ئەوە دەقاودەق چیرۆکی ژیانی تۆیە، ویلی.

**ویلی:** تەنانەت ئەگەر هەفتەی چل دۆلاریشم هەبێ، بەسمە. کوڕە پیاوی مەرد بە، هاوارد.

**هاوارد:** ڕۆڵە من ناتوانم خــوێن لە بەردێکی وشک و برینگ بگرم. من...

**ویلی** *(مۆرکی نائومێدی پێوە دیار)*: هاوارد، ئەوێ ساڵی کە (ئال سمیث) هەڵبژێردرا، باوکت هاتەلام و...

**هاوارد** *(دەیەوێ بڕوات)*: ڕۆڵە، دەبێ چاوم بەچەند میوانێک بکەوێ.

**ویلی** *(دەیوەستێنێ)*: من باسی باوکت دەکەم! چەندەها گفت و بەڵێن لەسەر ئەم مێزە دراوە! نابێ پێم بڵێی دەمەوێ خەڵکی ببینم. من سی و چوار ساڵی ژیانم لەو کۆمپانیایە داناوە، هاوارد.



ئێستاش پارەم نییە مانگانەی بیمەکەم بدەم. تێ بگە! مرۆڤ میوەجات نییە کاکڵەکەی بخۆی و پەلکەکەی فڕێ بدەیت! *(پاش کەمێک وەستان)* جا تۆزێک ئاگاداربە! باوکت لەساڵی ١٩٢٨ دا کاری باش بوو، لەبەر ئەوەی سەرجەمی فرۆشتنی هەفتەیەکم سەدو حەفت دۆلار بوو.

**هاوارد** *(بەبێ ئارامییەوە)*: ئێستا هەرگیز سەرجەمی فرۆشتنت...

**ویلی** *(بەتوندی شەپێک لە مێزەکە دەدات)*: لە ساڵی ١٩٢٨دا سەرجەمی فرۆشتنی هەفتەیەکم دەگەیشتە سەدو حەفتا دۆلار! باوکت هاتە لام یان من لەئۆفیس بووم و دەستی لەملم کردو...

**هاوارد** *(هەڵدەستێ)*: ببوورە، دەبێ خەڵکی ببینم، ویلی. تۆزێک توانا وەبەر خۆت بێنەوە – هەر پاش کەمێکی تر دێمەوە لات. *(هەرکە هاوارد دەڕوات، ڕۆشناییەکی زۆرو یەگجار سەیر بەسەر کورسییەکەدا دەکەوێ)*.

**ویلی:** توانا وەبەر خۆت بێنەوە! بۆ خاتری دۆزەخ من چیم پێی گۆت؟ خودایە! بەسەریدا دەمقیژاند! چۆن وێرام؟ *(دەوەستێ و لەو ڕۆشناییەی بەسەر کورسییەکە پەخش دەبێتەوە ورد دەبێتەوە. ڕۆشناییەکە ژیان دەخاتە بەر کورسییەکە. ویلی بەرەو مێزەکە دەچێ و بەرامبەری دەوەستێ)* فرانک، فرانک خۆ لەبیرتە ئەوێ جارێ چیت پێ گۆتم و چۆن دەستت خستە سەرشانم و...؟ *(کە ناوی پیاوە مردووەکە دێنێ، بەسەر مێزەکە دەنەوێتەوە. لەنکاوڕا تۆمارکەرەکە دەکەوێتە کار...)*

**کوڕەکەی هاوارد:** "... ی نیویۆرک ئەلەبانییە. پێتەختی (ئۆهایۆ) سنسناتیەو پێتەختی (ڕۆد ئایلاند)..." *(هەروا دەچێتە دوێ)*.

**ویلی** (*لەترسان ڕادەپەڕێ و هاوار دەکات*): ها – هاوارد، هاوارد!

**هاوارد** (*بەتاو دێتە ژوورێ*): چی قەوماوە؟

**ویلی** (*پەنجە بۆ ئامێرەکە درێژ دەکات کە بەدەنگێکی گڕ و منداڵانەوە پایتەختەکان دەژمێرێ*): ڕابگرە! ڕاگرە.

**هاوارد** (*ڕایدەگرێ*): بڕوانە، ویلی...

**ویلی** (*پەنجەکانی بەتوندی بەچاویەوە دەگرێ*): پێویستم بەفنجانێک قاوە هەیە. پێویستم بە قاوە....

**هاوارد** (*کاسێتەکە هەڵدەکاتەوە*): ویلی، بڕوانە...

**ویلی:** دەمەوێ بچمە بۆستن.

**هاوارد:** نامەوێ چیتر بۆ ئێمە بچیتە بۆستن.

**ویلی:** لەبەرچی؟

**هاوارد:** نامەوێ چیتر نوێنەری ئێمە بیت. لەمێژبوو دەمویست ئەوەت پێ بڵێم؟

**ویلی:** دەتەوێ دەرم بکەیت؟

**هاوارد:** واهەست دەکەم تۆ پێویستت بەپشوودانێکی تەواو هەیە.

**ویلی:** هاوارد...

**هاوارد:** هەرکە چاکتر بوویتەوە، وەرەوە. بزانم هەینێ کارێکت بۆ نادۆزمەوە.

**ویلی:** بەڵام من بێ پارەم، هاوارد، بێ پارە. حاڵم ئەوەندە چاک نییە کە...

**هاوارد:** ئەدی کوڕەکانت لەکوێن؟ بۆ ئەوان یارمەتیت نادەن؟

**ویلی:** ئەوان پارەیەکی چاک وەدەست دێنن.



**هاوارد:** هەنوکە کاتی خۆهەڵکێشان و درۆو دەلەسە نییە، ویلی. بڕۆ لای کوڕەکانت و پێیان بڵێ ماندوو و هیلاکی. تۆ دوو کوڕی مەزنت هەیە، وانییە؟

**ویلی:** ئۆه، بێ گومان. بێ گومان. بەڵام لەهەمان کاتدا...

**هاوارد:** دەمادام وایە بیخۆ!

**ویلی:** باشە. هەر بەیانی دەچمە بۆستن.

**هاوارد:** نەخێر، شتی وانابێ.

**ویلی:** ناتوانم خۆم بەسەر کوڕەکانما داببڕم. خۆ شەل و کوێر نیم.

**هاوارد:** ڕۆڵە، بڕوانە. ئەم بەیانییە سەرم زۆر قاڵە.

**ویلی** (*پیلی هاوارد دەگرێ*): هاوارد، دەبێ لێ بگەڕێی بچمە بۆستن!

**هاوارد** (*بەزەحمەت دەتوانێ بەسەر ئەم بارەدا زاڵ ببێ*): دەبێ ئەم بەیانییە کۆمەڵێک خەڵک ببینم. دانیشە، پێنج خولەک، دانیشە. تۆزێک هێز وەبەر خۆت بێنەوە. ئینجا بڕۆوە ماڵ، ئێ؟ دەمەوێ بەتەنێ لە ئۆفیسەکەم بم، ویلی. (*ئەو دەڕوات. ڕوو وەردەگێڕێ و تۆمارکەرەکەی بەبیر دێتەوە. پاڵ بەمێزەکەوە دەنێ و تۆمارکەرەکە هەڵدەگرێ*) لەم هەفتەیەدا چ ڕۆژێک مەیلت لێ بوو نموونەکان بگەڕێنەوە. ئینجا کە چاکتر بوویتەوە، وەرەوە لام و قسەیەکی لێ دەکەین. هێز وەبەر خۆت بێنەوە، ڕۆڵە. با خەڵکی دەرەوە بەم چەشنە نەتبینن.

(*هاوارد دەڕوات مێزەکە بەلای دەستە چەپدا لادەدا. ویلی تەواو داهێزراوەو لەشوێنەکە ورد دەبێتەوە. ئێستا دەنگی مۆسیقای بێن دێ. کە لە سەرەتادا دوورەو پاشان تا دێ نزیکتر*

*دەبیسرێ. کاتێ ویلی قسە دەکات، بێن، کە جانتایەک و چەترێکی لەدەستە، لەلای دەستە ڕاستی شانۆکەوە، دێتە ژووری).*

**ویلی:** بێن، چۆنی؟ مەسەلە چییە؟ کاروباری (ئالاسکا)ت جێبەجێ کرد؟

**بێن:** ئەگەر مرۆڤ بزانێ چ دەکات ئەوەندە کات بەفیڕۆ نادات. تەنها گەشتێکی بازرگانی یەک سەعاتیم کردو پاشان خوا حافیزیم کرد.

**ویلی:** بێن، دەمەوێ لەگەڵت بدوێم.

**بێن** (*سەیری کاتژمێرەکەی دەکات*): ویلیام، وەختم نییە.

***ویلی*** *(بەسەر شوێنە کەوانەییەکە دەچێتە لای ویلی)*: بێن، هیچم دەستگیر نەکرد، نازانم چ بکەم؟

**بێن:** گوێ ڕادێرە، ویلیام. دارستانێکم لە (ئالاسکا) کڕیوەو پیاوێکم دەوێ چاودێری بکات.

**ویلی:** خودایە! دارستان! من و کوڕەکانم لەو شوێنە خۆشە بەرفراوانە دارستانەوانی بکەین!

**بێن:** ویلیام، کیشوەرێکی نوێ چاوەڕێتە. تەنها لەو شارە قەرەباڵغ و پڕ هەرا و هۆریا و پڕ گیروگرفتە وەرە دەرەوەو قۆڵ و بازووی لێ هەڵبکە سەر بەگەنجینەی دەکەی.

**ویلی:** وەرە، وەرە، لیندا!

*(لیندا وەک جاران دەست بەجلی شۆراوەوە بەژوور دەکەوێ).*

**لیندا:** ئەوە گەڕایتەوە، بێن؟



**بێن:** زۆر وەختم نییە.

**ویلی:** نەخێر، نابێ بڕۆی. لیندا، بێن ئیشێکی یەگجار چاکی لە (ئالاسکا) بۆ دۆزیمەتەوە.

**لیندا:** بەڵام تۆ (بۆ *بێن*) ئیشێکی باشت لێرە هەیە.

**ویلی:** بەڵام، گیانەکەم، لە (ئالاسکا) دا دەتوانم...

**لیندا:** دەستکەوتت لێرە زۆر باشە، ویلی!

**بێن** (بۆ *لیندا*): باشییەکەی لەچیدایە، گیانەکەم؟

**لیندا** (لە بێن دەترسێ و بەتووڕەییەوە): ئەو شتانەی بە گوێدا مەخوێنە! ئەوەندە بەسە لێرە بەختەوەرو کامەرانین. (بۆ *ویلی*، *کاتێ بێن پێ دەکەنێ*) بۆ هەموو کەس جیهان داگیر بکات؟ گیانەکەم، تۆ زۆر خۆشەویست و لەبەردڵانی، وێڕای ئەوەش منداڵەکان دەتپەرستن. ڕۆژێ دادێ کە... (بۆ *بێن*) بۆ بڕوات؟ هەر ئەوێ ڕۆژێ پیرە (واگنەر) پێی گوت ئەگەر بێ و بەم چەشنە لەسەر کارەکەی بەردەوام بێ، دەیکاتە ئەندامێکی کۆمپانیاکە. وانییە، ویلی؟

**ویلی:** بێ گومان، بێ گومان. من شتێک لەو کۆمپانیایە وەدەست دەهێنم. ئەگەر مرۆڤیش شتێک بەدەست بهێنێ دەبێ لەسەر کارەکەی بەردەوام بێ. وانییە، بێن؟

**بێن:** کوا چیت وەدەست هێناوە؟ پیشانمی بدە. کوا لەکوێیە؟

**ویلی** (*بەدوودڵییەوە*): لیندا، (بێن) ڕاست دەکات. چیم بەدەست نەهێناوە.

**لیندا:** بۆ؟ (بۆ *بێن*) پیاوێکی هەشتێ و چوار ساڵان...

**ویلی:** ڕاست دەکات، بێن. ئەوەی لینداش ڕاستە. کاتێ ئەو پیاوە دەبینم دەڵێم پیاو بۆ ئارام لەخۆی هەڵگرێ؟

**بێن:** پەه!

**ویلی:** لیندا ڕاست دەکات، بێن. ئەو پیاوە دەچێتە شاران و تەنها بەتەلەفۆن شت دەفرۆشێ. ئا بەم چەشنە بژێوی خۆی بەدەست دێنێ، خۆ دەزانی بۆ؟

**بێن** (*جانتاکەی هەڵدەگرێ*): دەبێ بڕۆم.

**ویلی** (*لەلای پشتەوە بێن ڕادەکێشێ*): سەیری ئەو کوڕە بکە. (بیف، *بلووزێکی قوتابخانەی ئامادەیی لەبەرەو جانتایەکی لەدەستە،* دێتە ژوورێ. *هاپی شانپێچ و دەرپێ قوتەو کڵاوە زێڕینەکەی بیفی هەڵگرتووە*).

**ویلی:** بەبێ ئەوەی پوولێک خەرج بکات، سێ زانکۆی مەزن لە بیف دەپاڕێنەوە تا تیایان بخوێنێ، لەترۆپکی بەرزیدایە و تەنها ئاسمان سنووریەتی. بێن، ئەوە گرنگ نییە مرۆڤ چ دەکات، بەڵام ئەوەی گرنگە خەڵکی ناسین و بزەی سەر لێوە! گرنگ پەیوەندییە، پەیوەندی، بێن! بەقەد هەموو گەنجینەی (ئالاسکا) بەسەر مێزی فراوین کردنی ئوتێلێکی وەک (کۆمۆدۆر)دا تێدەپەڕێ. جا ڕازی سەمەرەیی ئەو وڵاتە ئەوەیە ئەگەر بێ و پیاو خۆشەویست و لەبەردڵان بێ، سەر بەگەنجینەی وەدەنێ! (*ڕوو دەکاتە بیف*) هەر لەبەرئەوەشە ئەورۆ دەچێتە یاریگەیەکی مەزن، چونکی هەزاران کەس خۆشیان دەوێ و بەدوایدا دەگەڕێن. (بۆ بێن *کە دیسان دەست بەڕۆیشتن دەکات*) بێن ئەوە بزانە کاتێ بیف پێ دەنێتە ناو جیهانی کاروباری



بازرگانییەوە ناوی وەک زەنگ دەنگ دەداتەوەو هەموو دەرگایەک بەڕوویدا دەکرێتەوە. من خۆم ئەوەم دیوە، بێن، نەک جارێک بەڵکو هەزاران جاریش! داخوا تۆش هەست بەو گیانە دەکەیت کە تێیدایە وەک چۆن لەدار هەستی پێ دەکەی!

**بێن:** ویلیام، خواحافیز.

**ویلی:** چی دەڵێی؟ وادەزانی ڕاست ناکەم؟ من ئامۆژگارییەکانت لەگوێ دەگرم.

**بێن:** ویلیام، کیشوەرێکی نوێ چاوەڕێتە. تەنها وەرە دەرێ، دەبیتە خاوەن سامان، سامان! (*دەڕوات*).

**ویلی:** ئێمە ئەو سامانە لێرە بەدەست دەهێنین! گوێت لێمە! دەبێ لێرە بەدەستی بهێنین!

*(برناردی لاو بەتیژی دێتە ژوورێ. مۆسیقای شادی منداڵەکان لێ دەدرێ).*

**برنارد:** چاک بوو – ترسام ڕۆیشتبی!

**ویلی:** بۆ؟ سەعات چەندە؟

**برنارد:** یەک و نیوە!

**ویلی:** دەی، بەرەو یاریگای (ئێبێت) بکەونە ڕێ! کوا ئاڵایەکان؟ (*بەنێو دیواری ناندینەکە دەچێتە ژووری پێشوازیکردن*).

**لیندا** (بۆ بیف): ئەرێ فانیلەو دەرپێ قوتە خاوێنەکەت هێناوە؟

**بیف** (*چەند بزووتنەوەیەکی وەرزشی دەکات*): بابڕۆین!

**برنارد:** من کڵاوەکەت هەڵگرم، بیف؟

**هاپی:** لاکەوە، لاکەوە، من کڵاوەکەی هەڵدەگرم.

**برنارد:** ئۆه، بیف. ئەدی گفتت بە من نەدابوو؟

**هاپی:** من کڵاوەکە هەڵدەگرم.

**برنارد:** ئەدی من چۆن بێمە ژووری کەلوپەل؟

**لیندا:** لێ گەڕێ با برنارد شانپێچەکەت هەڵگرێ. (*لە ناندینەکە پاڵتۆکە دەکاتە بەرو شەپقەکەش دەنێتە سەر*).

**برنارد:** هەڵیگرم، بیف؟ چونکە بەهەموو کەسێکم گوتووە لەژووری کەلوپەل دەبم.

**هاپی:** لە یاریگەی (ئێبێت) دا یانە هەیە نەک ژووری کەلوپەل.

**برنارد:** منیش هەر مەبەستم یانەکە بوو، بیف!

**هاپی:** بیف!

**بیف** (*بەخۆ بەگەورە زانین و لاف لێدانەوە. پاش کەمێک وەستان*): لێ گەڕێ با ئەو شانپێچەکەم هەڵگرێ.

**هاپی** (*کە شانپێچەکە دەداتە برنارد*): بگرە، ئێستا لێمان دوور نەکەویتەوە، ها؟

(*ویلی، چەند ئاڵایەکی بەدەستەوەیە، بەتاو دێتە ژوورێ*).

**ویلی** (*ئاڵاکان دابەش دەکات*): هەر بیف هاتە نێو یاریگاکەوە، هەمووتان ئاڵا دەشەکێننەوە، ئێ؟ (*هاپی و برنارد ڕادەکەن*) کوڕینە، هەر لە ئێستاوە خۆتان ئامادە بکەن!

(*مۆسیقاکە کپ دەبێ*)

**بیف:** ئامادەم. بابڕۆین. هەموو ماسوولکەیەکی لەشم ئامادەیە.

**ویلی** (*لە کەنار شوێنە کەوانەییەکەوە*): بیف، دەزانی ئەوڕۆ چییە؟

**بیف:** بێ گومان، بابەگیان.



**ویلی** (*دەست دەداتە ماسوولکەکانی بیف*): ئەوڕۆ نیوەڕۆ کە دێیتەوە ماڵ، دەبێت بەکاپتنی سەرپاکی تیپی پاڵەوانێتی گشت قوتابخانەکانی نیویۆرک.

**بیف:** تێ دەگەم، بابە. هاوڕێ ئەوەت لەبیر بێ کە کڵاوەکەم لەسەر دەکەمەوە مانای ئەوەیە گۆلێکت بۆ دەکەم.

**ویلی:** بابڕۆین! (*دەکەوێتە ڕۆیشتن کاتێ چارلی وەک جاران بەدەرپێ قوتەوە دێتە ژوورێ، ویلی دەستی لەملی بیفە*) چارلی، جێگەی تۆمان نەماوە.

**چارلی:** جێگا؟ بۆ چ مەبەستێک؟

**ویلی:** لە ئوتومبێلەکەمدا.

**چارلی:** چما دەچنە سەیرانێ؟ هاتم تۆزێک قومارت لەگەڵ بکەم.

**ویلی** (*بەتووڕەییەوە*): قومارکردن؟! (*بەگومانەوە*) چما نازانی ئەوڕۆ چییە؟

**لیندا:** دەزانێ، دەزانێ. تەنها گاڵتەت لەگەڵ دەکات، ویلی.

**ویلی:** شتی وا پێویست بەگاڵتە ناکات!

**چارلی:** نابەخوا. لیندا، نازانم مەسەلە چییە؟

**لیندا:** ئەوڕۆ بیف لەیاریگەی (ئێبێت) دا یاری دەکات.

**چارلی:** یاری (بێس بۆڵ) لەو ئاوو هەوایە نالەبارەدا؟!

**ویلی:** چیتر درێژەی پێ مەدە. دەبا بڕۆین. دەبا بڕۆین. (*بەپاڵەسووان بەدەریان دەنێ*).

**چارلی:** خولەکێ چاوەڕێ کەن. ئایا گوێتان لەدەنگوباس بوو؟

**ویلی:** چی؟

**چارلی:** گوێت لەڕادیۆ نەبوو دەیگوت یاریگەی (ئێبێت) بەژێر ئاو کەوتووە؟

**ویلی:** برۆ، هەی دۆزەخت لێ پڕ، برۆ. (*چارلی پێ دەکەنێ. ئینجا ویلی هەموویان بەدەردەنێ*) بابڕۆین، زۆر درەنگە، بابڕۆین!

**چارلی** (*هەرکە دەکەونە ڕێ*): بیف، سەربەرزی بەدەست بێنە، مەزنێتی بەدەست بێنە!

**ویلی** (*پاش هەمووان دەردەچێ، ڕوودەکاتە چارلی*): چارلی ئەوڕۆ گاڵتە نییە، نی. ئەوڕۆ مەزنترین ڕۆژی ژیانی ئەوە!

**چارلی:** ویلی، کەی تۆ ژیر دەبی و هۆشت دێتەوە سەرخۆت؟

**ویلی:** باشە، باش! با ئەو یارییە تەواوبێ، بزانە چۆن گاڵتە بەخۆت دەکەی. ئینجا خەڵکی بە (ڕێد گرانج) ی دووەمی دادەنێن و ساڵێ بیست و پێنج هەزار دۆلار وەدەست دێنێ.

**چارلی** (*بەگاڵتە پێکردنەوە*): ئا ئاوا!

**ویلی:** بەڵێ، ئاواو زیاتریش!

**چارلی:** کەواتە لێم ببوورە، بەڵام شتێکم پێ بڵێ؟

**ویلی:** چییە؟

**چارلی:** (ڕێد گرانج) کێیە؟

**ویلی:** دان بەنەزانیت بنێ، هەی نەگریس، دان بەنەزانیت بنێ!

(*چارلی بەنەرمی پێ دەکەنێ و سەری دەلەقێنێتەوە. دەچێتە کونجی لای ڕاستی شانۆکە. ویلی بەدوای دەکەوێت و مۆسیقاکە بە بەرزی لێ دەدرێ تا گاڵتەجاڕی ئەم بارە بنوێنێ*).



**ویلی:** هەی دۆزەخ بەماڵ و حاڵت! تۆ وا دەزانی لەهەموو کەسێک باشتری! تۆ هەرهیچ نازانی و گەورەترین گێل و گەلحۆی. دان بەوەدا بنێ! هەی گەلحۆ!

(*ڕۆشنایی بەسەر لای ڕاستی پێشەوەی شانۆکە پەخش دەبێتەوەو دەکەوێتە سەر مێزێکی بچکۆلەی ژووری پێشوازی کردن لە ئۆفیسی چارلیدا. دەنگی هاتوچۆی ئۆتومبێل دێ. برنارد، ئێستا گەورە بووە، لەوێ دانیشتووە. دوو ڕێکت و جانتایەکی کەلوپەلی لەتەنیشتە، لەبەرخۆی فیکە لێ دەدات*).

**ویلی** (*لەدەرەوەی شانۆوە*): ئەوە بۆ لێم دوور دەکەویەوە؟ دوور مەکەوەوە! ئەگەر دەتەوێ شتێک بڵێی، ڕووبەڕوو پێم بڵێ! دەزانم لە پاشملە گاڵتەم پێ دەکەی، بەڵام با ئەو یارییە تەواوبێ، ئەوجا بزانە چۆن گاڵتە بەخۆت دەکەی هەی نگریس. دەی، بیف، دەی، لەبەرچاوی هەشت هەزار تەماشاکەر گۆڵ بکە! ڕاست لەناوەندی گۆڵێ بدە.

(*برنارد کە گەنجێکی جەرگسۆز و لەسەرخۆو بڕوابەخۆیە، پێی لەسەر مێزەکە دێنێتە خوارێ و پێ دەکەنێ. جێنی، سکرتێری چارلی، دێتە ژوورێ*).

**جێنی** (*بەدڵتەنگییەوە*): برنارد، ناچیتە هۆڵەکە؟

**برنارد:** ئەو دەنگە دەنگە چییە؟ ئەوە کێیە؟

**جێنی:** مستر لۆمانە. هەر ئێستا لە بەرزکەرەوەی کارەبایی دابەزی.

**برنارد** (*هەڵدەستێتەوە*): *لەگەڵ کێ قسە دەکات؟*

**جێنی:** کەس! کەسی لەگەڵ نییە. لە وزەم نەماوە چیتر قسەی لەگەڵ بکەم. هەرکە دێتە ئێرە، باوکت دەشڵەژێ. دەبێ کۆمەڵێک

کاغەز چاپ بکەم، باوکت چاوەڕێی ئیمزا کردنیانە. دەتەوێ ببینی؟

**ویلی** (*دێتە ژوورێ*): گۆل بکە، گۆل... (*جێنی دەبینێ*) جێنێ، جێنی، خۆشحاڵم بەدیدەنت! چۆنیت؟ خەریکی کاری؟ هێشتاش هەر لە ئیشی خۆت دڵسۆزی؟

**جێنی:** زۆر چاکم، تۆ چۆنی؟

**ویلی:** قەت باش نیمە. ها! ها! (*زۆر سەرسوڕماو دەبێ کە ڕێکتەکان دەبینێ*).

**برنارد:** هەلەو، مامە ویلی.

**ویلی** (*کەمێک شڵەژاوە*): برنارد، ئەوە تۆی!

(*برنارد بەشەرمەزارییەوە بەپەلە دەچێتە لای ویلی و بەگەرمی دەستی دەگوشێ*).

**برنارد:** چۆنیت، مامە ویلی؟ خۆشحاڵم بەدیدەنت.

**ویلی:** ئەوە لێرە چ دەکەی؟

**برنارد:** چاوەڕێی باوکم دەکەم و دەمەوێ قاچەکانم تۆزێک بحەسێتەوە تا شەمەندەفەرەکەم دەڕوات. پاش کەمێکی تر دەچمە (واشینتۆن).

**ویلی:** ئەرێ باوکت لەژوورێیە؟

**برنارد:** بەڵێ، لەگەڵ ژمێریارەکەی لەئۆفیس دانیشتووە.

**ویلی** (*دادەنیشێ*): بۆ دەچیتە واشینتۆن؟

**برنارد:** تەنها کێشەیەک هەیە دەبێ بیبڕمەوە، ویلی.

**ویلی:** ئاوا! (*نیشانە بۆ ڕێکتەکان دەکات*) دەچی لەوێ یاری بکەیت؟



**برنارد:** بەڵێ، لەگەڵ هاوڕێیەکم، کە یاریگەی خۆی هەیە، یاری دەکەم.

**ویلی:** قەت وا مەڵێ! یاریگەی تێنسی خۆی! دەبێ پیاوێکی مەزن بێ!

**برنارد:** ئەوان خەڵکی زۆر باشن. لەباوکمم بیستووە کە بیف لێرەیە.

**ویلی** (*بەزەردەخەنەیەکی گەورەوە*): بەڵێ، بیف لێرەیە. بەپارەیەکی زۆرچاک ئیش دەکات.

**برنارد:** چی دەکات؟

**ویلی:** کاروباری گەورەی لەڕۆژئاوا بەدەستەوەیە. بەڵام بڕیاری دا بگەڕێتەوە ئێرە. ئەمڕۆ پێکەوە شام دەکەین. بیستم خێزانەکەت منداڵێکی بووە؟

**برنارد:** ڕاست دەکەی. ئەوە دووەمیانە.

**ویلی:** چت دەوێ، دوو کوڕ!

**برنارد:** بیف بەچییەوە خەریکە؟

**ویلی:** خۆ (ئۆلیڤەر) دەناسی کە خاوەن کۆگایەکی مەزنی کەلوپەلی وەرزشییەو لەو ئیشانە پسپۆڕە؟ ئەو پیاوە لەهەموو لایەک دەنگی داوەتەوەو لەشوێنی دوورەوە نوێنەری تایبەتی خۆی هەیە، ئەوێ ڕۆژێ داوای لەبیف کرد کە لە ڕۆژئاوادا بگەڕێتەوەو لەلای کاربکات. چونکە زۆر پێویستی پێی هەیە. ئایا برادەرەکانت یاریگەی تایبەتی خۆیان هەیە؟

**برنارد:** هەر لەکۆمپانیای گۆرینێ کار دەکەی، ویلی؟

**ویلی** (*پاش کەمێک وەستان*): زۆر خۆشحاڵم کە بەو پلەوپایەیە گەیشتی، برنارد، بەڕاستی خۆشحاڵم. بەڕاستی شتێکی هاندەرو دڵخۆشکەرە کە گەنجێکی وەک تۆ هەستێکی وا پاکی

بەرامبەر بیف هەبێ... (*لەهیکرِا دەوەستێ و لەپرِەوە دەڵێ*) برنارد (*ئەوەندە بەسۆز قسە دەکات تا دیسان لەپرِ دەوەستێ*).

**برنارد:** ویلی، چ بووە؟

**ویلی** (*بەنائومێدی و هەناسە ساردییەوە*): چییە ڕازەکە چییە؟

**برنارد:** ڕازی چی؟

**ویلی:** چۆن چۆنی پێ گەیشتیت؟ کەچی بیف هەرگیز بەو پلەیە نەگەیشت.

**برنارد:** منیش لەوە تێ ناگەم، ویلی!

**ویلی** (*بەبرِواو نائومێدییەوە*): تۆ هاورِێی منداڵیی بوویت، هاورِێی منداڵی. شتێک هەیە من لێی تێ ناگەم. نازانم بۆ ژیانی ئەو یەکسەر پاش یارییەکەی یاریگەی (ئێبێت) ڕووخا و هەر لەدوای حەڤدە ساڵان چیتر جێی چاوانی تێدا نەما؟

**برنارد:** چونکە خۆی بەهیچ شتێکەوە خەریک نەدەکرد.

**ویلی:** چۆن خۆی بەهیچ شتێکەوە خەریک نەدەکرد؟! دوای ئامادەیی چەندین کۆرسی نامەکاری (مراسلە) وەرگرت وەکو میکانیکی ڕادیۆو تەلەڤزیۆن و... خوادەزانێ شتی تریش. کەچی هەرگیز بەهیچ نەگەیشت.

**برنارد** (*چاویلکەکە لەچاو دەکاتەوە*): دەتەوێ بێ پێچ و پەنا قسە بکەی؟

**ویلی** (*هەڵدەستێتەوەو بەرەو برنارد دەچێ*): برنارد، تۆ بەکورِێکی ژیرو زرنگ دادەنێم و ئامۆژگارییەکانت لەگوێ دەگرم.

**برنارد:** سندان لە ئامۆژگاری بدا، ویلی. من ناتوانم ئامۆژگاری تۆ



بکەم. زۆر لەمێژە دەمویست شتێکت لێ بپرسم. پێم ناڵێی کە بیف دەبوایە دەربچێ، بەڵام مامۆستای ماتماتیک خستی چ...

**ویلی:** ئۆه، ئەو زۆڵە بیفی ڕووخاند.

**برنارد:** بەڵێ، ویلی. ئەوە ڕاستە. بەڵام ئەو تەنها پێویستی بە چوونە خوێندنگایەکی هاوینی هەبوو و بەس. تا ئەو بابەتەی لێی کەوتووە ڕاست بکاتەوە.

**ویلی:** ئەوە ڕاستە، ئەوە ڕاستە.

**برنارد:** ئاخۆ تۆ پێت گۆت نەچیتە خوێندنگای هاوینی؟

**ویلی:** من؟ من لێی پاڕامەوەو تەنانەت فەرمانیشم پێی کرد بچێت!!

**برنارد:** ئەدی بۆ نەچوو؟

**ویلی:** بۆ؟ بۆ؟ برنارد، هەر ئەو پرسیارەشە کە لەماوەی ئەو پازدە ساڵەی دواییدا وەک مۆتەکە سواری سنگم دەبێ. کە لەو بابەتە کەوت، یەکسەر کەوتە سەر زەوی وەک بزماری لەمێشکدا کوترابێ وابوو.

**برنارد:** گوێ مەدەرێ، ویلی.

**ویلی:** برنارد، با بۆتی باس بکەم چونکە هیچ کەسی دی نییە بۆی باس بکەم. تووخوا گوناهی من بوو، برنارد؟ ئەو پرسیارە هەمیشە لەمێشکم دەخولێتەوەو دەڵێم لەوانەیە من وام بەسەرهێنابێ. بەڵام من تاقە پوولێکم نەبوو بیدەمێ.

**برنارد:** مامە ویلی، ئەوەندە گوێی پێ مەدە.

**ویلی:** بۆ کەوت و ڕووخا؟ چ ڕازێک لەمەدا بوو؟ خۆ تۆ هاورِێی بوویت!

**برنارد:** لەبیرمە مانگی پووشپەڕ بوو، کە نمرەکان درانەوە. بیف لە

ماتماتیک کەوتبوو..

**ویلی:** ئەو زۆڵە! ئەو سەگبابە!

**برنارد:** نەخێر، ئەمە ڕاستییەکەی نییە! لەبیرمە بیف زۆر تووڕە بوو و بڕیاری دا ناوی خۆی لە خوێندنگای هاوینەدا بنووسێ.

**ویلی** (*بەسەر سوڕمانەوە*): بەڕاستتە؟!

**برنارد:** ئەو کەوتنە هەرگیز بیفی نەڕووخاند. بەڵام، ویلی، ئەو یەک مانگی خشت بێ سەرو شوێن ون بوو. من وامزانی هاتۆتە (نیوئیگلاند) تۆ ببینێ. ئایا هەینێ قسەی لەگەڵت کرد؟

*(ویلی بەبێ دەنگی مووڕ دەبێتەوە)*.

**برنارد:** ویلی؟

**ویلی** (*بەدەنگێکەوە کە بۆنی تووڕەیی و ڕق لێ بوونەوەیەکی گەورەی لێ دێ*): بەڵێ، هاتە بۆستن. بەڵام ئەوە چ پەیوەندییەکی بەوەوە هەیە؟

**برنارد:** کە گەڕایەوە – کە گەڕایەوە – هەرگیز ئەوە لەبیرناکەم و بەردەوام وەک ڕازێک سەرم لەئاستیا سووڕ دەمێنێ. چونکە من هەستێکی ئەوەندە بەرزی (بیف)م هەبوو تاوەکو گەلێ جار بۆ سوودی خۆی بەکاری دەهێنام و فریوی دەدام. سەرەڕای ئەوەش ئەوم زۆر خۆشدەویست. خۆ تۆ خۆت ئەمە دەزانی؟ دوای ئەوەی گەڕایەوە لاپچینەکانی – خۆ ئەو لاپچینانەت لەبیرە کە (زانکۆی فیرگینیا)یان لەسەر چاپ کرابوو و بەقەد زەوی و ئاسمان پێیانەوە دەنازی؟ ئەو لاپچینانەی بردە ژێرزەمینەکە و لەنێو ئاگردانەکە سووتاندیانی. لەسەر ئەوە من و ئەو نیو سەعاتی تەواو ئامبازی یەکتری بووین. هەردووکمان



یەکتریمان بەزەوی دا دەداو هاوارمان دەکرد. ئەوەشم یەگجار سەیر هاتەبەرچاو کە زانیم بڕیاری داوە دەست لەژیان هەڵگرێ. چی لەبۆستن ڕووی دا، ویلی؟

*(ویلی وەک کەسێکی خۆهەڵقورتێن سەیری برنارد دەکات)*

**برنارد:** ئەو ڕووداوەم بۆ گێڕایەتەوە چونکە خۆت پرسیارت لێ کرد.

**ویلی** (*بەتووڕەییەوە*): مەبەستت چییە لەوەی چی ڕووی دا؟ ئەوە چ پەیوەندییەکی بەوەوە هەیە؟

**برنارد:** لێم زوێر مەبە، مامە ویلی. گوێش بەم شتانە مەدە.

**ویلی:** دەتەوێ چی بکەی؟ گوناهەکە بخەیتە ئەستۆی من؟ خۆ خەتای من نییە کەوتووە؟

**برنارد:** ئێستا ویلی، تەنها...

**ویلی:** بەم جۆرە – بەم جۆرە قسەم لەگەڵ مەکە! مەبەستت چییە لەوەی چی ڕووی دا؟ (*چارلی، سوخمەیەکی لەبەرە و شووشەیەک ویسکی بۆربۆنی لەدەستە، دێتە ژوورێ*).

**چارلی:** کورە، هێی، بەشەمەندەفەرەکەت ڕاناگەیت. (*بوتڵەکەی بۆ هەڵدەبڕێ*).

**برنارد:** ئەوا دەڕۆم. (*شووشەکە وەردەگرێ*) سوپاس، بابەگیان. (*جانتاو ڕێکتەکان هەڵدەگرێ*) خواحافیز، ویلی، گوێ بەو مەسەلەیە مەدە، خۆ ئەو پەندەت لەبیرە کە دەڵێ "لەپاش هەموو هەورازێک..."

**ویلی:** بەڵێ، زۆر ڕاستە.

**برنارد:** زۆرجار وا چاکە مرۆ خۆی لەو شتانە گێل بکا کە ناتوانێ

چاریان بکات.

**ویلی:** خۆی لێ گێل بکات؟

**برنارد:** بەڵێ، ئەمە ڕاستییەکەیەتی.

**ویلی:** ئەدی ئەگەر نەیتوانی خۆی لێ گێل بکات؟

**برنارد** (*پاش کەمێک وەستان*): وابزانم ئەو کاتە وادەبێ کە کار زۆر بەناخۆشی گەیشت (*دەست درێژ دەکات تا چەپەک لەگەڵ ویلی بکات*) خواحافیز، ویلی.

**ویلی** (*دەستی برنارد دەگوشێ*) خواحافیزت بێ، کوڕم.

**چارلی** (*دەست لە ملی برنارد دەکات*): ئێستا چۆنیت، ڕۆڵەکەم؟ کە دەچیت مەسەلەیەک لەبەردەم باڵاترین دادگا باس بکەی؟

**برنارد** (*بە بەرهەڵستی کردنەوە*) بابە...

**ویلی** (*تەواو شڵەژاوە، ئازار دەکێشێ و هەست بە شادیش دەکات*): چۆن...! لەبەردەم باڵاترین دادگادا!

**برنارد:** دەبێ خێراکەم، خواحافیز، بابە!

**چارلی:** مەسەلەکەت ببەیتەوەو بیانبەزێنی، ها، برنارد!

(*برنارد دەڕوات*).

**ویلی** (*کە چارلی جزدانەکەی دەردەکات*): باڵاترین دادگا! تەنانەت هەر باسیشی نەکرد!

**چارلی** (*پارەکە لەسەر مێزەکە دەژمێرێ*): لەسەری نەکراوە بچێ، بەڵام ئەرکی خۆی بەجێ دەگەیەنێ.

**ویلی:** تۆ هەرگیز پێت نەگوتووە چی بکات، وانییە؟ هەرگیز گوێشت پێ نەداوە.



**چارلی:** ڕازی سەرکەوتنم ئەوەیە کە من هەرگیز گوێ بەهیچ شتێک نادەم. ها بگرە ئەوە پەنجا دۆلار من دەبێ لەگەڵ ژمێریارەکەم بم.

**ویلی:** چارلی، گوێ بگرە... (*بەزەحمەتەوە*) لەسەرم کراوە مانگانەی بیمەکەم بدەم. جا ئەگەر دەستت بڕوا سەدو دە دۆلارم بدێ.

(*چارلی تاوێک وەڵام ناداتەوەو دۆش دادەمێنێ*)

**ویلی:** خۆ دەتوانم پارەی بانق ڕابکێشمەوە بەڵام لیندا پێی دەزانێ و من...

**چارلی:** دانیشە، ویلی.

**ویلی** (*بەرەو کورسییەکە دەچێ*): من هەموو ئەو قەرزانەم لیستە کردووەو پوول پوول دەتدەمەوە.

**چارلی:** گوێم لێ بگرە، ویلی.

**ویلی:** دەمەوێ پێت بڵێم هەموو... لەبەرچاوە...

**چارلی** (*لەسەر مێزەکە دادەنیشێ*): ئەوە چ دەکەی، ویلی؟ چ نەگبەتییەک شانی گرتووی؟

**ویلی:** بۆچ؟ بەبێ سێ و دوو من...

**چارلی:** کارێکت دەدەمێ هەفتەی پەنجا دۆلار وەدەست دەهێنی و وێڕای ئەوەش هاتوچۆت پێ ناکەم.

**ویلی:** من کاری خۆم هەیە.

**چارلی:** بەبێ مانگانە؟ کاری بێ مانگانە چ جۆرە کارێکە؟ (*هەڵدەستێ*) گوێم لێ بگرە، ڕۆڵە. کە گۆتم بەسە، مانای بەسە. من مرۆڤێکی زرنگ و بلیمەت نیم بەڵام دەزانم دەتەوێ

ڕووشکێنم بکەی.

**ویلی:** ڕووشکێنت بکەم!

**چارلی:** بۆ لەلای من کار ناکەی؟

**ویلی:** چی بووە؟ من کاری خۆم هەیە.

**چارلی:** ئەدی گەر وایە بۆ هەموو هەفتەیەک بەهەڵەداوان دێیە ئێرە؟

ویلی (*هەڵدەستێتەوە*): باشە ئەگەر حەزناکەی بێمە ئێرە...

**چارلی:** کارت پێ دەدەم، کار!

**ویلی:** ئەو کارە نەفرەتییەی تۆم ناوێ!

**چارلی:** بۆ خاتری دۆزەخ، کەی ئاقڵ دەبی؟

**ویلی** (بەتووڕەییەوە): هەی کەری گەورە. ئەگەر جارێکی تر وام پێ بڵێی پشتت دەشکێنم و لەسەر زگ ڕاتدەکێشم! گوێ بەوە نادەم چەند گەورەو بەقەڵافەتی! (*ویلی بۆ شەڕ ئامادەیە*) (*وەستان*)

**چارلی** (*بەدڵنەرمی دەچێتە لای*): چەندت دەوێ، ویلی؟

**ویلی:** چارلی، پشتیان شکاندووم، پشت. نازانم چی بکەم؟ دەریان کردم.

**چارلی:** هاوارد دەری کردی؟

**ویلی:** ئەو بەرازە لووتبەرزە دەری کردم. بڕوانە؟ من ناویم نا، من ناویم نا هاوارد.

**چارلی:** کەی تێ دەگەی ئەو شتانە بای پوولێک سوودیان نییە؟ تۆ ناویت نا هاوارد، وانییە؟ بڕوانم دەتوانی ئەو ناوە بفرۆشی. تاقە شتێک لەم ژیانەدا موڵکی خۆت بێ ئەو شتەیە کە



دەیفرۆشی. سەیرترین شتیش ئەوەیە کە تۆ دێوەرەیت و ئەمەش نازانی.

**ویلی:** من هەمیشە بەشێوەیەکی تر بیرم کردۆتەوە. هەموو دەم وام بیرکردۆتەوە ئەگەر کەسێک خۆشەویست و لەبەردڵان بێ هیچ شتێکی...

**چارلی:** بۆ هەموو کەس تۆی خۆش بوێ، ویلی؟ کێ (ج. ب. مۆرگنی) خۆش دەویست؟ توخوا لەبەردڵان بوو؟ لە ناو گەرماودا بەڕووتی هەر لە گۆشتفرۆشی دەکرد، بەڵام بەگیرفانە پڕ پارەکانیەوە یەگجار خۆشەویست و لەبەردڵان بوو. گوێ بگرە، ویلی. دەزانم تۆ منت خۆش ناوێ و کەسیش ناتوانێ بڵێ من بەتۆوە دڵبەندم، بەڵام کارت دەدەمێ، چونکە تەنها لەبەر- دۆزەخ لەوە گەڕێ. ئێستاکە چی دەڵێی؟

**ویلی:** من – من ناتوانم بۆ تۆ کاربکەم، چارلی.

**چارلی:** ئێرەییم پێ دەبەیت؟

**ویلی:** هەر ئەوەندە دەڵێم ناتوانم بۆتۆ کار بکەم. لێم مەپرسە لەبەرچی؟

**چارلی** (*توورە دەبێ و زیاتر پارە لەگیرفانەکانیەوە دەردەهێنێ*): تۆ هەمیشە ئێرەییت پێ بردووم، هەی نگریسی گەلحۆ، ها بگرە، پارەی بیمەکەت بدە، ها. (*پارەکە دەخاتە نێو دەستی ویلی*).

**ویلی:** لیستەیەکی وردم بۆ ئەم پارانە داناوە.

**چارلی:** خەریکی کارم. ئاگات لەخۆت بێ. پارەی بیمەکەت بدە.

**ویلی** (*بەرەو لای دەستەڕاست دەڕوات*): دەزانی، زۆر سەیرە؟ وەرە

پاش ئەو هەموو چەرمەسەرییەی سەر ڕێگاو نێو شەمەندەفەرو دڵەخورپەی چاوپێکەوتن و چەندان ساڵی تری پڕ نەهاتی، وەرە بەمردوویی بەنرختر بیت لەوەی بەزیندوویی؟

**چارلی:** ویلی، کەس پاش مردن پوولێک ناهێنێ. (*پاش کەمێک وەستان*) خۆ گوێت لێ بوو چیم گوت؟ (*ویلی بەبێ جووڵە دەوەستێ و خەون دەبینێ*).

**چارلی:** ویلی!

**ویلی:** داوای لێبووردنم لەلای برنارد بۆ بکە. مەبەستم ئەوە نەبوو دەمەقاڵێ لەگەڵی بکەم. کوڕێکی زۆر چاکە. هەموویان کوڕی چاکن. هەموویان مەزن دەبن. ڕۆژێ دێ هەموویان بەیەکەوە یاری بکەن. داوای بەختێکی چاکم بۆبکە، چارلی. بیف ئەمڕۆ (ئۆلیڤەر) دەبینێ.

**چارلی:** خوا یارت بێ.

**ویلی** (*بەدەم هەنسکەوە*): چارلی، تۆ تاقە هاوڕێیەکی منی. توخوا ئەمە شتێکی مەزن نییە؟ (*دەڕوات*).

**چارلی:** ئەی خودای مەزن!

(*چارلی تاوێک لێی موور دەبێتەوە، ئینجا دەڕوات. هەموو ڕۆشناییەک دەکوژێتەوە. لەنکاوڕا مۆسیقایەکی بەرز دەبیسرێ و ڕەنگێکی سووری گەش لەپشت پەردەی لای دەستەڕاست دەبینرێ. ستێنلی، کە شاگردێکی گەنجە، مێزێکی لەدەستەو دەردەکەوێ. هاپیش لەدوای ئەو دوو کورسی هەڵگرتووە*).

**ستێنلی** (*مێزەکە دادەنێ*): لەجێی خۆیەتی، لێ گەڕێ، مستر لۆمان،



باخۆم ڕێکی بخەم. (*ڕوو وەردەگێڕێ، کورسییەکان لەهاپی وەردەگرێ و لەنزیک مێزەکەیان دادەنێ*).

**هاپی** (*چاوێک بەو ناوەدا دەگێڕێ*): ئۆه، ئاوا باشە.

**ستێنلی:** بێ گومان، زۆر باشە. ئەگەر لەناوەڕاست دانیشن دەنگە دەنگ گێژتان دەکات. جا هەر کاتێک ئاهەنگێکت هەبوو، مستەر لۆمان، تەنها پێم بڵێ تا جێگات لەلای پشتەوە بۆ دابنێم. دەزانی زۆربەی خەڵکی حەز لەدانیشتنی بەتەنیا ناکەن؟ چونکە هەرکە دەردەچن دەیانەوێ بەشێوەکی جیاواز هەڵسوکەوت بکەن، لەبەر ئەوەی لەژیانی تەنیای نێو چواردیوار بێزارن. بەڵام من دەزانم ئێوە لەوانە نین کە لەنێو چواردیواردا ژیابن. خۆ دەزانی چ دەڵێم؟

**هاپی** (*دادەنیشێ*): ستێنلی، چۆن ژیانی وا داخراو دەبێ؟

**ستێنلی:** ئاه، ژیانێکی سەگانەیە. خۆزیا لەکاتی شەڕدا بکرابامایە سەربازو بکوژرابام.

**هاپی:** دەزانی کاکم بیف گەڕاوەتەوە؟

**ستێنلی:** لەدوورترین کونجی ڕۆژئاوا گەڕاوەتەوە؟

**هاپی:** لەوێ گاوانێکی مەزن بوو. جا بەباشی لەگەڵی بجووڵێوە. باوکیشم دێ.

**ستێنلی:** باوکیشت... ئاوا!

**هاپی:** قرژاڵی نایابتان هەیە؟

**ستێنلی:** گەورەییان لەسەداسەدە.

**هاپی:** دەمەوێت چرنووکەکانیشیان پێوە بێت.

**ستێنلی:** خۆت تێک مەدە. خۆ مشکتان بۆ ناهێنم. (*هاپی پێ دەکەنێ*) ئەدی حەز لەچ خواردنەوەیەک دەکەی تا لەسەر نان پێشکەشتان بکەم؟

**هاپی:** خۆ پەڕتووکەکەی خواردن و خواردنەوەت لەبیرە، خزمە، ئەوەی لەدەرەوە بۆم هێنای؟ جا بەپێی ئەمە شامپانیا خراپ نییە.

**ستێنلی:** ئۆهـ، بێ گومان. هێشتاش وا لەناندینەکە هەڵمواسیوە. بەڵام ئەوە بەلای کەمەوە دەکاتە چەند دۆلارێک.

**هاپی:** هەرچەندی بکا، قەی ناکات.

**ستێنلی:** خۆگرەو ناکەن؟

**هاپی:** نەخێر، تەنها ئاهەنگێکی بچووک دەکەین. وابزانم ئەوڕۆ بیف پارەیەکی باش وەدەست دێنی. ئینجا پێکەوە دەست دەدەینە کاروباری بازرگانی.

**ستێنلی:** شتێکی مەزنە! ئەوە باشترین شتە بۆتۆ. چونکە کاروباری بازرگانی لەمابەینی ئەندامانی خێزانێک... وابزانم تێ دەگەی چ دەڵێم؟ کارێکی چاکە.

**هاپی:** منیش هەروا بیر دەکەمەوە.

**ستێنلی:** چونکە ئەگەر یەکێک دزی بکات دزیەکە لەمابەینی خۆیان دەمێنێتەوە. (*سەر لەبن گوێی هاپی دەنێ*) خاوەن مەیخانە وەختە لە داخی ئەو مەیگێڕەی ئێرە شێت بێ کە دەبینی وەکو مۆرانە سەری لەپارەی نێو دەخیلەکەی ناوە. چونکە هەر کە پارەی تێ دەکات، یەکسەر حەزیا قووتی دەدات.

**هاپی** (*سەر هەڵدەبڕێ*): شش!



**ستێنلی:** مەسەلە چییە؟

**هاپی:** خۆ دیتت ڕووم بۆ هیچ لایەک وەرنەگێڕا؟

**ستێنلی:** بەڵێ!

**هاپی:** چاوەکانیشم نووقاندبوون.

**ستێنلی:** دەتەوێ چ بڵێی؟

**هاپی:** دەمەوێ بڵێم بەزمکەرەکە هات.

**ستێنلی** (*تێ دەگاو چاوێک بەدەوروبەری خۆیدا دەگێڕێ*): ئۆهـ، نەخێر، کوا... (*کە کیژێک دێتە ژوورێ، لەنکاوڕا دەوەستێت. کیژەکە جلێکی فەرووی نایابی لەبەرەو لەسەر مێزەکەی تەنیشتیان دادەنیشێ. هەردووکیان چاویان بەدوایدا دەگێڕن*).

**ستێنلی:** پێم ناڵێی چۆن زانیت؟

**هاپی:** من ڕادار یا چەشنە شتێکی ترم پێیە. (*لەلای تەنیشتەوە سەیری کیژەکە دەکات*) ئۆهـ... ستێنلی.

**ستێنلی:** وابزانم بۆلای تۆ هاتووە، مستەر لۆمان.

**هاپی:** سەیری دەم و لێوی بکە. خوادایە. سەیری چاوە سیحراوییەکانی بکە.

**ستێنلی:** تۆ پیاوێکی زۆر بەزەوق و ڕەوقیت، مستەر لۆمان.

**هاپی:** بڕۆ خزمەتی بکە.

**ستێنلی** (*دەچێتە لای مێزی کیژەکە*): حەزدەکەی لیستەی خواردنت بۆ بێنم، خانم.

**کیژەکە:** چاوەڕێی یەکێک دەکەم، بەڵام حەز لە...

**هاپی:** بۆچ بۆی ناهێنی؟ ببوورە خانم... ڕێم دەدەی؟ من

شامپانیافرۆشم و حەز دەکەم تۆ مارکەکەی تاقی بکەیتەوە. شامپانیایەکی بۆ بێنە، ستێنلی.

**کیژەکە:** سوپاس. ئەوە لەچاکەو ڕێزی خۆتە.

**هاپی:** ببوورە، هەر باسی مەکە. ئەمە هەموو پارەی کۆمپانیایە (*پێ دەکەنێ*).

**کیژەکە:** بەڕاستی بەرهەمێکی دڵفرێن و نایابە. زۆر بەبرەوە، وانییە؟

**هاپی:** وەک هەموو شتێکی تر. خۆ دەزانی فرۆشتن هەر فرۆشتنە؟

**کیژەکە:** دەزانم!

**هاپی:** قەت شتت نەفرۆشتووە؟

**کیژەکە:** نەخێر، من شت نافرۆشم.

**هاپی:** گەر تاقە پیاهەڵدانێک لەبێگانەیەکەوە وەربگری، لەوانەیە تۆم لەسەر بەرگی گۆڤار دیبێ.

**کیژەکە** (*بەمەکرەوە سەیری دەکات*): ڕاست دەکەی.

(*ستێنلی، پەرداخێک شامپانیای لەدەستە، دێتە ژوورێ*).

**هاپی:** ستێنلی، چیم پێ گوتی؟ نەم گوت ئەوە کیژی سەر بەرگی گۆڤارە.

**ستێنلی:** ئۆه، زانیم، تێ گەییم.

**هاپی** (بۆ کیژەکە): کام گۆڤار؟

**کیژەکە:** ئۆه، کۆمەڵێک (*پەرداخەکە وەردەگرێ*) سوپاس.

**هاپی:** خۆ دەزانی لەفەرەنسا چی دەڵێن، وانییە؟ شامپانیا خواردنەوەی ڕوو و ڕوخسارە. هاتیت، بیف؟

(*بیف دێتە ژوورێ و لەگەڵ هاپی دادەنیشێ*).



**بیف:** هەلاو، هاپی. بمبوورە گەر درەنگ هاتم.

**هاپی:** هەرئێستا منیش هاتم. ئەوەش خانم...؟

**کیژەکە:** فۆرسێت.

**هاپی:** خانم فۆرسێت ئەمەش برامە.

**بیف:** باوکم نەهاتووە؟

**هاپی:** ناوی بیفە. لەوانەیە ناویت بیستبێ. یاریکەرێکی مەزنی تۆپی پێیە؟

**کیژەکە:** بەڕاست؟ چ تیپێک؟

**هاپی:** ئایا تەواو شارەزای تیپەکانی؟

**کیژەکە:** نەخێر، لەوانەیە، وانەبم.

**هاپی:** بیف کۆڵەگەی پشتی تیپی (فەلامەرزانی نیویۆرک)ە.

**کیژەکە:** شتێکی مەزنە. (*دەخواتەوە*).

**هاپی:** نۆشی گیانت بێ.

**کیژەکە:** هاوڕێ، خۆشحاڵم بەناسینت.

**هاپی:** ناوم هەیە. لەڕاستیدا ناوم هارۆلدە. بەڵام لێرە پێم دەڵێن هاپی.

**کیژەکە** (*ئێستا بەتەواوی دەستەمۆ بووە*): زۆر خۆشحاڵم بە ناسینت (*لاتەنیشتە ڕوویەکی بۆ وەردەگێرێ*).

**بیف:** ئەوە بۆ باوکم نەهات؟

**هاپی:** ئارەزووت لەو کیژە هەیە؟

**بیف:** نەخێر، ناتوانم شتی وابکەم.

**هاپی:** جاران هەرگیز وانەبووی، بیف. کوا بڕوای کۆنت؟

**بیف:** هەرئێستا ئۆلیڤەرم دی و...

**هاپی:** خولەکێ چاوەڕێ بکە. دەبێ دیسان بڕوای کۆنت لێ ببینمەوە. ئارەزووت لێیەتی یان نا؟ چونکە خواستی لەسەرە.

**بیف:** نەخێر! (*ڕوو وەردەگێڕێ و سەیری کیژەکە دەکات*).

**هاپی:** سەیرکە! (*ڕوو بۆ کیژەکە وەردەگێڕێ*) هەنگوینە، هەنگوین؟ (*کیژەکە ڕووی بۆ وەردەگێڕێ*) خۆ چ کارێکت نییە، خانمەکەم؟

**کیژەکە:** ببوورن... دەمەوێ تەلەفۆن بکەم.

**هاپی:** دەفەرموو، فەرموو، هەنگوینەکەم. بزانە هاوڕێیەکی تریش پەیدا ناکەی. کەمێک پێکەوە لێرە دەبین. ئەوەش لەبیر نەکەی کە بیف مەزنترین یاریکەری ئەو وڵاتەیە.

**کیژەکە** (*هەڵدەستێ*): زۆر خۆشحاڵم بەناسینتان.

**هاپی:** زوو بگەڕێوە، گیانەکەم، ئێ؟

**کیژەکە:** هەوڵ دەدەم.

**هاپی:** هەوڵ مەدەو بەس، هەنگوینەکەم. بەڵکو پڕ بەدڵ هەوڵ بدە.

(*کیژەکە دەڕوات. ستێنلی بەدوایەوە دەردەکەوێ و سەر بادەدات*).

**هاپی:** توخوا شوورەیی نییە کیژێکی وا جوان شتی وابکات؟ بۆیەکاش ناتوانم ژن بهێنم. لە هەزاریان یەکیان لێ دەرناچێ. نیویۆرک پڕ کیژی وایە، ڕۆڵە!

**بیف:** سەیرکە هاپ...

**هاپی:** پێم گۆتی خواستی لەسەرە!

**بیف** (*بیری زۆر شاشە*): بۆخاتری خوا، نایبڕێتەوە؟ دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم.



**هاپی:** ئەرێ ئۆلیڤەرت دی؟

**بیف:** هەر ئێستا دیم. دە ئێستا گوێم لێ بگرە. هەندێ شت هەیە دەمەوێ بەباوکم بڵێم و پێویستیم بەیارمەتی تۆ هەیە.

**هاپی:** چ بوو؟ ئۆلیڤەر یارمەتیت دەدات؟

**بیف:** هەی فەرمەسۆن. ئەوە تۆ شێتی یا بەئەنقەست خۆت شێت دەکەی. خۆ باش دەزانی چی بوو؟

**هاپی:** بۆ؟ چی قەوماوە؟

**بیف** (*بەهەناسەبڕکێوە*): ئەوڕۆ ئیشێکی زۆر ناشیرینم کرد، هاپ. ئەوڕۆ سەیرترین شتم بەسەر هات و سوێندم بەخوا، هەموو هەستێکم ون کرد.

**هاپی:** مەبەستت وایە، نەیبینیت؟

**بیف:** سەیرکە! شەش سەعاتی خشت چاوەڕێم کردو هەموو ئەوڕۆکە ناوی خۆم نارده ژوورێ تا سکرتێرەکە ڕێم بدا چاوم پێی بکەوێ. بەڵام هەمووی بێ سوودبوو.

**هاپی:** چونکە بڕوای جارانت بەخۆت نەماوە. ئەرێ ناسیتیەوە؟

**بیف** (*بەتێڕوانینێکەوە هاپی ڕادەگرێ*): لەکۆتاییدا نزیکەی سەعات پێنج بوو هاتەدەرێ و هەر نەشی ناسیمەوە. ئا لەو کاتەدا هەستم کرد چەند گێل و گەلحۆم.

**هاپی:** ئایا دەربارەی پرۆژەی فلۆریدات بۆ باس کرد؟

**بیف:** هاتە دەرەوەو تەنها ماوەی خولەکێ بینیم. ئەوەندە تووڕە بووم هەروەخت بوو هەموو دیوارەکان لەبناغەوە هەڵکەنم؟ بۆ خاتری دۆزەخ، کەی ئەو بیرۆکەم بەمشێکدا هات کە من فرۆشیار

بووم؟ تەنانەت خۆشم باوەڕم کردبوو فرۆشیاری ئەوم! پاشان سەیرێکی کردم و تێ گەیشتم کە سەرتاپای ژیانم چ درۆیەکی منداڵانەو گاڵتەجاڕانە بوو. هاپی ئەوە پازدە ساڵی تەواوە ئێمە بەدەم خەوەوە دەدوێین... من نووسەری بارکردن بووم، هاپ، نەک فرۆشیار.

**هاپی:** پاشان چیت کرد؟

**بیف** (*بەئاڵۆزی و سەرسوڕمانەوە*): پاشان کە ڕۆیشت و سکرتێرەکەش چووە دەرێ، من بەتەنیا لەژوورێ چاوەڕوانی مامەوە. هاپ، نازانم چیت بەسەرهات. یەکسەر خۆم لە ئۆفیسی ئەو، کە دیوارەکانی لەساج گیرابوون، دیتەوە. هاپ، نازانم چۆن ڕوونی بکەمەوە. من قەڵەم پاندانەکەیم برد.

**هاپ:** خۆ نەیگرتی؟

**بیف:** نەخێر، بەسەر یازدە پێ پلیکەوە ڕامکرد. پاشان هەر ڕام دەکرد.

**هاپ:** بۆ ئەو کارە ناشیرینەت کرد، بیف؟

**بیف** (*بەئازارێکی مردەنییانەوە*): بەخۆشم نازانم. تەنها ویستم شتێک ببەم. هاپ، دەبێ یارمەتیم بدەیت، چونکە دەمەوێ ئەوە بەباوکم بڵێم.

**هاپ:** هەی شێتی بێ مێشک، پێم ناڵێی بۆچ وات کرد؟

**بیف:** دەبێ باوکم لەوە تێ بگات من لەو کەسانە نیم ئۆلیڤەر ئەو کۆشە پارەیەی بداتێ. باوکم وادەزانێ دەمەوێ تۆڵەی لێ بکەمەوە. هەر ئەمەشە بەدرێژایی ئەم هەموو ساڵانە هەناوی دەخواتەوەو دەیکوژێ.



**هاپی:** دەق ئەمە خۆیەتی. بەڵام تۆ دەبێ شتێکی دڵخۆشکەری پێ بڵێیت.

**بیف:** ناتوانم درۆی لەگەڵ بکەم.

**هاپی:** پێی بڵێ سبەی نیوەڕۆ ئۆلیڤەر دەبینی.

**بیف:** ئەدی سبەی چی بکەم و چی بڵێم؟

**هاپی:** بەیانی ماڵ بەجێ دێڵی و شەو درەنگ دەگەڕێیتەوە. دەڵێی ئۆلیڤەر بیری لێ دەکاتەوە. ئەویش بۆماوەی دوو هەفتە ئەوەت لێ دووبارە دەکاتەوە. پاشان مەسەلەکە بەرەبەرە لەبیر دەکرێ و زیانیشی بۆکەس نابێ.

**بیف:** بەڵام ئەو مەسەلەیە تا سەر وا دەمینێتەوە.

**هاپی:** باوکم هیچ کاتێک ئەوەندە شادو بەختەوەر نییە بەقەد ئەوکاتەی چاوەڕێی ڕوودانی شتێکە!

(*ویلی دێتە ژوورێ*)

**هاپی:** بەخێر بێی، ئەی دیدەوان.

**ویلی:** بەخوا باشە. تەنانەت چەند ساڵێکیش دەبێ نەهاتوومەتە ئێرە.

(*ستێنلی بەدوای ویلی دێتە ژوورو کورسییەکی بۆ دادەنێ ستێنلی بۆ دەرەوە دەڕوات کە هاپی ڕایدەگرێ*).

**هاپی:** ستێنلی!

(*لەتەنیشتیان دەوەستێ و چاوەڕێی فەرمانێک دەکات*).

بیف (*بەهەست بەگوناهکردنەوە دەچێتە لای ویلی، هەروەک بچێتە لای نەخۆشێک*): فەرموو دانیشە، بابە. حەز لەخواردنەوە دەکەی؟

**ویلی:** بێ گومان، قەی ناکات.

**بیف:** با تێر تێر بخۆینەوە.

**ویلی:** زۆر شڵەژاو دیاری، بیف.

**بیف:** ن... نەخێر. (بۆ ستێنلی) پێکێک ویسکی دەبڵمان بۆ بێنە.

**ستێنلی:** دەبڵ! باشە (*دەڕوات*).

**ویلی:** تۆ پێکێکت خواردۆتەوە، وانییە؟

**بیف:** بەڵێ، بەس پێکێکم خواردۆتەوە.

**ویلی:** باشە، کوڕم، چی بوو؟ (*بەدڵنیاییی سەر دەلەقێنێتەوەو بزەیەکی ناسکی دێتێ*) شێری یان ڕێوی؟

**بیف** (*هەناسەیەک هەڵدەکێشێ، دەست درێژ دەکات و دەستی ویلی دەگرێ*): هاوڕێ (*بەئازایییەوە پێ دەکەنێ و ویلیش پێ دەکەنێ*) ئەمڕۆ پەندێکم وەرگرت.

**هاپی:** زۆر سەمەرەیە، بابە.

**ویلی:** ئاوا؟! چی بوو؟

**بیف** (*بیری زۆر شاشەو دەمارەکانی خاون*): هەموو شتێکت لەسەریەوە تا بنی بۆ دەگێڕمەوە. ئەوڕۆ ڕۆژێکی یەکجار سەیر بوو. (*ئەو ناوە کپ دەبێ. بیف سەیرێکی دەوروبەری خۆی دەکات و بەگشت توانایەکەوە هەوڵدەدات دەست بەسەر باری شڵەژاوی خۆیدا بگرێت. بەڵام هەناسەکەی زنجیرەی وشەکانی دەپچڕێنێ*) ماوەیەک چاوەڕێم کردو...

**ویلی:** چاوەڕێی ئۆلیڤەر؟

**بیف:** بەڵێ، با وەک ڕاستییەکی دڵتەزێن پێت بڵێم، کە هەموو ئەوڕۆکە چاوەڕێی ئۆلیڤەرم کرد. جا کۆمەڵێک نموونە و ڕاستیم... بابە



کۆمەڵێک ڕاستی و نموونەم دەربارەی ژیانی خۆم بۆ ڕوون بۆوە. بابە، پێم ناڵێی کێ بەتۆی گۆت من فرۆشیاری ئۆلیڤەر بووم؟

**ویلی:** ئەدی هەر بەخۆت نەبووی؟

**بیف:** نەخێر، بابە، من نووسەری بارکردن بووم.

**ویلی:** بەڵام لەڕاستیدا تۆ...

**بیف** (*بە بەڵێن و بڕواوە*): بابە، نازانم یەکەم کەس کێ بوو وای گوت. بەڵام من هەرگیز فرۆشیاری ئۆلیڤەر نەبوویم.

**ویلی:** ئەوە تۆ چ دەڵێی؟

**بیف:** بابە، با ئەم شەو دەربارەی ڕاستی بدوێین. ئەگەر خۆمان هەڵکێشین و شێرێ لەوێ و ڕێویێ لەوێ بێنین، ئەوا بەهیچ ئەنجامێک ناگەین. ئەوەی ڕاستی بێ من نووسەری بارکردن بووم.

**ویلی** (بەتووڕەییەوە): دە باشە ئێستا گوێم لێ بگرە...

**بیف:** بۆ لێ ناگەڕێی قسەکەم تەواو بکەم؟

**ویلی:** من حەز لە بەباکردنی کای کۆنە یان شتی وا ناکەم. چونکە دارستانەکە ئاگری تێ بەربوو، ئاگر. دەرکرام.

**بیف** (*دەشڵەژێ*): چۆن شتی وادەبێ؟

**ویلی:** من دەرکرام و چاوەڕێی هەواڵێکی بچکۆڵەی دڵخۆشکەر دەکەم تا بە دایکتان بڵێم. چونکە ئەو ئافرەتە زۆر چاوەڕێی کردووەو گەلێک ئازارو چەرمەسەری کێشاوە. نەژادی بابەتەکەش ئەوەیە کە مێشکم چیتر جێگای هیچ جۆرە چیرۆکێکی تیا نابێتەوە.

جا نامەوێ وانەیەکم دەربارەی ڕاستی و ڕوخسار بدەیتێ، چونکە حەز لەوە ناکەم. دە ئێستا پێم بڵێ دەتەوێ چی بڵێی؟

*(ستێنلی بە سێ پەرداخ دێتە ژوور و چاوەڕێ دەکەن تا دەڕوات).*

**ویلی:** هەنوکە پێم بڵێ ئۆلیڤەرت دی یان نا؟

**بیف:** کورە بابە، بۆ خاتری خوا!

**ویلی:** مەبەستت وایە نەچوویتە لای؟

**هاپی:** بێ گومان، چووە لای؟

**بیف:** چووم. ئەوم... دی. بەڵام چۆن دەبێ دەرت بکەن؟

**ویلی** (*لەسەر لێوی کورسیەکە دادەنیشێ*): چۆن بەخێرهاتنی کردیت؟

**بیف:** هەر لێشت ناگەڕێن بەکرێبار بۆیان بفرۆشی؟

**ویلی:** من بێ کارم، بێ کار! (*بەردەوام دەبێ*) پێم بڵێ بەگەرمی بەخێرهاتنی کردی؟

**هاپی:** بێ گومان، بابە، بێ گومان.

**بیف** (*بەخێرایی*): چەشنێک بوو لە...

**ویلی:** دەترسام نەتناسێتەوە (بۆ *هاپی*) بڕوانە! پیاوێک دە – دوازدە ساڵ نەیبینیبێ و بەم جۆرە بەخێرهاتنی بکات!

**هاپی:** ڕاست دەکەی، زۆر تەواوە.

**بیف** (*دەیەوێ پەنا بەرێتە بەر هێرشبردن*): بابە، بڕوانە...

**ویلی:** دەزانی بۆ ناسیتیەوە؟ چونکە جاران دڵیت ڕاکێشا بوو.

**بیف:** دە لێم گەڕێ با لەسەرخۆ باسی ڕاستی بکەم؟

**ویلی** (*وەک بیف قسەکانی پێ بڕیبێ*): دە باشە، چی قەوما؟ هەواڵێکی



مەزنت پێ هەیە؟ ئاخۆ لە ئۆفیس یان ژووری چاوەڕێکردن دانیشتن؟

**بیف:** ئەو هاتە لام و...

**ویلی** (*بەزەردەخەنەیەکی گەورەوە*): چی گوت؟ کەواتە دەستی لەملت کرد؟

**بیف:** باشە. ئەو پیاوێکی دڵنەرم و...

**ویلی:** پیاوێکی بێ هاوتایە (بۆ *هاپی*) دەزانی پیاوی وا زۆر بەدەگمەن هەڵدەکەوێ؟

**هاپی** (*بەپەسەند کردنەوە*): ئۆه، ڕاست دەکەی.

**ویلی** (بۆ بیف): هەر لەوێش خواردتانەوە؟

**بیف:** بەڵێ، دوو پێکی دامێ... نەخێر، نەخێر!

هاپی (*قسەکەی دەبڕێ*): دەربارەی پرۆژەی فلۆریدای بۆ باس کرد.

**ویلی:** قسەکەی پێ مەبڕە (بۆ بیف) ڕای بەرامبەر ئەم پرۆژەیە چی بوو؟

**بیف:** بابە، خولەکێک ماوەم دەدەی تا هەموو شتێکت بۆ ڕوون بکەمەوە؟

**ویلی:** هەر لەوکاتەی دانیشتم تا ئێستا چاوەڕوانی ئەوەم کە بۆم ڕوون بکەیتەوە! چی ڕووی دا؟ پاش ئەوەی چوونە ئۆفیس چی ڕووی دا؟

**بیف:** لەگەڵی دوام و... ئەو گوێی لێ گرتم، بڕوانە.

**ویلی:** دەزانی ئەو لە گوێگرتندا زۆر بەناوبانگە. ڕای چی بوو؟

**بیف:** ڕای ئەوەبوو کە... (*لەپڕەوە دەوەستێ و تووڕە دەبێ*) بابە تۆ لێم

ناگەڕێی قسەی ڕاستت پێ بڵێم؟!

**ویلی** (بیف *تاوانبار دەکاو بەتووڕەیییەوە*): نەتدی، وانییە؟

**بیف:** بینیم!

**ویلی:** چیت کردو بەچی سەرکۆنەت کرد؟ سەرکۆنەت کرد، وانییە؟

**بیف:** بابە، بەس تۆزێک ڕێگام بدە تا لە بابەتەکە بچمە دەرەوە. بەس تۆزێک ڕێم بدە.

**هاپی:** خوای مەزن! ئەوە چ دۆزەخێکە ئێمە تیای کەوتووین!

**ویلی:** پێم ناڵێی چی ڕووی دا؟

**بیف** (بۆ *هاپی*): ناتوانم لەگەڵی بدوێم!

*(ئاوازی تاقە کەڕەنایەک هەوایەکە شێلوو دەکات، تروسکەی پەلکە سەوزەکان ئەو ناوە ڕەنگ دەکات و هەوایەکی شەوو خەوبینینی پێ دەبەخشێ. برناردی مێردمنداڵ لەدەرگای خانووەکە دەدات و دێتە ژوورێ).*

**برناردی مێردمنداڵ** (زۆر بەسۆز و گوڕەوە): مستەر لۆمان، مستەر لۆمان!

**هاپی:** پێی بڵێ چی ڕووی دا؟

**بیف** (بۆ *هاپی*): دەمت تێک نێ و بەتەنێ جێم بهێڵە!

**ویلی:** نەخێر، نەخێر! دەبێ بڕۆیت دەنا لە ماتماتیک دەکەوی!

**بیف:** ماتماتیکی چی؟ ئەوە تۆ چ دەڵێی؟

**برناردی مێردمنداڵ**: مستەر لۆمان، مستەر لۆمان!

*(لیندا وەک جاران لەخانووەکە دەردەکەوێ)*

**ویلی** (*بەشێوەیەکی دڕندانە*): ماتماتیک، ماتماتیک، ماتماتیک!



**بیف:** گوێ مەدەرێ، بابە.

**برناردی مێردمنداڵ**: مستەر لۆمان!

**ویلی** (*بەتووڕەیی و هەڵچوونەوە*): گەر نەکەوتبای، ئێستا پلەوپایەیەکی باشت دەبوو.

**بیف:** دە گوێم لێ بگرە! دەمەوێ پێت بڵێم چی ڕووی دا. بەس گوێم لێ بگرە.

**برناردی مێردمنداڵ**: مستەر لۆمان.

**بیف:** شەش سەعاتی ڕێک چاوەڕێم کردو...

**هاپی:** ئەوە باسی چ دۆزەخێک دەکەی؟

**بیف:** من ناوی خۆم دەناردە ژوورێ بەڵام ئەو منی نەدی. لەکۆتاییدا ئەو... (*لەقسەکردن بەردەوام دەبێ بەبێ ئەوەی وشەکانی ببیسرێن، هەرکە ڕۆشنایی نێو چێشخانەکە زۆر کز دەبێ*).

**برناردی مێردمنداڵ**: بیف لەماتماتیک کەوتووە.

**لیندا:** شتی وا نابێ!

**برناردی مێردمنداڵ**: (بیرن باوم) بیفی خست. نایەڵن دەربچێ!

**لیندا:** بەڵام ئەوان دەبێ دەری بچوێنن، چونکە دەبێ بچێتە زانکۆ. کوا بیف لەکوێیە؟ بیف! بیف!

**برناردی مێردمنداڵ**: لێرە نەماوە. ڕۆیشت و چووە (گراند سێنترال).

**لیندا:** گراند... مەبەستت وایە چووە بۆستن؟

**برناردی مێردمنداڵ**: ئایا مامە ویلی لەبۆستنە؟

**لیندا:** لەوانەیە ویلی بتوانێ لەگەڵ مامۆستاکە قسە بکات. ئۆه، ئەو کوڕە بەسەزمانە، ئەو کوڕە کلۆڵە چی بەسەر هات.

*(ڕۆشنایی سەر خانووەکە خێرا لادەچێت).*

**بیف** (*لەسەر مێزەکە دانیشتووەو قەڵەم پاندانێکی زێڕی لەدەستە. ئێستا وشەکانی دەبیسرێن*): بابە، من دەستم لە ئۆلیڤەر شوشت، تێ گەیشتی؟

**ویلی** (*بەورە ڕووخاوییەوە*): بێ گومان، گەر نەکەوتبای...

**بیف:** کەوتنی چی؟ ئەوە تۆ چ دەڵێی؟

**ویلی:** هەموو خەتاکە مەخە ئەستۆی من! من تۆم لەماتماتیک نەخست، خۆت بووی! کام قەڵەم؟

**هاپی:** ئەمە کارێکی زۆر گەوجانەیە. ئەو قەڵەمە بارتەقای...

**بیف** (*بەلاوازییەوە*): بابە، هەر ئێستا ئەوەم بۆ ڕوون کردیەوە.

**ویلی:** تۆ پاندانی بیل ئۆلیڤەرت دزی!

**بیف:** لەڕاستیدا نەمدزی! هەر ئێستا ئەوەم ڕوون کردەوە!

**هاپی:** بیف پاندانەکەی لەدەست بوو کە ئۆلیڤەر هاتە ژوورێ. پاشان بیف مێشکی زۆر ئاڵۆز بوو و قەڵەمەکەی خستە گیرفانیەوە.

**ویلی:** ئەی خودا! بیف چیت کرد؟

**بیف:** هەرگیز مەبەستم ئەوە نەبوو، بابە!

**دەنگی پێشوازیکەرەکە**: ستاندیش ئارمز، ئێوارەت باش!

**ویلی** (*هاوار دەکات*): من لەژووری خۆم نیم!

**بیف** (*دەترسێ*): بابە، چی بووە؟ (*بیف و هاپی پێکرا هەڵدەستنەوە*)

دەنگی پێشوازیکەرەکە: بە تەلەفۆن تۆیان دەوێت، مستەر لۆمان!

**ویلی:** لەژووری خۆم نیم. تەلەفۆنەکە ببەستە!



**بیف** (*دەتۆقێ، لەپێش ویلی لەسەر چۆک دادەنیشێ*): بابە، هەموو شتێک چاک دەکەم. هەموو شتێک چاک دەکەم. (ویلی هەوڵ دەدات هەڵسێتەوە سەرپێ، بیف دایدەنیشێنێتەوە) ئێستا دانیشە.

**ویلی:** تۆ بەکەڵک هیچ شتێک نایەیت.

**بیف:** بابە گیان، ئیشێکی تر دەدۆزمەوە، تێ گەیشتی؟ دە ئێستا گوێ بەمانە مەدە. (*دەست بەدەم و چاوی ویلی دادێنێ*) دە ئێستا قسەم لەگەڵ بکە، بابە.

**دەنگی پێشوازیکەرەکە**: مستەر لۆمان وەڵام ناداتەوە. نمرەکە تۆمار بکەم؟

**ویلی** (*دەیەوێ هەڵستێتەوەو دەرپەڕێ و تەلەفۆنەکە بێ دەنگ بکات*): نا... نا... نا!

**هاپی:** بابە، بیف دوارۆژی ڕوونە.

**ویلی:** نا... نا...

**بیف** (*بە نائومێدی لە ژوورسەری ویلی دەوەستێ*): بابە، گوێم لێ بگرە، گوێم لێ بگرە. با شتێکی باشت پێ بڵێم. ئۆلیڤەر لەگەڵ هاوبەشەکەی دەربارەی پڕۆژەی (فلۆریدا) قسەی کرد، گوێت لێمە؟ ئەو لەگەڵ هاوبەشەکەی قسەی کردو هاتە لام... من... من دوارۆژێکی ڕوونم دەبێ بابە. بابە، گوێت لێم بێ. ئەو گوتی مەسەلەکە تەنها لەسەر چەندی پارەکە دەوەستێ.

**ویلی:** کەواتە... وەدەستت هێنا!

**هاپی:** بیف زۆر مەزن دەبێ، بابە!

**ویلی** (*هەوڵ دەدات هەڵسێتەوە*): نەخێر، نەخێر. بڕوانە، بابە. دەبێ سبەی نیوەڕۆ فراوینی لەگەڵ بکەم. ئەوەی پێ دەڵێم تا بزانی هێشتا دەتوانم دڵی خەڵکی ڕاکێشم. من لەشوێنێکی تر چاک دەبم، بەڵام ناتوانم بەیانی بچم، زانیت؟

**ویلی:** بۆ ناتوانی؟ تۆ بەساکاری...

**بیف:** بەڵام قەڵەمەکە، بابە!

**ویلی:** بۆی بگەڕێنەوەو بڵێ ئەوە هەڵەیەکی دەسەنقەست نەبوو.

**هاپی:** بێ دڵ لەدڵی دان، فراوینیان لەگەڵ بکە.

**بیف:** ناتوانم پێی بڵێم کە...

**ویلی:** قەڵەمەکەی دەدەیتەوەو پێی دەڵێی خەریکی وشەی یەکتربڕ بوویت و بەڕێکەوت قەڵەمەکەی ئەوت بەکارهێنابوو.

**بیف:** بابە، گوێم لێ بگرە. چەند ساڵێک لەمەوبەر کارتۆنە تۆپێکم برد. ئێستا ناتوانم بەخۆو بەم قەڵەم پاندانە بچمە لای و بڵێم ئەوە هەڵەیەکی دەسەنقەست نەبوو، چونکە ئەو هەردوو ڕووداوەکە بەیەکتری دەبەستێتەوە. جا بۆیە ناتوانم بەم چەشنە ڕووی تێ بکەم! بابە، هەوڵ دەدەم لەجێگایەکی تر پارە وەدەست بهێنم.

**دەنگی پێشوازیکەرەکە**: بەڵێ، ئەوە نمرەی مستەر لۆمانە!

**ویلی:** ناتەوێ ببیتە شتێک؟

**بیف:** بابە چۆن دەتوانم بچمەوە لای؟

**ویلی:** تۆ ناتەوێ ببیتە شتێک. هەر ئەمەش مەبەستتە؟

**بیف** (*ئێستا لە ویلی تووڕە دەبێ چونکە هەست و سۆزی پێشێل کردووە*): بەم چەشنە وەری مەگرە؟ وا دەزانی زۆر ئاسانە



بچمەوە لای ئۆلیڤەر پاش ئەو هەموو شتەی کردم؟ تەنانەت کۆمەڵە ئەسپێکیش نەیاندەتوانی ڕام بکێشنەوە ئۆفیسەکەی.

**ویلی:** ئەدی بۆ چوویت؟

**بیف:** بۆ چووم؟ بۆ؟ سەیری خۆت کردووە چیت بەسەرهاتووە!

(*لەدوورترین کونجی چەپەوە ئافرەتێک پێ دەکەنێ*).

**ویلی:** بیف، سبەی فراوینیان لەگەڵ دەخۆیت یا...

**بیف:** ناتوانم بچم، بەڵێنیان پێ نەداوم!

**هاپی:** بیف، بۆخاتری...!

**ویلی:** دەتەوێ تۆڵەم لێ بکەیتەوە؟

**بیف:** بەم چەشنە وەری مەگرە! فەرمەسۆن!

**ویلی** (*لە بیف دەداو لەسەر مێزەکە دەکەوێتەخوار*): هەی ئەسپێی چەپەڵ! دەتەوێ تۆڵەم لێ بکەیتەوە؟

**ئافرەتەکە:** ویلی! یەکێک لەبەردەرگایە!

**بیف:** من بەکەڵک هیچ نایەم. نابینێ چیم؟

**هاپی** (*لێکیان دەکاتەوە*): هەی، هەی. ئێوە لەچێشتخانە شەڕ دەکەن! دەی بیبڕنەوە. (*کیژەکان بەژوور دەکەون*) فەرموون، کچینە، فەرموون.

(*ئافرەتەکە لەدوورترین کونجی لای دەستەچەپەوە پێ دەکەنێ*)

**خانم فۆرسێت:** ڕێگامان دەدەن دانیشین؟ ئەمەش لیتایە.

**ئافرەتەکە:** کەی بەخەبەر دێیت، ویلی؟

**بیف** (*گوێ بەویلی نادات*): خانم، ئێوە چۆنن. دانیشن چی دەخۆنەوە؟

**خانم فۆرسێت:** لەوانەیە لیتا نەتوانێ زۆر بمێنێتەوە.

**لیتا:** دەبێ بەیانی زوو لە خەو هەڵسم. یەک دونیا ئیشم هەیە زۆر شێواو و پەشێوم. ئایا ئێوە هەرگیز لەبەردەم دادگا سوێندتان خواردووە؟

**بیف:** نەخێر. بەڵام لەبەردەم ئەوان وەستاوم! (*کیژەکان پێ دەکەنن*) ئەمەش باوکمە.

**لیتا:** پیاوێکی زرنگ دیارە. بابە، تۆش لەگەڵمان دانیشە.

**هاپی:** بیف، داینیشێنە!

**بیف** (*بۆلای ویلی دەچێ*): دانیشە ئەی قارەمان. لەگەڵ ئێمە تێر تێر بخۆوە. با ئازارو چەرمەسەری بۆ دۆزەخ بڕوات! وەرە دانیشە، ئەی قارەمان (*ویلی، لەسەر دواخواستی بیف، دەیەوێ دانیشێ*).

**ئافرەتەکە** (*بە بەردەوامی و سووربوونەوە*): ویلی، دەرگا لەو کەسەی دەرێ ناکەیتەوە؟ (*لەگەڵ دەنگی ئافرەتەکە ویلی بەرەو پاش دەکشێتەوە. بۆلای دەستەڕاست دەڕواو بەلادادێ*).

**بیف:** بۆ کوێ دەچی، بابە؟

**ویلی:** دەرگا دەکەمەوە.

**بیف:** کام دەرگا؟!

**ویلی:** ژووری خۆشتن... دەرگاکە... دەرگاکە لەکوێیە؟

**بیف** (*ویلی بەرەو لای دەستەچەپ دەبات*): ڕاستەوڕاست بەرەو خوار بڕۆ. (*ویلی بۆ لای دەستەچەپ دەڕوات*).

**ئافرەتەکە:** ویلی، ویلی، کەی هەڵدەستیت؟ هەستە... هەستە، هەستە.

(*ویلی لەلای چەپەوە دەردەچێ*)



**لیتا:** وابزانم شتێکی چاکتان کرد باوکتان لەگەڵ خۆتان هێنا ئێرە.

**خانم فۆرسێت:** توخوا بەڕاست ئەوە باوکتانە!

**بیف** (*لەلای چەپەوە، بەپەستی ڕووی بۆ وەردەگێڕێ*) خانم فۆرسێت، ئێستا میرێکت لێرە دی. میرێکی دەسخەڕۆ کە کەس گوێی پێ نادات. هاوڕێیەک، تێ گەیشتی؟ هاوڕێیەکی مەزن و ڕاستەقینەی کوڕەکانی.

**لیتا:** ئەمە شتێکی زۆر دڵخۆشکەرە.

**هاپی:** باشە کچینە چی بکەین؟ ئێمە کات بەفیڕۆ دەدەین. وەرە بیف. با کۆببینەوە. دەتانەوێ بۆ کوێ بچین؟

**بیف:** بۆچی تۆ چارێکی لێ ناکەی؟

**هاپی:** من!

**بیف:** هاپی، بۆچی تۆ چارێکی بچووکی لێ ناکەی؟

**هاپی:** ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ من ئەو کەسەم کە...

**بیف:** واهەست دەکەم تۆ هیچ گوێی پێ نادەی؟ (*سۆندە هەڵوێزنراوەکە لەگیرفانی دەردەکاو لەسەر مێزەکە لەپێش هاپی دادەنێ*) بڕوانە چیم لەژێرزەمینەکە دۆزییەوە. بۆخاتری دۆزەخ! چۆن دڵت ڕێ دەدا بەم چەشنە بەردەوام بێ؟

**هاپی:** من؟ کێ بوو هەموو دەم زیز دەبوو و دەتۆرا؟ کێ ڕای کردو –

**بیف:** بەڵێ. بەڵام باوکم هیچ نرخێکی لای تۆ نییە. تۆ دەتوانی یارمەتی بدەی، من ناتوانم. تێ ناگەی، چ دەڵێم؟ ئاخۆ نازانی دەیەوێ خۆی بکوژێ؟

**هاپی:** ئەوەم نەبیستووە!

**بیف:** هاپ، فریای کەوە! خودایە، فریای کەوە. بەهانام وەرە، بەهانام وەرە. من ناتوانم سەیری دەموچاوی بکەم. (*گریان هەوکی دەگرێ و دەستبەجێ بەپەلە دەچێتە دەرەوە*).

**هاپی** (*بەدوای دەکەوێ*): بۆ کوێ دەچی؟

**خانم فۆرسێت** (*کە هاپی بەرپاڵەسوانی دەدات*): من ئەو خوو و خەسرەتەی ئەوم بەدڵ نییە!

**هاپی:** تەنها کەمێک مێشکی ئاڵۆزە، هەر ئێستا دێتەوە سەرخۆی.

**ویلی** (*کە لە دوورترین کونجی لای دەستەچەپەوە ئافرەتەکە پێ دەکەنێ*): وەڵام مەدەوە! وەڵام مەدەوە!

**لیتا:** ناتەوێت بە باوکت بڵێی کە...

**هاپی:** نەخێر، ئەوە باوکم نییە، تەنها ناسیاوێکە. وەرن با پێی بگەین، هەنگوینەکەم. دەڕۆین ئەو شارە دەنەخشێنین! ستێنلی، کوا لیستەکە. هێی ستێنلی.

**ستێنلی** (*بەتووڕەییەوە گازی هاپی دەکات*): مستەرلۆمان مستەرلۆمان!

(*ستێنلی کورسیەک هەڵدەگرێ و بەدوایان دەکەوێ. لەلای چەپەوە دەنگی لەدەرگادان دێ. ئافرەتەکە بەژوور دەکەوێ. پێ دەکەنێ. ویلی بەدوای دەکەوێ. ئافرەتەکە ژێرکراسێکی ڕەشی لەبەردایەو ویلیش کراسەکەی خۆی دوگمە دەدات. دەنگی مۆسیقایەکی خاو و هەستبزوێن لەگەڵ قسەکانیان دێ*).

**ویلی:** تکایە لەپێکەنین بوەستە؟ بەس نییە، نایبڕێتەوە؟

**ئافرەتەکە:** ناڕۆیت دەرگاکە بکەیتەوە؟ دەنا هەموو ئوتێلەکەمان لێ وەئاگا دێنێ؟



**ویلی:** من چاوەڕوانی کەس ناکەم.

**ئافرەتەکە:** دەزانی تۆ منت ڕووخاند، ویلی؟ لەوەودوا هەرکاتێک هاتیتە نێو ئۆفیسەکەم لەلای مێزەکەم چاوەڕێ مەکەو یەکسەر بڕۆ نێو کڕیارەکان. ویلی، تۆ منت ڕووخاند.

**ویلی:** لەچاکەی خۆتە گەر ڕێم بدەیت.

**ئافرەتەکە:** تۆی خۆویست بۆ ئەوەندە خەمباری؟ تۆ خەمبارترین و خۆویستترین گیانێکی تا ئێستا بینیبم. (*پێ دەکەنێ و ویلی ماچی دەکات*) وەرە ژوورێ، هەی دۆڵەنگێو. کارێکی گەوجانەیە لەنیوەشەو جل لەبەربکەی (*دەنگی لەدەرگادان دێ*) ناچی دەرگا بکەیتەوە؟

**ویلی:** ئەوان بەهەڵەدا چوون. لەدەرگایەکی هەڵە دەدەن.

**ئافرەتەکە:** کوڕە پیاوی چاک بە. لەدەرگای ئێمە دەدەن. ئەو گوێی لەقسەکانمان بوو. لەوانەیە ئوتێلەکە ئاگری تێ بەربووبێ.

**ویلی** (*زیاتر دەترسێ*): ئەوان بەهەڵەدا چووینە.

**ئافرەتەکە:** مادام وایە بەوەی بەردەرگا بڵێ بڕوات.

**ویلی:** کەس لەوێ نییە.

**ئافرەتەکە:** مێشکم تێک دەدا، ویلی. ئەوەی بەردەرگا مێشکم تێک دەدات.

**ویلی** (*بەپاڵێکەوە لەخۆی دوور دەکاتەوە*): دە باشە بڕۆ لەژووری خۆشتن خۆت بشارەوە. نەیەیتە دەرەوە. وابزانم لە (ماسۆشێت) یاسایەک بۆ ئەم مەسەلەیە هەیە. جا نەیەیتە دەرەوە. لەوانەیە نووسەرە نوێکەی ئوتێل بێ. بەخوا پیاوێکی

گەمژەیە. جا نەیەیتە دەرەوە. هەڵەیە. هیچ ئاگر نییە.

*(دەنگی لەدەرگـادان دێ. ویلی چەند هەنگاوێک لەئافرەتەکە دوور دەکەوێتەوە. ئافرەتەکە لە ساڵۆنەکە ون دەبێ. ڕۆشناییەکە بەدوای ویلی دا دەچێ. ئێستا ویلی ڕووبەڕووی "بیف"ی مێردمنداڵ دەبێتەوە کە جانتایەکی لەدەستە. بیف بەرەو ڕووی دێ و مۆسیقاکە کپ دەبێ).*

**بیف:** بۆ دەرگات نەدەکردەوە؟

**ویلی:** بیف! تۆ لەبۆستن چ دەکەی؟

**بیف:** بۆ دەرگات نەدەکردەوە؟ ئەوە پێنج خولەکە لەدەرگا دەدەم، بەتەلەفۆنیش داوام کردی.

**ویلی:** تازە گوێم لێ بوو. لەژووری خۆشتنێ بووم و دەرگاکەش داخرابوو. خۆ لەماڵێ هیچ نەقەوماوە؟

**بیف:** بابە... من تۆم سەرشۆڕ کرد.

**ویلی:** مەبەستت چییە؟

**بیف:** بابە..

**ویلی:** بیفۆ، چی قەوماوە؟ (*دەست لەملی بیف دەکات*) وەرە بچینە خوارێ با بیرەی ئاوی جۆت بدەمێ.

**بیف:** بابە، من لەماتماتیک کەوتم.

**ویلی:** کوڕم خۆ لەهەموو فەسڵەکان نەکەوتی؟

**بیف:** بەدی بابە لە هەموو فەسڵەکان کەوتم! نمرەی دەرچوونم بەدەست نەهێنا.

**ویلی:** برنارد وەڵامەکانی پێ نەدایت؟



**بیف:** بەدی، بەدی، پێی دام. تەنانەت هەوڵیشی دا تا دەربچم. بەڵام تەنها شەست و یەکم وەرگرت.

**ویلی:** چوار نمرەی تریان نەدایتێ؟

**بیف:** (*بیرن باوم*) ڕاست و ڕاست ئەوەی ڕەت کردەوە، بابە، تەنانەت لێشی پاڕامەوە بەڵام ئەو نمرانەی نەدامێ. بابە پێش ئەوەی خوێندنگا دابخەن، دەبێ قسەی لەگەڵ بکەی. تەنها گەر ببینێ تۆ چ چەشنە مرۆیەکی و بەقسەی خۆش لەگەڵی بدوێی، دڵنیامە یارمەتیم دەدات. هەموو هاوڕێکانم خۆیان پێش وانەو تاقیکردنەوەکان ئامادە دەکرد، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ من وا نەبووم. دەچی لەگەڵی بدوێی؟ ئەو تۆی خۆش دەوێ، بابە. دڵنیامە قسە خۆشەکانت کاری تێ دەکەن.

**ویلی:** خۆت تێک مەدە. هەر ئێستا دەچمە لای.

**بیف:** ئۆه، بابە. کارێکی نایابە. دڵنیامە لەبەر خاتری تۆ دەیگۆڕێ.

**ویلی:** بڕۆ خوارەوە بەنووسەرەکە بڵێ پارەکەی پێ دەدەم. بەبێ وەستان بڕۆ خوارێ.

**بیف:** باشە گەورەم! دەزانی بۆ ڕقی لێمە؟ بابە... ڕۆژێکیان درەنگ هاتە پۆل و منیش هەڵسامە سەر تەختەو لاسایی ئەوم کردەوە. چاوەکانی خۆم خێل و شەش و بێش کردو بەفسەزمانی دەستم بەقسان کرد.

**ویلی** (بەپێکەنینەوە): تۆ وات کرد؟ منداڵەکان کەیفیان پێ هات؟

**بیف:** ئەوەندەی نەمابوو لەکەیفان شاگەشکە بن.

**ویلی:** زۆرباشە. چۆن لاساییت کردەوە؟

**بیف:** ڕەزی سێ زای سەست و دوو دەکاتە... (*ویلی پڕ بەدەنگ پێدەکەنێ و بیفیش بەشداری دەکات*) من لەم قسانەدابووم کە لێم بەژوور کەوت.

(*ویلی پێ دەکەنێ و ئافرەتەکەش لەوسەری شانۆوە بەشداری دەکات*).

**ویلی** (*بەبێ دوودڵییەوە*): لە پەیژەکە بڕۆ خوارێ و...

**بیف:** ئایا کەس لێرەیە؟

**ویلی:** نەخێر. ئەمە لە ژوورەکەی تر بوو.

(*ئافرەتەکە لەوسەری شانۆوە پێ دەکەنێ*)

**بیف:** کەس لەژووری خۆشتن نییە؟

**ویلی:** نەخێر. لەو ژوورەی تەنیشتمان ئاهەنگ...

**ئافرەتەکە** (*دێتە ژوورێ و پێ دەکەنێ. ئەمە بەفسەزمانی دەڵێ*): دەتوانم بێمە ژوورێ؟ ویلی شتێک لەنێو بانیۆکە دەجوولێتەوە!

(*ویلی سەیری بیف دەکات کە بەدەم بەشییەوە لێی مووڕ بۆتەوە. بیف، کە ئافرەتەکە دەبینێ، دەتۆقێ*).

**ویلی:** ئاه... باشتر وایە بچیتەوە ژوورەکەی خۆت. ڕەنگە ئێستا لە بۆیاغکردن بووبنەوە. ژوورەکەی ئەو بۆیاغ دەکەن. جا بۆیە ڕێگام دا لای من خۆی بشوا. بڕۆوە، بڕۆوە... (*پاڵی پێوە دەنێ*).

**ئافرەتەکە** (*بەرەو ڕووی دەوەستێتەوە*): بەڵام دەبێ جلەکانم لەبەر بکەم. ویلی، ناتوانم...

**ویلی:** لێرە دەرچۆ، بڕۆوە، بڕۆوە... (*لەپڕەوە بەئاسایی قسە دەکات*)



ئەمە خانم فرانسیسە. کڕیارێکی باشە. ژوورەکەی بۆیاغ دەکەن. بڕۆوە، خانم فرانسیس، بڕۆوە.

**ئافرەتەکە:** بەڵام جلەکانم! ناتوانم بەڕووتی بچمە هۆڵەکە!

**ویلی** (*بۆ دەرەوەی شانۆ پاڵی دەنێ*): لێرە بڕۆ! بڕۆ! بڕۆ!

(*کاتێ گفتوگۆکە لەتاریکی دەرەوەی شانۆ بەردەوامە، بیف بەهێواشی لەسەر جانتاکەی دادەنیشێ*).

**ئافرەتەکە:** کوا گۆرەوییەکانم؟ بەڵێنت دامێ گۆرەویم بۆ بێنی، ویلی!

**ویلی:** گۆرەویم پێ نییە!

**ئافرەتەکە:** ئەیەڕۆ، ئەدی دوو دەستەی نمرە نۆت پێ نەبوو؟ هەر ئێستا دەمەوێ!

**ویلی:** وەرە ئێرە! بۆخاتری خوا دەرناچیت!

**ئافرەتەکە** (*دێتە ژوورێ و دەستەیەک گۆرەوی لەدەستە*): هەر ئەوەندەی لەخوا داوا دەکەم کەس لەهۆڵەکە نەبێ. (بۆ بیف) ئایا تۆ یاریکەری تۆپی پێی یان (بێیس بۆڵ)؟

**بیف:** تۆپی پێ.

**ئافرەتەکە** (*بەتووڕەیی و شەرمەوە*): منیش ئاوا... شەوباش (*جلەکان لەدەست ویلی دەردێنێ و دەچێتە دەرەوە*).

**ویلی** (*پاش کەمێک وەستان*): باشتر وایە بڕۆین. لەگەڵ گەردەی بەیانی دەبێ خۆم بگەیەنمە خوێندنگا. جلەکانم لەدۆلابەکە دەربێنەو منیش جانتاکە دێنم. (بیف *نابزوێ*) چی بووە؟ (بیف *بەبێ جوولە دەمێنێتەوەو ئەسرینی دێنە خوارێ*) ئەو ژنە کڕیاربوو، کڕیار، نوێنەری (ج. هـ. سایمۆنز)ە. لەو هۆڵە دەژی

که بۆیاغی دەکەن. بیر بکەرەوە... (*لەپڕ قسەکەی دەبڕێ، پاش کەمێک وەستان*) ئێستا گوێ بگرە. هاوڕێ، ئەوە تەنها نوێنەری کڕیارانە، زانیت؟ کەلوپەل دەکڕێ و لەژوورەکەی خۆی دەیانخاتە ڕوو. جا بۆیە دەبێ ژوورەکەی ڕێکوپێک و... (*وەستان. هێز دێنێتەوە بەرخۆی*) هەڵسە جلەکانم بۆ بێنە، هەڵسە. (بیف *نابزوێ*) دەی لەگریان بوەستەو چیت پێ دەڵێم وابکە. من فەرمانم پێ کردیت. بیف، من فەرمانم پێ کردی! ئا ئاوا دەبێ، کاتێک فەرمانت پێ دەکەم؟ چۆن دەوێری بگری؟ (*دەست لەملی بیف دەکات*) ئێستا بڕوانە، بیف. کاتێ گەورە دەبی، چاکتر لەو شتانە تێ دەگەی. نابێ... نابێ گوێ بەشتی وابدەیت، بیف. بەیانی دەبێ زوو (بیرن باوم) ببینم.

**بیف:** مەیبینە.

**ویلی** (*لەتەنیشت بیف دادەمێنێ*): نەیبینم! دەبێ ئەو نمرانەت پێ بدات. من لەو شتانە دەکۆڵمەوە.

**بیف:** ناتوانی پێی بگۆڕی.

**ویلی:** دڵنیابە پێی دەگۆڕم. تۆ پێویستت بەو نمرانە هەیە تا بچیتە زانکۆی ڤیرگینیا.

**بیف:** نامەوێ بچمە زانکۆ.

**ویلی:** هێی؟ ئەگەر نەمتوانی ئەو نمرانەی پێ بگۆڕم دەبێ لە خوێندنگای هاوینە بخوێنی تا بابەتەکە ڕاست بکەیتەوە. ئەوسا هەموو هاوینت لەپێشە.

**بیف** (*بەکوڵتر دەگری*): بابە...

**ویلی** (*کاری تێ دەکات*): ئۆه، جەرگەکەم...



**بیف:** بابە...

**ویلی:** بیف، ئەو ئافرەتە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵم نییە. بەڕاستی هەستم بەتەنیایی دەکرد. بیف. تەواو هەستم بەتەنیایی دەکرد.

**بیف:** تۆ... تۆ گۆرەوییەکانی دایکمت دایێ (*فرمێسکەکانی بەگوڕتر دێنە خوارو هەڵدەستێ بڕوات*).

**ویلی** (*بیف دەگری*): من فەرمانم پێ کردیت؟!

**بیف:** مەمگرە، هەی درۆزن!

**ویلی:** بەس ئەمجارە لێم ببوورە!

**بیف:** هەی تەڵەکەباز! هەی ساختەچی! هەی فێڵباز! (*بەتەواوی ورەی ڕووخاوەو خێرا ڕوو وەردەگێڕێ و بەکوڵ دەگری. بەخۆی و جانتاکەی ملی ڕێ دەگرێ و ویلی لەژوورەوە لەسەر چۆک بەجێ دێڵێ*).

**ویلی:** فەرمانم پێ کردیت! بیف بگەڕێوە دەنا لێت دەدەم! بگەڕێوە دەنا دارکاریت دەکەم.

(*ستێنلی لەلای دەستەڕاست بەپەلە دێتە ژوورێ و لە پێش ویلی دەچەقێ*).

**ویلی** (*بەڕووی ستێنلی دا هاوار دەکات*): فەرمانم پێ کردیت...

**ستێنلی:** وەرە با مستەر لۆمان هەڵگرینەوە. (*یارمەتی ویلی دەدات تا لەسەرپێ بوەستێ*) کوڕەکانت لەگەڵ بولبولەکان هەڵفڕین و گوتیان لەماڵەوە چاویان پێت دەکەوێتەوە.

(*خزمەتکارێکی تر لە کەمێک دوور وەستاوەو سەیری ئەم بارە دەکات*).

**ویلی:** بەڵام بڕیار وابوو بەیەکەوە شام بکەین.

*(دەنگی مۆسیقایەک دێت کە باری مێشکی ویلی دەردەبڕێ دێ).*

**ستێنلی:** دەتوانی بەخۆت بەڕێگادا بڕۆی؟

**ویلی:** بەڵێ. دەتوانم بەخۆم بڕۆم. (*لەپڕ لەجلەکانیەوە دەکەوێتە گومانەوە*) ئەرێ من – من لەبارێکی چاکدام؟

**ستێنلی:** بێ گومان بێ کەموکوڕیت. (*بەرۆکی چاکێتی ویلی پنتکێکی لەسەرەو بەسەر پەنجەیەک بۆی دەسڕێتەوە*).

**ویلی:** ئەو دۆلارە بگرە.

**ستێنلی:** نەخێر، نابێ لە تۆ...

**ویلی:** بگرە. ئەوە هەندێکی تریش. لەوەودوا چیتر پێویستم بەپارە نییە. (*پاش کەمێک وەستان*) ئەرێ لەوناوە کۆگای فرۆشتنی تۆو هەیە؟

**ستێنلی:** تۆو؟ دەتەوێ شت بچێنی؟

*(کە ویلی ڕوو وەردەگێڕێ، ستێنلی پارەکە دەخاتە نێو گیرفانی چاکێتی ویلی).*

**ویلی:** بەڵێ. تۆوی گێزەر، لۆبیا...

**ستێنلی:** کۆگای وردەواڵەفرۆشێک لە شەشەم کۆڵان هەیە. بەڵام ئێستا لەوانەیە زۆر درەنگ بێ.

**ویلی** (*بەپەرۆشەوە*): چاکتر وایە پەلە بکەم. دەبێ هەندێک تۆو بکڕم. هیچ شتێکم نەچاندووە. هیچ شتێکم لەم خاکەدا نەچاندووە.

*(هەر کە ڕۆشناییەکە نامینێ، ویلی پەلە دەکات. ستێنلی بەلای*



*دەستەڕاست بەدوای دەکەوێ و تا دەڕوات چاوی تێ دەبڕێ. خزمەتکارەکەی تریش لە ویلی موور دەبێتەوە).*

**ستێنلی** (بۆ خزمەتکارەکە): ئەوە سەیری چی دەکەی؟

*(خزمەتکارەکە کورسییەکان هەڵدەگرێ و بەلای دەستەڕاستدا دەردەچێ. ستێنلی مێزەکە هەڵدەگرێ و بەدوای دەکەوێ. ڕۆشنایی لەسەر ئەو شوێنە دەکوژێتەوە. پاش وەستانێکی تەواو، دەنگی شمشاڵێک دێ. ڕۆشناییەکە بەرەبەرە دەکەوێتە سەر ناندینە چۆڵەکە. هاپی کە "بیف"ی بەدوایەوەیە لەبەر دەرگای ماڵ دەردەکەوێ. هاپی چەپکە گوڵێکی لاسک درێژی لەدەستە، دەچێتە ناندینەکەو بەدوای لیندادا چاو دەگێڕێ. لیندا نادۆزێتەوەو دەگەڕێتەوە لای بیف کە لەودیو دەرگای خانووەکەیە. بەدەستەکانی نیشانەی بۆ دەکات واتە "وابزانم لێرە نییە". سەیری ژووری پێشوازیکردن دەکات لەجێی خۆی وشک دادەمینێ. لەژوورەوە لیندا بەئاستەم دیارە، لەوێ دانیشتووەو چاکێتی ویلی لەسەر کۆشە. بەشوومی و لەسەرخۆ هەڵدەستێ بەرەو ڕووی هاپی دێ، کە لەترسان پشتاوپشت بەرەو ناندینەکە دەکشێتەوە).*

**هاپی:** هێی، ئەوە لێرە چ دەکەی؟ (*لیندا ورتەی لێوە نایێ و بەتووڕەییەکی یەکجار گەورەوە بەرەو ڕووی دێ*) ئەدی باوکم لەکوێیە؟ (*پشتاوپشت بۆلای دەستەڕاست دەکشێتەوە. ئێستا لیندا لەبەردەرگای پێشوازیکردنە و بەتەواوی دەبینرێ*).

**لیندا:** لەکوێ بوون؟

**هاپی** (*دەیەوێ بەپێکەنین مەسەلەکە ببڕێنێتەوە*): دایە، دوو کیژی وەک

پەریمان بینی. بگرە ئەو چەپکە گـــوڵەمـــان بەدیاری بۆ هێناویتـەوە. (*پێـشکەشی دەکـات*) ها، لەژووری خـۆتی دابنێ، دایە.

*(لیندا گـوڵەکـان لەبەر پێی بیف لەزەوی دەکوتـێ کە لەو سـاتە دێتە ژووری و دەرگاکە لەدوای خۆی دادەخاتەوە، ئینجا بەبێ دەنگی لە بیف موور دەبێتەوە).*

**هاپی:** دایە، بۆ وات لەو گوڵانە کرد؟ ئێمە ویستمان دیارییەکت بدەینێ و...

**لیندا** (*قسەی هاپی دەبڕێ و بەتووڕەیی ڕوودەکاتە* بیف): چ باکت پێ نییە گەر بژی یا بمرێ؟

**هاپی** (دەچێتە *لای* پەیژەکە): بیف، وەرە سەرەوە.

**بیف** (*بەشەرمەزارییەوە، بۆ هاپ*): لێم دوورکەوە! (بۆ *لیندا*) مەبەستت چییە لەوەی دەژی یا دەمری؟ کەس لەو ناوەدا نامرێ، هاورێکەم.

**لیندا:** چارەت بزر بکە! دەی لەبەرچاوم گوم بە!

**بیف:** دەمەوێ باوکم ببینم.

**لیندا:** تخوونی نەکەوی!

**بیف:** کوا لەکوێیە؟ (*بەرەو ژووری پێشوازیکردن دەچێ، لیندا بەدوای دەکەوێ*).

**لیندا** (*لەدوای هاوار دەکات*): ئێوە داوەتتان کرد بۆ شامکردن. هەموو ئەورۆکە چاوەڕوانی ئەوە بوو کە... (*بیف دەچێتە ژووری خەوتنی دایک و باوکی. سەیرێکی دەوروبەری خۆی دەکات،*



*ئینجا دەڕوات*). پاشان لەوێ بەجێی دێڵن. تەنانەت خەڵکی بێگانەش وایان لێ نەدەکرد.

**هاپی:** بۆ؟ کاتێکی پڕ بەزم و خۆشی لەگەڵ ئێمە بەسەر برد. گوێ بگرە. (*لیندا دەگەڕێتەوە نێو ناندینەکە*) ئەگەر بەجێی بهێڵم، یاخوا یەک تاقە ڕۆژ لەدوای نەمێنم.

**لیندا:** چارەت بزر کە!

**هاپی:** گوێ بگرە، دایە...

**لیندا:** هەر دەبوو ئەمشەو بچنەلای ئەو ژنانە؟ بچنە لای ئەو قەحپە ئەسپێ ونە چەپەڵانە.

*(بیف دیسان دێتەوە ناندینەکە)*

**هاپی:** دایە، بەخوای لەبەردڵی بیف وام کرد. کورە، چ شەوێکی خۆشمان بەیەکەوە ڕابوارد؟

**لیندا:** دەی لەو ماڵە برۆن. نەگەڕێنەوە! نامەوێ چیتر ئازاری بدەن. برۆن. هەر ئێستا شتومەکتان تێک نێن! (بۆ بیف) دەتوانی بچی لەئاپارتمانەکەی هاپ بخەوێ. (*لیندا دەیەوێ گوڵەکان کۆبکاتەوە پاشان دەوەستێ*) ئەم زبڵ و زارە هەڵگرەوە، من چیتر نۆکەریتان ناکەم. هەڵی بگرەوە، هەی گەوجی بێ مێشک.

*(هاپی وەک نیشانەی ناڕەزایی پشتی تێ دەکات. بیف بەهێواشی دەڕواو لەسەرچۆک دادەنیشێ و گوڵەکان هەڵدەگرێتەوە).*

**لیندا:** ئێوە درندەن، درندە! لەو دونیایە کەس وەک ئێوە دڵڕەق نییە کە دڵی ڕێی بدا ئەو کلۆڵە بەسەرزمانە لەچێشتخانە بەجێ بهێڵێت!

**بیف** (*تەماشای ناکات*): ئەو ئەوەی پێ گۆتی؟

**لیندا:** چ پێویست بەگۆتن دەکات؟ ئەوەندە زەبوون و ڕیسواتان کردبوو تەنانەت هێزی لێ بڕابوو لەڕێگادا بەلا دادەهات.

**هاپی:** بەڵام، دایە، کاتێکی پڕ خۆشی لەگەڵ ئێمە...

**بیف** (بەتووڕەیییەوە *قسەکانی پێ دەبڕێ*) دەمت تێک نێ! *(هاپی هیچ قسەی تر ناکاو دەیەوێ بچێتە سەرەوە).*

**لیندا:** تۆ! تەنانەت ناشچیتە لای بزانی هیچی لێ هاتووە یان نا!

**بیف** (*هێشتا لەسەر* زەوییەکەی بەرپێی *لیندا لەسەر* چۆک *دانیشتووەو گوڵەکانی لەدەستە. بەقێز لێکردنەوەوە، بۆ هاپی)*: نەخێر! نەچیت! کارێکی زۆر چەپەڵانەت کرد. ئەوەت پێ باشە؟ لەئاودەسخانە بەجێت هێشت لەبەرخۆی هوڕێنە بکات.

**لیندا:** تۆ هەی ئەسپێی چەپەڵ، تۆ...

**بیف:** بەخوا ڕاست دەکەی. لە بنی کودووت دا. (*هەڵدەستێتەوە سەرپێ و گوڵەکان فڕێ دەداتە* نێو *تەنەکەی پیساییەوە*) تۆ ئێستا سەیری پیسترین و چەپەڵترین شتی ئەم سەرزەمینە دەکەی.

**لیندا:** چارەت بزر بکە.

**بیف:** دایە، دەبێ لەگەڵ باوکم بدوێم. کوا لەکوێیە؟

**لیندا:** نابێ تخوونی بکەوی. لەو ماڵە بڕۆ.

**بیف** (*بەدڵنیاییەکی تەواوەوە، بەبڕواوە*): دەبێ هەر دەستبەجێ لەگەڵی بدوێم.

**لیندا:** نەکەی تخوونی بکەوی.



*(لەدەرەوەی خانووەکە، لەدوورترین کونجی شانۆ، دەنکی کوتە کوت دێ. بیف ڕوو بۆ لای کوتە کوتەکە وەردەگێڕێ).*

**لیندا** (*لەپڕەوە لێی دەپاڕێتەوە*): لێی ناگەڕێی بەدەردی خۆی بتلێتەوە؟

**بیف:** ئەوە لەدەرێ چ دەکات؟

**لیندا:** لەباغچەکە شت دەچێنی!

**بیف** (بەهێمنییەوە): بەم شەوە؟ ئۆه، خودای مەزن!

*(بیف دەچێتە دەرێ و لینداش لەدوای دەڕوات. ڕۆشناییەکە لەسەر ئەوان دەکوژێتەوەو دەکەوێتە سەر ناوەڕاستی شانۆ، ویلی، کە لایتێک و پیشەقانێک و چەنگێک تۆوی لەدەستە، بەنێو ڕۆشناییەکە دێتە ژوورێ. پیشەقانەکە لەزەوی دەچەقێنێ و لەشوێنی خۆی ڕاگیری دەکات. ئینجا بۆلای چەپە دەڕواو دوورییەکە بە پێ دەپێوێ، لایتەکە لێ دەدا تا پاکێتی تۆوەکان ببینێ و لەشینایی شەودا ڕێگای چاندنیان دەخوێنێتەوە).*

**ویلی:** گێزەر... یەک پێ لە یەک دوور بێ. مابەینی ڕیزەکان یەک پێ. (*دوورییەکە بە پێ دەپێوێ*) چەوەندەر... (*پاکەتەکە دادەنێ و دیسان* دوورییەکە بە پێ دەپێوێ) یەک پێ. کاهوو... (پاکەتەکە دەخوێنێتەوەو *دایدەنێ*) ئەویش یەک پێ...(*کاتێ بێن بەکاوەخۆ لەلای دەستەڕاست بۆلای دێ، قسەکە دەبڕێ*) ئای چ پڕۆژەیەکم بەدەستەوەیە، بێن. بەڵام پڕۆژەیەکی مەزن، ها. چونکە ئافرەتەکە زۆر ئازارو چەرمەسەری کێشاوە، لێم تێ دەگەی، بێن؟ بێن، مرۆڤ نابێ لەم ژیانەدا بەدەستی بۆش بچێتە دەرەوە، بەڵکو پێویستە شتێک لەدوای خۆی بەجێ بێڵێ. نابێ، نابێ...(*بێن، هەروەک بیەوێ قسەکەی پێ ببڕێ، بەرەو*

*ڕووی دێ)* دەبێ هەر ئێستا بڕیار بدەیت. بەڵام لە وەڵامدانەوە پەلە مەکە. ئەوەشت لەبیر نەچێ کە ئەوە پڕۆژەیەکی مسۆگەری بیست هەزار دۆلارییە. ئێستا دەمەوێ لەو پڕۆژەیە لەسەرییەوە تا بنی بکۆڵیتەوە. هیچ کەسێکی تر نییە قسەی لەگەڵ بکەم. ئافرەتەکەش زۆر ئازاری کێشاوە، بێن.

**بێن** (*بەبێ جوولە دەوەستێ، لێی ورد دەبێتەوە*): پڕۆژەکە چییە؟

**ویلی:** پڕۆژەیەکی مسۆگەری بیست هەزار دۆلارییە کە لە بەرمیلێکی سەر زێڕ دایە. خۆ تێ دەگەی، بێن؟

**بێن:** دەتەوێ خۆت بکەیتە گاڵتەجاڕی خەڵکی. کێ دەڵێ پارەکەت دەدەنەوە؟

**ویلی:** چۆن دەوێرن نەیدەنەوە؟ چما هەوانتەیە؟ تەنانەت کۆڵکێشیم دەکرد تەنها بۆ ئەوەی مانگانەی بیمەکەم بدەم؟ ئینجا ئێستا نایدەنەوە! هەرگیز شتی وانابێ.

**بێن:** خەڵکی بەترسنۆکت دادەنێن، ویلیام.

**ویلی:** بۆ؟ ئەدی چ ئازایەتییەک لەوەدایە لەم ژیانەدا بژیم بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لەدوای خۆم بەجێ بهێڵم؟

**بێن** (*بەپەسەند کردنەوە*): ئەمە لایەکی مەسەلەکەیە، ویلیام. (*دەبزوێ، بیردەکاتەوە، ڕوو وەردەگێڕێ*) بیست هەزار دۆلار... ئەمە شتێکە کە مرۆڤ هەستی پێ بکاو بەدەست بیگرێ و...

**ویلی** (*ئێستا دڵنیایە، بەهێزێکی زیاترەوە*): ئۆه، بێن، جوانی پڕۆژەکە لەوەدایە کە من وەک دانە ئەڵماسێکی ڕەق و بەسەنگ دەبینم کە لەتاریکیدا دەدرەوشێتەوە، کەچی ناتوانم بەخۆم هەڵی گرمەوەو لەنێو پەنجەکانم هەڵگێڕو وەرگێڕی بکەم. ئەمە شتێکە



وەک پیشەی نەعلەتی نییە، بێن. بەڵکو شتێکە دەتوانێ گشت ڕووکارەکانی ژیان بگۆڕێ. بێن، سەیرکە! بیف وا دەزانێ من هیچ نیم، بۆیەکا تۆڵەم لێ دەکاتەوە. بەڵام تەرمەکەم... (خۆی قیت دەکاتەوە) بێن، ئەو تەرمە خەڵکێکی زۆری بەدواوە دەبێ! خەڵکی لە (مێن) و (ماسۆشێت) و (ڤێرمۆنت) و (نیوهامپشایر)ەوە دێنە سەر تەرمم! بگرە هەموو چاودێرە کۆنەکان و هەرزان فرۆشە نەناسیارەکانیش لەسەر تەرمەکەم دەبن!...ئینجا ئەو کوڕە، وەک هەورە تریشقە لێی دابێت، دەشڵەژێت. چونکە هەرگیز وا بیرناکاتەوە من ناسراوم، بێن. هوردو درشتی (ڕۆد ئایلاند) و (نیویۆرک) و (نیو جەرسی) دەمناسن. ئینجا ئەمە بۆ تاقە جارێک و هەتا هەتایە بەچاوی خۆی دەبینێ. تەنها ئەو کاتە دەزانی من کێم، بێن! جا ئەوکاتە وەک بی ی نێو ئاو دەهەژێ.

**بێن** (*بۆ سەر لێواری باغچەکە دادەبەزێ*): بەترسنۆکت دادەنێ.

**ویلی** (*لەپڕەوە ترسی لێ دەنیشێ*): نەبەخوا، ئەمە شتێکی گەورەو مەزن دەبێ.

**بێن:** لەهەمان کاتدا گەوجانەو بێ سوودیش.

**ویلی:** نەخێر، ڕازی نابم شتی وا بڵێی. (*نائومێد دەبێ و قەڵەمی دەست و پێی دەشکێ*).

**بێن:** ویلیام، بیف ڕقی لێتە، ڕق.

(*دەنگی مۆسیقای کامەرانی منداڵەکان دێ*).

**ویلی:** ئۆه، بێن. کێ دەتوانێ ڕابردوو بگەڕێنێتەوە؟ چ کاتێکی پڕ بەزم و شادی و هاوڕێیەتی بوو! زستانان بەفرەخلسکێمان دەکردو

هەمیشە سەرکوڵمەمان سوور و گەش بوو. هەمیشەش هەواڵێکی دڵخۆشکەرمان پێ بوو. منداڵەکان جانتاکانیان بۆ هەڵدەگرتم و ئوتومبێلە سوورە بچکۆلەکەیان وەک گوڵ دەڕازاندەوە! بۆ، بۆ ناتوانم لەبری ئەوە شتێکی بدەمێ و ڕەگی ڕق و کینە لەدڵی هەڵکەنم؟

**بێن:** ڕێم بدە با بیری لێ بکەمەوە. (*سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەکات*) باشە، هێشتا تۆزێک ماوەم بەدەستەوە ماوە. تا بڵێی پڕۆژەیەکی مەزن و ڕەنگینە. بەڵام دەبێ لەوە دڵنیابی کە گاڵتە بەخۆت ناکەی. (کە بیف *لەلای* چەپەوە بەژوور دەکەوێ، بێن *لەبەر چاو ون دەبێ*).

**ویلی** (*لەهیکەوە لەهاتنی بیف ئاگادار دەبێ. ڕوو وەردەگێڕێ. تەماشای دەکات. ئینجا بەشڵەژاوی پریاسکە تۆوەکان کۆ دەکاتەوە*): بۆ خاتری دۆزەخ، ئەو تۆوانە لەکوێن؟ (بە پەستییەوە) پیاو لێرە هیچ شتێک نابینێ! ئەو گەمبۆڵانە ئێمەیان لەو کونە کۆخە نگریسە پەستاوە!

**بیف:** هەست ناکەی هەموو لایەکت خەڵکە؟

**ویلی:** خەریکی کارم. بڕۆ، بێزارم مەکە.

**بیف** (*پیشەقانەکە لە ویلی دەسەنێ*): بابە، من ماڵئاواییت لێ دەکەم و... (*ویلی، ناتوانێ لەشوێنی خۆی ببزوێ، بەبێ دەنگی سەیری دەکات*) چیتر نایێمەوە ئێرە.

**ویلی:** بەیانی ناچی ئۆلیڤەر ببینی؟

**بیف:** بابە هیچ بەڵێنێکم لەگەڵی نییە.

**ویلی:** دەستی لەملت کردو ئێستا دەڵێی هیچ بەڵێنێکت لەگەڵی نییە؟



**بیف:** بابە، بەس ئەوەندەم لێ وەرگرە، ئێ؟ بابە هەموو جارێک ئەو ماڵەم بەشەڕ جێ هێشتووە. بەڵام ئەوڕۆ بیرم لەخۆم کردەوەو بۆم ڕوون بۆوە کە من ناتوانم لێرە هیچ شتێک بەدەست بێنم. گوێ بەوە مەدە داخوا گوناهەکە هی کێ بوو یا شتی لەم بابەتە. (*پیلی ویلی ڕادەکێشێ*) با بەردێک لەسەر ئەم مەسەلەیە دابنێین، باشە؟ وەرە با ئەوە بەدایکیشم بڵێین. (*دەیەوێ ویلی بەنەرمی بۆلای چەپ ڕابکێشێ*).

**ویلی** (*بەبێ جوولە لەجێی خۆی وشک دادەمێنێ. مۆرکی هەست بەتاوانکردن لەدەنگی دیارە*): نەخێر، نامەوێ بیبینم.

**بیف:** وەرە! (*دیسان دەستی ویلی ڕادەکێشێ، ویلی خۆی دەکێشێتەوە*).

**ویلی** (*یەگجار تووڕەیە*): نەخێر، نەخێر، نامەوێ بیبینم.

**بیف** (*تەماشای دەموچاوی ویلی دەکات هەروەک بیەوێ وەڵامەکە لەوێ بدۆزێتەوە*): بۆ ناتەوێ بیبینی؟

**ویلی** (*زۆر بەتوندوتیژییەوە*): بەس بێزارم بکە. واز ناهێنی؟

**بیف:** مەبەستت چییە کە دەڵێی نامەوێ بیبینم؟ ناتەوێ بە ترسنۆک ناوت ببەن، وانییە؟ ئەمە گوناهی تۆ نییە، هی منە، من. من خوێڕی و سەرسەری و بێ کارم. دە ئێستا وەرە ژوورێ! (*ویلی دەیەوێ لێی دوور بکەوێتەوە*) گوێت لێ بوو چیم گوت؟

*(ویلی خۆی لەبەردەست دەردێنێ. خێرا بەتەنهایی دەچێتە ژوورێ. بیف بەدوای دەکەوێ)*.

**لیندا** (*بۆ ویلی*): گیانەکەم، چیت چاند؟

**بیف** (*لەپێش دەرگا، بۆ لیندا*): مادام شەڕمان بڕییەوە، هەموو شتێک

چاک دەبێ. من دەڕۆم و چیدی نامەشتان بۆ نانێرم.

**لیندا** (*دەچێتە لای ویلی کە لەناندینەکەیە*): وابزانم ئەوە چاکترین چارەیە، چونکێ بێ سوودە هەوڵی لەگەڵ بدەی و ئەمەش بەهیچ ئەنجامێکتان ناگەیەنێ.

*(ویلی وەڵام ناداتەوە)*

**بیف:** خەڵکی لێتان دەپرسن من لەکوێم و چی دەکەم، ئێوە نازانن و گوێش نادەنێ. جا بەم چەشنە لەبیرم دەکەن و سەر لەنوێ دەگەشێنەوە. هەموو شتێک چاک دەبێ. خۆ ئەمە ڕوون و ئاشکرایە، وانییە؟ (*ویلی بێ دەنگە، بیف دەچێتە لای*) ئەی دیدەوان، دەبێ داوای بەختێکی چاکم بۆ بکەی. (*دەستی درێژ دەکات*) ڕات چییە؟

**لیندا:** چەپەکی لەگەڵ بکە، ویلی.

**ویلی** (*ڕوو بۆ لیندا وەردەگێڕێ و برینی دەکولێتەوە*) قەی ناکات. بەهیچ جۆرێک ناوی قەڵەمەکە مەهێنە. خۆ لەمەبەستم دەگەی؟

**بیف** (بەنەرمییەوە): بابە، بەڵێنم لەگەڵ ئۆلیڤەر نییە.

**ویلی** (*لەهیکرِا بەدەنگ بەڕووی دەتەقێتەوە*): دەستی لەملت کردو...؟

**بیف:** بابە، تۆ هەرگیز نازانیت من چیم. جا گفتوگۆ لەگەڵ تۆ چ سوودێکی هەیە؟ ئەگەر بیرە نەوتێکم دۆزییەوە. ئەوا چەکێکت بۆ دەنێرم. دەنا هەر لەبیریشم بکە.

**ویلی** (*بۆ لیندا*): بڕوانە. داوای تۆڵەم لێ دەکات؟

**بیف:** بابە، چەپەکم لەگەڵ بکە.

**ویلی:** دۆقە! نەخێر.

**بیف:** ئاواتەخواز بووم بەم چەشنە نەڕۆم.





**ویلی:** تۆ هەمیشە بەم چەشنە ڕۆیشتوویت. خواحافیزت بێ.

*(بیف دەمێک تەماشای دەکات. ئینجا بەتیژی ڕوو وەردەگێڕێ و بۆ لای پەیژەکە دەچێ).*

**ویلی** (*بەو قسانە دەیوەستێنێ*): یاخوا ئاگری دۆزەخ بەشت بێ، ئەگەر ئەمماڵە جێ بهێڵی!

**بیف** (*ڕوو وەردەگێڕێ*): پێم ناڵێی چیت لە من دەمەوێ؟

**ویلی:** دەمەوێ پێت بڵێم چ لەنێو شەمەندەفەربی، یا چیانشین بی یا لەنێو دۆڵ بژی، یا بۆ هەرکوێ بچی کە ژیانی خۆت لەڕێی تۆڵەسەندنەوەدا فەوتاند.

**بیف:** ئەوە ڕاست نییە. ئەوە ڕاست نییە.

**ویلی:** تۆڵە، تۆڵە هۆی ڕووخان و بێ کاری تۆیە. کاتێ دەڕۆیت و ئێرە جێ دێڵی، لەبیرت بێ کە بەدەستی خۆت ئاگرت لەماڵی خۆت بەردا. کاتێ بەڕێبواری ڕێگا چۆلەکان دەگریتەبەر، یا بەتەنیایی لەهەندەران دادەڕزێی لەبیرت بێ کە بەخۆت ماڵی خۆت کاول کردو نەوێری ئەو تاوانە بخەیتە ئەستۆی من!

**بیف:** ئەو تاوانە ناخەمە ئەستۆی تۆ.

**ویلی:** من لەو تاوانە بەرپرسیار نیم و ئەو کڵاوەش لەسەری من مەنێ. خۆ گوێت لێمە؟

*(هاپی لەپەیژەکە دێتەخوارێ و لەسەر دوا پایە سەیر دەکات).*

**بیف:** منیش هەمان ڕای تۆم هەیە!

**ویلی** (*دەکەوێتە سەر کورسییەک و تاوانێکی گەورە ئاراستەی بیف دەکات*): تۆ دەتەوێ خەنجەرێک لەناخما بچەقێنی. وا بیرمەکەوە نازانم چ دەکەی؟

**بیف:** باشە هەی تەڵەکەباز! دەبا ئەوی بن بەڕێ بێنینە سەر بەڕێ. (*پارچە سۆندەیەکی لاستیک لەگیرفانی دەردەهێنێ و لەسەر مێزەکە دایدەنێ*).

**هاپی:** هەی گەوجی بێ مێشک...

**لیندا:** بیف! (*دێتە پێش تا سۆندەکە بفڕێنێ. بەڵام بیف توند لەنێو دەستەکانی دەگرێ*).

**بیف:** لێی گەڕێ! لەجێی خۆی نەجوولێنی!

**ویلی** (*سەیری سۆندەکە دەکات*): ئەوە چییە؟

**بیف:** هەی فەرمەسۆن، نازانی ئەوە چییە، وانییە؟

**ویلی** (*بەتەڵەی وەدەبێ، دەیەوێ خۆی دەرباز بکات*): قەت ئەوەم نەدیوە؟

**بیف:** بەڵام دیوتە. خۆ ئەجندە نەیبردۆتە ژێرزەمینەکە! دەتەوێ چی پێ بکەی؟ خۆت بکەیتە پاڵەوان، وانییە؟ بەڵام بە، من بەپاڵەوانت نازانم، بەڵکو بەزەییم پیاتا دێتەوە.

**ویلی:** ئەوەم نەدیوە.

**بیف:** کەس دڵی پێت ناسووتێ، گوێت لێیە؟ کەس.

**ویلی** (*بۆ لیندا*): خۆ گوێت لێیە داوای تۆڵە دەکات، تۆڵە!

**بیف:** نەخێر دەبێ گوێت لەڕاستی بێ. دەبێ بزانی تۆ چی و منیش چیم!

**لیندا:** بیبڕنەوە!

**ویلی:** داوای تۆڵە دەکات!

**هاپی** (*دێتە لای بیف*): دە ئێستا بیبڕنەوە!



**بیف** (*بۆ هاپی*): ئەو پیاوە نازانێ ئێمە کێین! دەبێ بزانێ ئێمە کێین! (*بۆ ویلی*) تەنانەت دە خولەکیش لەم ماڵە ڕاستیمان نەگوتووە.

**هاپی:** هەمیشە ڕاستمان گوتووە.

**بیف** (*ڕوو دەکاتە هاپی*): تۆ هەی فشەکەر؟ یاریدەدەری کڕیارانی؟ یا یەکێک لەدوو جێگرەکانی یاریدەدەری کڕیارانی؟

**هاپی:** باشە، لەڕاستی من...

**بیف:** تۆ لەڕاستیدا نقووم بوویت! هەموومانیش هەر واین! بەڵام من کۆتایی بەخۆخەڵەتاندن دێنم. (*بۆ ویلی*) ئێستا گوێت لێ بێ. ئا ئەوە منم.

**ویلی:** چاکت دەناسم.

**بیف:** دەزانی بۆ سێ مانگی ڕەبەق ناونیشانم نەبوو؟ چونکە قاتێکم لە شاری (کەنساس) دزی و بەندکرام (*بۆ لیندا که دەگری*) بەسە مەگری. واز لەو کارە پووچانە دێنم.

*(لیندا بەدەستەکانی دەموچاوی خۆی دادەپۆشێ).*

**ویلی:** وابزانم ئەوە تاوانی من بوو!

**بیف:** هەر لەو کاتەی لەئامادەیی بووم، خۆم لەهەموو ئیشێکی باش دەدزیەوە!

**ویلی:** ئەدی ئەوە تاوانی کێیە؟

**بیف:** بۆیەکا بەهیچ نەگەیشتم، چونکە تۆ ئەوەندەت پفدام تاوات لێ کردم خەڕۆو قەپۆز بەرز بم و نەتوانم فەرمان لەکەس وەرگرم! جا ئەمە تاوانی کێیە؟

**ویلی:** گوێت لێمە؟

**ليندا:** بيبڕەوە، بيف!

**بيف:** دەبوایە لەدوو هەفتەی ئایندەدا ببوام بەگەورەترین خاوەن پرۆژە، ئەوسا ئەمەت گوێ لێ ببوایە. بەڵام بەداخەوە لەکاتێکی تەنگ و نەهامەتیدا کە خاوەنی پوولێک نیم ئەوەت گوێ لێ بوو.

**ویلی:** دە باشە مادام وایە بۆ تۆڵەسەندنەوە خۆت بفەوتێنە!

**بيف:** نەخێر، ویلی، کەس خۆی نافەوتێنێ! ئەورۆکە پاندانێکم لەدەست بوو، لە یانزە قات بەغار هاتمە خوارێ. ئینجا لەپڕ وەستام، گوێت لێمە؟ لەناوەڕاستی باڵەخانەی ئۆفیسەکە وەستام، بڵێ چیم دی؟ – ئاسمانم دی. ئەو شتانەم دی کە تامەزرۆیانم: کە بریتین لەئیشکردن و خۆراک و پشوودان و دووکەڵ بەباکردن. ئینجا سەیرێکی پێنووسەکەی دەستمم کردو بەخۆم گۆت: چ شەیتانێک چووە بن کلیشەتەوە تا ئەمە بدزی؟ بۆ ببمە شتێک کە ئارەزووم لێی نەبێ؟ من چیم داوە لەم ئۆفیسە نەعلەتییەوە؟ چیم داوە لە کاری چەپەڵ و خۆخەڵەتاندن؟ لەکاتێکا بەحەزرەتی ئەوەم لەو بەرهەڵدایە بژیم و ئەو هەموو شتانە چاوەڕێم دەکەن ئەگەر تەنها بەخۆمدا بچمەوەو بزانم من کێم! بۆ وانەڵێم، ویلی، بۆ؟ *(دەیەوێ ڕووبەڕووی ویلی بوەستێ بەڵام ویلی خۆی دەدزێتەوەو بۆ لای چەپ دەچێ).*

**ویلی** *(بەتوورەیی و هەڕەشەکردنەوە)*: خۆ کەس سندم و زنجیری لەپێت نەکردووە. بڕۆ.

**بيف:** بابە، دەرزنە پیاوێکی وەک من دە پوول دەهێنێ. تۆش هەروا!

**ویلی** *(بەتوورەیی و تەقینەوەیەکی بێ دەستی خۆی)*: دەرزنە پیاوێکی وەک من دەپوول دێنێ! نەخێر! من ویلی لۆمانم و تۆش بیف



لۆمانی!

*(بيف دەیەوێ هێرش بباتە سەر ویلی، بەڵام هاپی دەیگرێ. بيف یەکجار توورەیە و لەوسەری قەراغ شانۆ وەستاوە وەک بیەوێ هێرش بباتە سەر ویلی).*

**بيف:** ویلی، نەمن پێشڕەوی خەڵکیم و نەتۆش. تۆ مازووکەری کون لە پاشۆڵێ بووی و وەک هەموو خەڵکی تر فڕێ درایتە سەر گوفەک. من سەعاتی بەدۆلارێک کار دەکەم، ویلی! حەوت ناوچە گەڕام و نەمتوانی لەوە زیاتر بەدەست بهێنم. تاقە دۆلارێک! خۆ تێم دەگەی، وانییە؟ لەوەو پاش چیتر دیاری ناهێنمەوە ماڵ و دەبێ تۆش چیتر چاوەڕێی ئەمە نەکەی. خۆ تێ گەیشتی؟

**ویلی** *(ڕاستەوخۆ بۆ بيف)*: هەی دڵکرمی! هەی تۆڵەسێن! هەی چەپەڵ!

*(بيف خۆی لە دەست هاپی ڕادەتەکێنێ. ویلی دەتۆقێ و لەترسان بەسەر پەیژەکە سەر دەکەوێ، بەڵام بيف دەیگرێ).*

**بيف** *(لە لوتکەی توورەییدایە)*: بابە، من هیچ نیم! هیچ نیم! نازانی من هیچ نیم؟ من تۆڵەت لێ ناکەمەوە، تۆڵەی چی! بەڵام من هەر ئەوەم کە هەم. ئەمەش ڕاستییەکەیەتی.

*(توورەیی بيف خۆی دەخواتەوەو هێزی لێ دەبڕێ. هەناسە هەڵدەکێشێ و دەستی ویلی دەگرێ. بەبێ دەنگی دەست بەسەر دەموچاوی ویلی دا دێنێ).*

**ویلی** *(بەسەرسوڕمانەوە)* ئەوە چیتە؟ چی؟ *(بۆ لیندا)* ئەوە بۆ دەگری؟

**بيف** *(دەگری، پاشان دەوەستێ)*: بۆ خاتری خوا لێم ناگەڕێ بڕۆم. بۆ ئەو خەونە فریودەرانەت فڕێ نادەی پێش ئەوەی شتێکی

ترسناک ڕوویدات؟ (*تێ دەکۆشێ دەست بەسەر باری خۆی دابگرێ. بەرەو پاش دەکشێتەوەو بەسەر پەیژەکە سەردەکەوێ*) هەر لەگەڵ گەردەی بەیانی دەڕۆم. بیبە ناو... بیبە ناوجێگا... (*زۆر هیلاک و داهێزراوە، بەسەر پەیژەکە بەرەو ژووری خۆی دەڕوات*).

**ویلی** (*پاش وەستانێکی باش، بەسەرسوڕمان و هەستێکی بەرزەوە*): تووخوا ئەمە – ئەمە شتێکی مەزن نییە؟ بیف منی خۆش دەوێ!

**لیندا:** هەمیشە تۆی خۆشویستووە!

**هاپی** (*بەپەرۆشەوە*): بابە، بیف هەموو دەم تۆی خۆش ویستووە.

**ویلی:** ئۆه، بیف (*بەدڕەندەییەوە تەماشا دەکات*) گریا! بۆم گریا! (*لەخۆشییان گەرووی دەگیرێ و قسەی پێ ناکرێ، ئێستا بەڵێنەکەی دەدرکێنێ*) ئەو کوڕە– ئەو کوڕە شتێکی مەزنی لێ دەردەچێ!

(*بێن لەنێو ڕۆشناییەکەی دەرەوەی ناندین دەبینرێ*).

**بێن:** زۆر مەزن و پایەدار دەبێ کاتێک بیست هەزار دۆلاری لەگیرفان دەبێ.

**لیندا** (*هەست بەئاڵۆزی مێشکی ویلی دەکات، بەترس و وریاییەوە*): وەرە بخەوە. هەموو شتێک بڕایەوە.

**ویلی** (*هەست دەکات کە زۆر زەحمەتە لەخانووەکە دەربەڕێتە دەرەوە*): ئێستا دێم. ئێستا دێم. بڕۆ بخەوە، هاپ.

**بێن:** بەڵام پیاوێکی بەجەرگ و مەزنی دەوێ بچێتە نێو ئەم جەنگەڵە.

(*دەنگی مۆسیقای دەشتەکی بێن بە نەوایەکی پڕ لە ترسناکی دێ*).



**هاپی** (*دەستی لەملی لیندایە*): بابە، لەبیرت بێ دەمەوێ ژن بهێنم. هەموو شتێک دەگۆڕم. دەبێ پێش داهاتنی ساڵی نوێ ببمە بەڕێوەبەر. (*دایکی ماچ دەکات*).

**بێن**: جەنگەڵەکە شەوەزەنگە، بەڵام پڕاوپڕی ئەڵماسە، ویلی. (*ویلی ڕوو وەردەگێڕێ، دەجوولێ، گوێ لە بێن دەگرێ*).

**لیندا:** ببە کوڕێکی چاک. ئێوە هەردووکتان کوڕی چاکن. تەنها بەشێوەیەکی چاک هەڵسوکەوت بکەن، هیچی ترم لێتان ناوێ.

**هاپی:** شەوباش، بابە. (*دەچێتە سەرەوە*).

**بێن** (*توندتر*): دەبێ یەکێک بچێتە ناو جەنگەڵەکە تا ئەڵماس بێنێتەوە.

**ویلی** (*بۆ لیندا، کە لەوسەری ناندینەکە لەسەرخۆ بەرەو دەرگا دەجوولێ*): دەمەوێ کەمێک پشوو بدەم، لیندا. لێم گەڕێ با کەمێک بەتەنێ لێرە بمێنێمەوە.

**لیندا** (*وەختە ترسەکانی خۆی بدرکێنێ*): دە وەرە بابچینە سەرەوە، ویلی.

**ویلی** (*لەئامێزێی دەگرێ*): لیندا، پاش بەینێکی تر دێم. ناتوانم ئێستا بخەوم. بڕۆ بخەوە. تۆ تەواو ماندوو و هیلاکی. (*ماچی دەکات*).

**بێن:** ئەڵماس وەک ئیش نییە. ئەڵماس دڕ و ڕەقە بۆ لەدەستگرتن.

**ویلی:** بڕۆ سەرەوە، هەر ئێستا منیش دێم.

**لیندا:** واچاکە بڕۆم، ویلی.

**ویلی:** بێ گومان، چاکترە بڕۆی.

**بێن:** چاکترین شتە!

**ویلی:** واچاکە بڕۆی، گیانەکەم. هەموو شتێک بەرەو... بڕۆ سەرەوە، گیانەکەم، بڕۆ بخەوە. زۆر هیلاکی.

**ليندا:** دەبێ هەر ئێستا تۆش بێی.

**ويلی:** تەنها دوو خولەک ماوەم بدە.

*(ليندا دەچێتە ژووری پێشوازيكردن. ئينجا ديسان لەژووری خەوتن دەردەكەوێتەوە. ويلی يەكسەر لەدەرگای ناندينەكە دەچێتە دەرێ).*

**ويلی:** منی خۆش دەوێ. (*بەسەرسوڕمانەوە*) هەميشە منی خۆش ويستووە. ئايا ئەمە شتێكی مەزن نييە. بێن؟ هەربۆيەكاش دەمپەرستێ!

**ويلی:** ئايا هەست بەگەورەيی و مەزنێتی بيف دەكەيت كاتێک بيست هەزار دۆلاری لەگيرفان بێ؟

**ليندا** (*لەژوورەكەی خۆی بانگی دەكات*): ويلی، دەی سەركەوە!

**ويلی** (*لەناندينەكە وەڵامی دەداتەوە*): باشە، باشە، ئەوە دێم! شتێكی ڕەنگينە، هەست پێ دەكەی، وانييە، دولبەرەكەم؟ تەنانەت (بێن) يش هەست پێ دەكات. دەبێ بڕۆم، گيانەكەم. خواحافيز، خواحافيز! (بەنيمچە *هەڵپەڕينێكەوە دەچێتەی لای بێن*) بڕوانە؟ كاتێک پۆستەچی دێ دەبينێ ديسان بيف پلەو پايەيەكی بەرزتری لەبرنارد وەدەست هێناوە!

**بێن:** پڕۆژەيەكی بێ هاوتايە.

**ويلی:** ديتت چۆن بۆم دەگريا؟ ئۆه، بێن. چەند بەحەزرەتم ماچی بكەم!

**بێن:** ويليام، زووكە. ماوە كەمە.

**ويلی:** ئۆه، بێن. هەميشە دەمزانی من و بيف لەڕێگەيەک يەک دەگرينەوە!

**بێن** (*سەيری كاتژمێرەكەی دەكات*): پەلە بكە، ئەگينا بەلەمەكە دەڕواو



بەجێت دێڵێ. (*لەسەرخۆ دەخزێتە نێو تاريكييەكە*).

**ويلی** (*بەپەرێشانييەوە، سەيرێكی خانووەكە دەكات*): ڕۆڵەكەم، كاتی شووت لێ دەدەی دەمەوێ لاپچينێكی حەوت كێلۆييت لەپێ بێ. هەركە چوويتە نێو ياريگەكەوە يەكسەر خۆت بگەينە لای تۆپەكە، باشە، ڕۆڵەكەم؟ ئەوجا كە شووت لێ دەدەی لەسەرخۆ بەتێن لێ دە، چونكە، ڕۆڵەكەم، ئەمە شتێكی گرنگە. (*بەدەوری خۆی سووڕ دەخوا و ڕوو لە جەماوەر دەكات*) لەوێ هەموو جۆرە خەڵكێكی پايەدار هەيە، ئەوەش لەبير نەكەی كە... (*لەپڕەوە هەست دەكات كە بەتەنێيە*) بێن، بێن، من بۆ كوێ...؟ (*لەهيكرا دەست بەپشكنين دەكات*) بێن، من چۆن...؟

**ليندا** (*گازی ويلی دەكات*): ويلی، نايەيتە سەرەوە؟

**ويلی:** (*بەترسەوە هەناسە هەڵدەكێشێ، بەدەوری خۆی دەسووڕێتەوە هەروەک بيەوێ ليندا هێور بكاتەوە*): شش. (*ڕوو وەردەگێڕێ وەک بيەوێ ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە. دەنگەكان و دەموچاوەكان وا ديار دەدەن كە بەسەريەوە كۆ بوونەتەوەو غەڵبە غەڵبێک دەوری گرتووە. ئەمانە بەهاوارێک لەكۆڵ خۆی دەكاتەوە*) شش، شش! (*لەپڕ مۆسيقاكە كپ دەبێ و ديسان لەهيكرا بەرز دەبێتەوەو ويلی دەوەستێنێ. مۆسيقاكە توندتر لێ دەدرێ تا دەگاتە ئاستێک كە وەک زريكەی لێ دێ. بەسەرپەنجەكانييەوە بەژوورەكەدا دێ و دەچێ تا لەنكاوڕا بەدەوری خانووەكەدا دەردەپەڕێ*) شش!

**ليندا:** ويلی؟

*(وەڵام نييە. ليندا چاوەڕوان دەكات. بيف جلی خەوتنی لەبەرەو*

*لەنێو نوێنەکەی دەردەپەڕێ. هاپی دادەنیشێ. بیف لەسەر پێ دەوەستێ گوێ دەگرێ).*

**لیندا:** نا...!

**بیف** (*بەغار دێتە سەر پەیژەکە*): بابە...!

*(کە ئوتومبێلەکە خێرا لێدەخوڕێ، مۆسیقاکە دەگاتە ڕادەی دەنگدانەوە و گوێ کاسکردن، پاشان بەرە بەرە نزم دەبێتەوە تا دەگاتە ڕادەی بەنەرمی لێدان لەسەر تاقە ژێیەکی (چەلۆ). بیف لەسەرخۆ دەگەڕێتەوە ژووری خەوتن. ئەو و هاپی زۆر بەسەنگینی چاکێتەکانیان لەبەر دەکەن. لیندا لەسەرخۆ لەژوورەکەی دێتە دەرەوە. مۆسیقاکە نەوایەکی خەمبارو شێوەنانە لێ دەدات. جێ هێشتنی ئەو ڕۆژەو موژدەی داهاتنی ڕۆژێکی تر لەسەر هەموو شتێک بەدی دەکرێ. چارلی و برنارد جلی ڕەشباویان پۆشیوەو لەدەرگای نان`دینەکە دەدەن. هەرکە چارلی و برنارد دێنە ژوورێ، بیف و هاپی لەسەرخۆ لە پەیژەکە دێنەخوارێ. هەموویان بەینێک دەوەستن، هەرکە لیندا، کە جلی ڕەشی پۆشیوەو قامکێک گوڵی بچووکی لەدەستە، بەنێو کەلێنە پەردەدارەکە دێتە نێو نانەدینەکەو دەچێتە لای چارلی و پیلی دەگرێ. ئێستا هەموویان، بەنێو دیواری نانەدینەکە، بەرەو ڕووی جەماوەر دێن. لیندا گوڵەکان لەسەر قەراخی پێشەوەی شانۆ دادەنێ، هەر لەوێ چۆک دادەداو لەسەر پاژنەی پێی دادەنیشێ. هەموویان چاو دەبڕنە گۆڕەکە).*



## سەردوولکەیەک

**چارلی:** لیندا، ئەوا دونیا تاریک بوو.

*(لیندا وەڵام ناداتەوە، لەگۆڕەکە ورد دەبێتەوە).*

**بیف:** دایە، هەڵسە بابڕۆین؟ باشتر وایە تۆزێک پشوو بدەی؟ خەریکە دەرگای گۆڕستان دادەخەن.

*(لیندا لەجێی خۆی نابزوێ. کەمێک وەستان).*

**هاپی** (*بەتەواوی تووڕەیە*): نەدەبوو وابکات. ئێمە یارمەتیمان دەدا.

**چارلی** (*بە مرەمرێکەوە*): هم م م...

**بیف:** دەبا بڕۆین، دایە.

**لیندا:** ئەوە بۆ کەس نەهات؟

**چارلی:** بەڕاستی تەرمێکی مەزن بوو.

**لیندا:** بەڵام کوا ئەم هەموو خەڵکەی دەیناسین لەکوێن؟ لەوانەیە سەرزەنشتی بکەن.

**چارلی:** نەخێر، لیندا. ئەمە جیهانێکی دڵڕەقە، کەس سەرزەنشتی کەس ناکات.

**لیندا:** سەرم لەم کارەی ئەو دەرناچێ. نەخەسەلە لەم کاتەدا. چونکە ئەوە سی و پێنج ساڵە تاقە جارێک ئەوەندەی نەمابوو ڕزگار بین و پاک ببینەوە. تەنها پێویستی بەکەمە مووچەیەک دەبوو، تەنانەت پارەی ددانسازیشی دابوو.

**چارلی:** کەس ناتوانێ بەکەمە مووچەیەک بژی.

**لیندا:** سەرم لەو کارەی ئەو دەرناچێ.

**بیف:** چەندان ڕۆژی خۆشمان پێکەوە بەسەر برد. کە یەکشەمموان لەگەشت دەگەڕایەوە، خۆی بەکارێکەوە خەریک دەکرد. ئینجا یا ژێرزەمینی دروست دەکرد، یا سەکۆی لەبەر دەرگا هەڵدەنا، یا تارمەیەکی نوێی بنیات دەنا، یا گەرماوێکی تازەی دروست دەکرد، یا گەراجەکەی چاک دەکرد. چارلی، تۆ دەزانی باوکم لەو چەشنە کارانە گەلێ لە پیشەی دێوەرەیی کارامەتر بوو.

**چارلی:** ڕاست دەکەی، باوکت لەو کارانە زۆر سەرکەوتوو بوو.

**لیندا:** ویلی لە پیشەی دەستیدا گەلێک بلیمەت بوو.

**بیف:** خەونەکانی درۆ بوون. هەموو خەونەکانی هەڵەبوون.

**هاپی** (*ئەوەندەی نەماوە تاو بداتە بیف و لەگەڵی بەشەڕ بێ): بەسە، واز لەو قسە بێتامانە بێنە.*

**بیف:** باوکم هەرگیز خۆی نەدەناسی.

**چارلی** (*هاپی بەرزەفت دەکاو وەڵامی بیف دەداتەوە*): نابێ کەس سەرزەنشتی ئەو پیاوە بکات. ئێوە نازانن ویلی چی بوو؟ ئەو دێوەرە بوو، دێوەرە. لەم ژیانەدا شتی دژوارو عاسێ لەلای دێوەرە نییە. ئەو نە سەموونە دەخاتە سەر بورغی و نە یاسا یا دەرمانت دەداتێ. ئەو پیاوی ئەو بەرهەڵا شینەیەو سواری کۆڵێ زەردەخەنەکەی و بریسکەی کەوشەکانی دەبێ. هەرکە خەڵکی بەمۆنی و ڕووگرژی لەگەڵی دەدوێن، بوومەلەرزەیەک لەناخی دەتەقێتەوە. یان هەرکە کڵاوەکەی چڵکن دەبێ، ئەوا بزانە لەدوا هەناسەی ژیاندایە. نابێ کەس سەرزەنشتی ئەو پیاوە بکات.



چونکە، ڕۆڵە، دێوەرە دەبێ خەون ببینێ. خەونەکانیشی لەگەڵ ئەو ناوچانە دێن کە پێیان تێ دەپەڕێ.

**بیف:** چارلی، باوکم خۆی نەدەناسی.

**هاپی** (*زیاتر تووڕە دەبێ*): قەت شتی وامەڵێ.

**بیف:** هاپی، بۆ نایەیت پێکەوە بچینە ڕۆژئاوا؟

**هاپی:** نابێ وا بەزوویی چۆک دابدەم. من هەر لێرە دەمێنمەوەو دەبێ ئەو تەلیسمە بشکێنم! (*بەجەنگانەوە سەیری بیف دەکات*) برایانی لۆمان!

**بیف:** ڕۆڵە، دەزانم من کێم و چیم.

**هاپی:** ڕۆڵە، دەبێ بۆ تۆو خەڵکی تر بسەلمێنم کە ویلی لۆمان لەڕێگای هیچدا نەمرد. ئەو خاوەنی خەونێکی یەگجار گەورەو مەزن بوو. تاقە خەونێک... بۆ ئەوەی پیاوێکی زۆر باڵات لێ دەربچێ. ئەو لەم هەوارە تێکۆشاو خەباتی کرد، ئەمەش هەر هەمان هەوارە کە دەبێ سەرکەوتنی تیادا بەدەست بهێنم.

**بیف** (*بەنائومێدی سەیرێکی هاپی دەکاو بۆلای باوکی دەچەمێتەوە*): بابڕۆین، دایە.

**لیندا:** پاش کەمێکی تر دێم. چارلی، تۆ بڕۆ. (*لیندا دوودڵە*) دەمەوێ کەمێکی تر لێرە بم. هەرگیز هەلم بۆ ڕێک نەکەوت خواحافیزی لێ بکەم. (*چارلی دەڕوا و هاپی لەدوایەتی. بیف کەمێک لەلای دەستەچەپی دایکی دەمێنێتەوە. لەگەڵ قسەکانی لیندا، لەدوورەوە دەنگی شمشاڵ دێ*).

**لیندا:** گیانەکەم، بمبوورە کە ناتوانم بگریم. هەرگیز تێ ناگەم بۆ وات

کرد. بەڵام ناتوانم بگریم. تێ ناگەم بۆ وات کرد، بۆ؟ یارمەتیم بدە، ویلی، ناتوانم بگریم. هەروا دەزانم لەگەشتێکی تر دایت، بۆیەکا هەر چاوەڕێم بگەڕێیتەوە. ویلی، گیانەکەم، ناتوانم بگریم. بۆ وات کرد، بۆ؟ هەرچەندی هەوڵ دەدەم و هەوڵ دەدەم سەرم لەو کارەت دەرناچێ و نازانم بۆ وات کرد؟ ئەمڕۆ دوا قەرزی خانووەکەم دا، کەچی ئەمڕۆ بەیەگجاری ماڵئاواییت لێ کردم. (*گریان هەوکی دەگرێ*) پاک بووینەوەو ڕزگار بووین. (*بەهێزتر ئاخ هەڵدەکێشێ و گەرووی دەکرێتەوە*) ڕزگاربووین... ڕزگاربووین.. (*بیف، لیندا هەڵدەستێنێتەوە سەر پێ و لەئامێزێی دەگرێ. ئینجا یەکسەر بۆلای دەستە ڕاست دەڕۆن. لیندا هێواشتر هەنسک دەدات. برناردو چارلی پێکەوە لەدوایان دەڕۆن. (هاپی) ش لەدوای هەمووان دەڕوات. لەسەر شانۆ تاریکەکە تەنها دەنگی شمشاڵ دێ، هەرکە قوڵەی نووکتیژی باڵەخانەکانی دەوروبەری خانووەکە بەناخی ئاسماندا هەڵدەچن*).

پەردە دادەدرێتەوە

کۆتایی



ئەم شانۆییە لەو کتێبە وەرگێڕدراوە:

Arthur Miller:
**Death of a Salesman**

***First Published in this edition in 1968.***
***Reprinted 1970, 1971, 1974.***

Heinemann Educational Books London
Copyrigt by Arthur Miller. 1949.